https://doi.org/10.54809/jkss.vi4.244

گۆڤاری کوردستانیی بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجیی

Copyright © Open access article with CC BY-NC-ND 4.0

# (وەرگرتن و بەکارهێنانی وشەی بیانیی پەیوەست بە راگەیاندن لە هەرێمی کوردستان دا - توێژینەوەیەکی مەیدانییە)

**م. هەژار خداداد حسن**

Hazhar.Khudadad@garmian.edu.krd

**پ.ی.د. یادگار عەلی محەمەد**

yadgarali@garmian.edu.krd

**زانکۆی گەرمیان - کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەت - بەشی زمانی کوردی**

**پوختە.**

ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە دەستنیشانکردنی تێڕوانینی رۆژنامەنووسان لە بارەی وەرگرتن و بەکارهێنانی وشەی بیانیی لە بواری پیشەکەیان، لەگەڵ گەیشتن بە هۆکار و پاڵنەرەکانی بەکارهێنانی وشەی بیانیی لە لایەن رۆژنامەنووسانەوە، هەروەها دەستنیشانکردنی لێکەوتەکانی بەکارهێنانی وشەی بیانیی لەسەر زمانی کوردیی پەیوەست بە راگەیاندنی کوردیی لە روانگەی پسپۆڕانی زمانی کوردیی. توێژینەوەکە لە جۆری توێژینەوە وەسفییەکانە و رێبازی رووپێوکاریی لە رێگەی دروستکردنی (دوو) فۆرمی راپێویی و دابەشکردنی بەسەر رۆژنامەنووسان کە ژمارەیان (٥٨) رۆژنامەنووسی دەزگاکانی راگەیاندن و پسپۆڕانی زمانی کوردیی کە ژمارەیان (٥٣) پسپۆری زمانی کوردییە لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستان پێکهاتووە. ئەم توێژینەوەیە بەچەند ئەنجامێکی زانستیی گەیشتووە: زۆرینەی رۆژنامەنووسانی هەرێمی کوردستان بەرێژەی (٤٨,٣٪)، پێیانوایە (بەڵێ) کارێکی باشە وشەی وەرگیراوی بیانیی لەمیانەی کارەکەیان بەکاربهێنرێت، بەڵام پلەی دووەمیان؛ بە رێژەی (٤٤,٨٪) بە (نەخێر) وەڵامیانداوەتەوە. لە بارەی لێکەوتەکانی ئەو دیاردەیە لەسەر زمانی کوردیی پسپۆڕانی زمانی کوردیی بەرێژەی (٤١,٥٪) بۆ هەریەك لە بژاردەکانی: (زۆر لەگەڵیدام) و (لەگەڵیدام)، باوەڕیان وەهایە کە وەرگرتن و بەکارهێنانی وشەی بیانیی لە بواری راگەیاندندا، بەبێ مەرج و پلانی زمانیی، کاریگەریی نەرێنیی لەسەر درووستبوونی زمانی ستانداردی کوردیی ئەبێت و رێژەی (٥٠,٩٪)شیان لەگەڵ ئەوەدان کە وەرگرتن و بەکارهێنانی وشەی بیانیی لە بواری راگەیاندن لەبری وشە پەتییە کوردییەکان، ئەگەرێکە بۆدرووستبوونی دووهێندەییکردنی وشە لە زمانی کوردییی و..هتد، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا؛ زۆرینەی پسپۆڕانی زمانی کوردیی لەگەڵ کرانەوەی زمانی کوردیین بەرووی وەرگرتنی وشەی بیانیی و بەکارهێنانی لە کاری رۆژنامەنووسیی دا، لە گرنگترین شێوازەکانی وەرگرتنیش، ئاماژەیان: بە پلەی یەکەم وەرگرتنی کوردییکراو بەرێژەی(٦٨,٨٪)، پاشان گۆڕینی وشەی وەرگیراو بەرێژەی(٤٧,٩٪) بە پلەی سێیەم وبەرێژەی (٢١,٧٪) شێوازی ئاوێتەکردنیان لاپەسەندە، بەڵام ژمارەیەکی کەمی پسپۆڕانی زمانی کوردیی بەرێژەی(١٠,٤٪) لەگەڵ وەرگرتنی وشەی بیانیی دەقاودەق و بێ دەستکارین.

**کلیلەوشەکان:وەرگرتنی وشە، بەکارهێنانی زمان،راگەیاندن، زمانی راگەیاندن، پەتییخوازیی زمانیی.**

Recieved: 8/3/2023
Accepted: 2/5/2023



E-ISSN: 2790525-X
P-ISSN: 27905268

## پێشەکیی

لەگـەڵ پێشـکەوتنە خێـراکان لـە بوارەکانـی زانسـت، تەکنەلۆژیـا و رۆشـنبیریی جیهانیـی بەتایبـەت لـە سـەدەی رابـردوودا، وشـەی زمانـی ئینگلیزیـی، بەشـێوەیەکی بەرچـاو هاتووەتـە نـاو زمانـی کوردیـی. پێـش ئـەو مێـژووەش هاتنەنـاوەوەی وشـەی زمانـی عەرەبیـی بـە هـۆکاری ئاییـن و سـنووری جوگرافیایـی روویـداوە. هەروەهـا وشـەی زمانەکانـی فارسـیی و تورکییـش دیسـانەوە بـە هـۆکاری نزیکایەتیـی جوگرافیایـی، راگەیانـدن، گەشـتوگوزار، ئاڵوگـۆڕی بازرگانیـی و ئابووریـی بەشـێوەیەکی بـەردەوام و لەسـەرخۆ هاتووەتـە نـاو زمانـی کوردیـی سـەرباری هاتنەنـاوەوەی چەندیـن وشـەی زمانـە بیانییەکانـی تریـش.

ئەکادیمیانـی کـورد لـە چۆنێتیـی هاتنەنـاوەوەی وشـەی زمانـە بیانییـەکان بـۆ ناوزمانـی کوردیـی لـە روانگـەی رێسـا زمانییـەکان کۆڵیونەتـەوە. بەشـێکیان مەترسـیی خۆیـان لـە بـارەی هاتنەنـاوەوەی وشـەی بیانیـی بـۆ نـاو زمانـی کوردیـی نەشـاردووەتەوە. هەندێکـی تریشـیان پێیانوایـە زمانـی کوردیـی توانـای وەرگرتـن و لەخۆگرتنـی هەندێـك وشـەی بیانیـی هەیـە و لەبـری ئـەوەی لاوازی بـکات، خزمـەت بەزمانەکـە ئـەکات و کۆمەڵێـك وشـەی نوێـی بـۆ زیادئـەکات. لەبەرئـەوەی هیـچ زمانێـك ناتوانێـت بەدوورەپەرێزانـە لـە زمانەکانـی تـر گەشـەبکات و لەسـەر هەمـوو زمانێـك پێویسـتە وشـە لـە زمانەکانـی تـر بەپێـی پێویسـتی بخوازێـت، بـە تایبـەت ئـەو وشـانەی پەیوەسـتن بـۆ کارلێـك لەگـەڵ رۆشـنبیرییەکانی تـر و، ئاڵوگـۆڕی رۆشـنبیرییش فاکتـەری سـەرەکیی گەشـەپێدانی کۆمەڵایەتییـە و، لەرێگەیـەوە کیانـە مەعریفییەکانـی تـر بەکۆمەڵگـە ئەناسـێنێت و زانسـتەکانیش بەشـدار ئەبـن لـە پرۆسـەی گەشـەپێدان.

راگەیاندنـەکان لـە هەرێمـی کوردسـتان لەرێگـەی بەرنامـە و بەرهەمـە میدیاییـە جۆراوجۆرەکانیـان چەندیـن وشـەیان لـە زمانـە بیانییـەکان وەرگرتـووە و لـە بەرهەمهێنانـی بابەتـە رۆژنامەنووسـییەکان کـە پێشـکەش بـە خەڵکـی کوردسـتانی ئەکـەن، بەکاریئەهێنـن. ئـەوەش بـووە بـە هـۆی ئـەوەی ئـەو وشـە نوێیـە وەرگیراوانـە بـبن بـە وشـەی سـەر زاری خەڵکانـی ئاسـایی و لـە کاروبـاری رۆژانـەی خۆیـان بـەکاری بهێنـن.

ئـەم توێژینـەوە مەیدانییـە لـە تێڕوانینـی خـودی رۆژنامەنووسـانی دەزگاکانـی راگەیانـدن لـە هەرێمـی کوردسـتان لـە بـارەی دیـاردەی وەرگرتـن و بەکارهێنانـی وشـەی بیانیـی پەیوەسـت بـە راگەیانـدن ئەکۆڵێتـەوە، رای پسـپۆرانی زمانـی کوردیـی زانکۆکانـی هەرێمـی کوردستانیشـی بـۆ زانیـن و دەرخسـتنی چەندیـن لایەنـی تـری دیاردەکـە وەرگرتـووە.

### باسی یەکەم: میتۆدنامەی توێژینەوە

کێشـەی توێژینەوە:کێشـەی سـەرەکیی ئـەم توێژینەوەیـە بریتییـە لـە: دەستنیشـانکردنی تێڕوانینـی رۆژنامەنووسـان لـە بـارەی وەرگرتـن و بەکارهێنانـی وشـەی بیانیـی لـە بـواری کارەکەیـان، هەروەهـا گەیشـتن بـە پاڵنـەر و هۆکارەکانـی پشـت ئـەو دیاردەیـە لـەلای رۆژنامەنووسـان. لەگـەڵ دەستنیشـانکردنی لێکەوتەکانـی بەکارهێنانـی وشـەی بیانیـی لەسـەر زمانـی کوردیـی پەیوەسـت بـە راگەیاندنـی کوردیـی و زانینـی تێڕوانینـی پسـپۆرانی زمانـی کوردیـی سـەبارەت بـە سیاسـەت و پلانـی زمانـی کوردیـی بـۆ پەیڕەوکردنـی پەتییخوازیـی زمانـی کوردیـی لـە دەزگاکانـی راگەیانـدن.

## توێژینەوەکانی پێشوو:

یەکەم:تێزی دکتۆرای (پێشکەوت مەجید محەمەد: ٢٠٢٢)، بە ناونیشانی: (خواستنی زمانی لە زمانی کوردیی دا - ژەهری زمانی وەک نموونە) ئەنجامیداوە، یەکێکە لە لێکۆڵینەوە وەسفییەکان و ڕێبازی (وەسفی شیکاری) بەکارهێناوە، ئەگەرچی ئەم توێژینەوەیە بە ڕێگای پرووپێویی ئەنجامنەدراوە، بەڵام گەیشتوە بە کۆمەڵێک ئەنجامی گرنگ، ئەوەندەی پەیوەندیی بە توێژینەوەکەی ئێمەوەبێت لێرەدا دەیانخەینەڕوو: زمانی کوردیی بە زۆری بە پاڵنەری پێویستی زمانی لەڕێگای (داهێنانی زانستیی، خوێندن، راگەیاندن..هتد)، وشەی خوازراوی بەبێ دەستکاریی و وەرگێڕانی لە زمانانی ترەوە وەرگرتووە، جەختئەکاتەوە کە وشەی خوازراو رۆڵی ئەرێنی و نەرێنی لەسەر زمانی کوردیی هەیە، لایەنە ئەرێنییەکەی ئەوەیە، وشە خوازراوەکان سەرەڕای ئەوەی بەشێکی گرنگی فەرهەنگی زمانی کوردیی پێکئەهێنن و بەشێکی پێویستییە زمانییەکانی ئاخێوەرانیان پڕکردۆتەوە، پێگەیەکی گرنگیشیان لە ناورێگاکانی دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگیدا هەیە، بەوەی بوونە بە بناغە بۆ سازکردنی چەندین وشەی نوێ. هەروەها پێیوایە وشەی خوازراو کۆمەڵێک لایەنی نەرێنییان لەسەر زمانی کوردیی هەیە، لەوانە: (پەکخستنی یاساکانی وشەسازکردن، پووکانەوەی وشە خۆماڵییەکان، دروستکردنی هاوواتای و هاوبێژی، ناسنامەی نەتەوەیی). لەگەڵ ئەوەش سەرەڕای رەنگدانەوەی ژەهری زمانیی، وەکو دزەکردنی دەنگ و مۆرفیم و یاسا وریسای زمانەکانی تر بۆ ناو زمانی کوردیی، بەڵام زمانەکە بە تەواوەتی ژەهراوینەبووە و تایبەتمەندییە زمانییەکانی خۆی پاراستووە و مۆرفیم و یاساکانی پەیڕەوئەکرێت.

دووەم:تێزی دکتۆرای (ئازاد عەزیز سلێمان: ٢٠٢٢)، لە ژێر ناونیشانی: (سیاسەت و پلانی زمان لە راگەیاندندا کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان لە هەرێمی کوردستان بە نموونە)، ئەم لێکۆڵینەوەیە بە ڕێگای چۆنایەتی و بەپێی ڕێبازی وەسفی شیکاری ئەنجامدراوە، هەندێک جار بە پێی پێویستی بابەتەکە سوود لەڕێبازی مێژوویش بینراوە، کۆمەڵگەی لێکۆڵینەوەکەی پێکهاتووە لە هەشت کەناڵی تەلەڤزیۆنی، نموونەکان بە (زاری ناوەڕاست) لە شێوازی نووسین و ئاخاوتنی پێشکەشکارانی هەواڵ و بەرنامەکان و ژێرنووسی شاشەکان وەگیراون و شیکراونەتەوە. گرنگترینی ئەو دەرئەنجامانەی پێیگەیشتووە، ئەمانەن: ئەگەرچی کەناڵە ئاسمانییەکانی هەرێمی کوردستان دەروازەیەکی گرنگن بۆ پاراستن و بڵاوکردنەوەی زمانی کوردیی و دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگەکەی، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بەشدارن لە رەواجدان بە چەندین وشەی بیانیی و گەردداركردنی پاراویی زمانی کوردیی. ئەم وشە بیانییانەش کە کەناڵە ئاسمانییەکان وەریانگرتوون و بەکاریئەهێنن، وەنەبێت هەموویان زاراوەی زانستین و زمانی کوردیی وشەی بەرانبەری نەبێت. جگە لەوە یەکخستنی زاراوە لە ناو کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان بەدیناکرێت، لەڕووی فەرهەنگیشەوە چاکسازیی زمانیی لە بەکارهێنانی هەندێک وشەدا کراوە، کە کاریگەریی نەرێنییان لەسەر باری دەروونیی مرۆڤ هەیە. کۆتا ئەنجامی گرنگ، نەبوونی لیژنەیەکی گشتیی لە پسپۆرانی زمانەوانیی بۆ چاودێریکردنی زمانی کەناڵەکان و نەبوونی لیژنەی تایبەتی هەڵەچنی زمانیی لە هەر کەناڵێکدا، ئەوانەی ئەو ئەرکەیان پێسپێردراوە، پسپۆر و شارەزای زمانەوانیی و زمانی کوردیی نین.

سێیەم: توێژینەوەی (سابیر حەسەنرەسووڵ: ٢٠٢٠)، بە ناونیشانی:(A Shift from Arabic to English: A New Trend in Using Loanwords in Kurdish Journalist Translation) بە واتا:(گۆڕان لە عەرەبییەوە بۆ

ئینگلیزیی: رەوتێکی نوێ لە بەکارهێنانی وشەخواستن لە وەرگێڕانی رۆژنامەوانیی کوردیی دا)، بەجێهێنراوە، توێژینەوەیەکە بە میتۆدی چۆنایەتیی و چەندایەتیی، بەرێگای رووپێویی جێبەجێکراوە، ئامادەکردنی فۆرمێکی راپێویی تایبەتکراو بۆ وەرگێری رۆژنامەوانیی کە لە بواری وەرگێڕانی ئینگلیزیی - کوردیی لە میدیای کوردیی دا کارئەکەن، فۆرمەکە لە (٤٥) رستەی کورتی ئینگلیزیی پێکهاتبوو، کە بەشێکی هەر رستەیەک وەرگێرراوە بۆ کوردیی، داوا لە بەرتوێژان کراوە (کە ژمارەیان ٢٠ وەرگێر بووە) بەشەکەی تری وەرگێڕانەکە تەواوبکەن بە هەمان ئەو شێوازەی کە لە دەزگا میدیایەکە وەرگێڕان ئەکەن. دەرئەنجامی توێژینەوەکە ئەو گریمانەیەی توێژەرانی پشتڕاستکردۆتەوە کە لە ڕابردوودا خواستنی وشەی عەرەبیی باوبووە، بەڵام لە ئیستادا رەوتێکی نوێ هەیە زیاتر مەیلیان بۆ وەرگرتن و بەکارهێنانی وشەی ئینگلیزییە. ئەو ئەنجامەی بە ئامار بەدەستهاتووە پێمانئەڵێت ئەو وشە خواستراوانەی کە لە لایەن رۆژنامەنووسانەوە لە وەرگێرانی رستەکان بەکارهێنراون (٥٤٪) وشەی خواستراوی ئینگلیزیین و (٥٪)ی وشەی خواستراوی عەرەبیین، ئەگەرچی وەلامی ئەو وشانەی کە دانرابوون رۆژنامەنووسان وەرگێڕانی بۆ بکەن، وەها گریمانە دەکرا رۆژنامەنووسان وشەی خواستراو بەکاربهێنن، بەڵام نزیکەی (٣٠٪)ی ئەو وشە خواستراوانەیان بەکارنەهێنا کە لە بەرامبەریان وشەی هاوتای کوردیی هەبوو، جگە لەوەش لە کاتی وەرگێران بە رێژەیەکی بەرچاو (١١٪) خۆیان لە وەرگێرانی وشە بە وشە و خواستنی وشە پاراستووە، لە بری ئەوانە سوودیان لە رێکارییەکانی تری وەرگێران بینیوە، وەکو هاوواتای نزیک(near-synonym)، گشتاندن(generalization) و فراوانکردن(expansion). هەروەها پشتبەست بە دەرئەنجامی توێژینەوەکە هانی وەرگێری رۆژنامەوانیی ئەدرێت لە بری خواستنی وشە، سوود لە وەرگێڕانی وشەیی ببینرێت.

چوارەم: توێژینەوەی (سالار فایەق مەجید: ٢٠١٨)، بە ناونیشانی: (وشە ئینگلیزییە بەکارهاتووەکان لە زمانی کوردیی دا)، ئەگەرچی توێژەر لە ناونیشانی توێژینەوەکەی دا دەستەواژەی (وشە ئینگلیزییە بەکارهاتووەکان) ی بەکارهێناوە، بەڵام لە ناوەرۆکی باسی تیۆری توێژینەوەکەی دا، دەستەواژەی (بەکارهێنانی وشەی بیانیی) بۆ هەمان واتا و مەبەستی زاراوەی (وەرگرتنی وشە)ی بەکاریهێناوە، لەم توێژینەوەیەدا؛ توێژەر بەشێک لە وشە ئینگلیزییە بەکارهاتووەکانی کۆکردۆتەوە، بەسەر سێ جۆر دابەشیکردوون، ئەوانیش: أ- وشە ئینگلیزییە بەکارهاتووەکان لە رووی جیاوازی و لێکچوون. ب- وشە ئینگلیزییە بەکارهاتووەکان کە لەبەرامبەریان وشەی کوردیی هەن. ج- وشە ئینگلیزییە بەکارهاتووەکان کە لەلایەن زمانەوانانی کوردەوە بەکارئەهێنرێن. وەکخۆی ئاماژەی پێکردوە، رێبازی پەسنی بەکارهێناوە. لە دیارترینی ئەو ئەنجامانەی توێژەر پێیگەیشتووە: زمانی کوردیی بە شێوەیەکی بەرچاو کەوتۆتە ژێر هەژموونی زمانی ئینگلیزییەوە، چی لە بواری گشتی و چی لە بواری تایبەتدا بێت وشە و زاراوە گەلیکی زۆری ئینگلیزیی هاتۆتە ناو زمانی کوردییەوە. هەروەها بەشێک لەو وشانەی لە زمانی ئینگلیزییەوە هاتوونەتە ناو زمانی کوردیی، لە بنچینەدا؛ بۆ هەمان واتا وشەی رەسەن لە ناو فەرهەنگی زمانی کوردیی دا بوونی هەیە، ئەم بەکارهێنانەش بە هۆکاری چاولێکەریی و خۆدەرخستنە. جگە لەم هۆکارە، بەشێک لە زمانناسان و رۆشنبیرانی کورد لە بوارە جیاجیاکانی مەعریفەدا پەنا بۆ وشە و زاراوەی ئینگلیزیی ئەبەن و دەیهێننە ناو زمانی کوردیی، وەک زاراوەی (میتۆد)، بە مەبەستی خۆ دوورخستنەوە لە نەپێکانی واتا و چەمکی زانستیيانەی ئەو دیاردانە

لەڕێـی وشـە و زاراوە کوردییەکانـەوە.

پێنجـەم: توێژینـەوەی (قەیـس کاکل تۆفیـق، بەحـری لەتیـف یەحیـا: ۲۰۱۸)، بـە ناونیشـانی: (پەتییخوازیـی لـە زمانـی کوردیـی دا)، کەرەسـتەی توێژینەوەکەیـان بریتیـی بـووە لـە نموونەبژێـری سـەرجەم ئـەو وتار و نووسـینانەی کـە لـە سـەرەتای سـەدەی بیسـتەمەوە تـا سـاڵی (۱۹۷۰) ئەگرێتـەوە کـە بەزمانـی کوردیـی لـە باشـووری کوردسـتان بەرهەمهاتـوون. ئەمـەش بـە ئامانجـی زانینـی کاریگەریـی ئـەو بزووتنـەوە پەتییخوازییەیـی زمانـی کوردیـی کـە لەو ماوەیـەدا سـەریهەڵداوە، هەروەهـا دەستنیشـانکردنی سـەرەتای رەوتـی پەتییخوازیـی و چۆنییەتیـی گەشـەکردنی هەتـا دەگاتـە لوتکـە. توێژینەوەکـە بـە چەنـد ئەنجامێـک گەشـتووە، لەوانـە: پەتییخوازیـی لـە زمانـی کوردیـی دا سـەرکەوتنی زۆری بەدەسـتهێناوە، بەپێـی ئـەو ئامـارەی بەدەسـتهاتووە، تاوەکـو سـاڵی (۱۹۷۰) دەگاتـە سـەرووی رێـژەی (٩٠٪)ی وشـەی پەتـی، گەرچـی لـە قۆناغەکانـی بـەر لـە سـەرهەڵدانی پەتییخوازیـی رێـژەی وشـەی پەتـی لـە خـوارووی (٥٠٪) بـووە. هەروەهـا ئـەم توێژینەوەیـە دەریئەخـات، کـە سـەرهەڵدانی پەتییخوازیـی، بـە دەرچوونـی یەکـەم ژمـارەی رۆژنامـەی (تێگەیشـتنی راسـتی) لـە سـاڵی (۱۹۱۸) دەسـتپێئەکات. هەروەهـا پێیوایـە قۆناغـی دووەمـی پەتییخوازیـی کـە لـە نـاوان سـاڵانی (۱۹۳۹-۱۹۵۸) ئەبێـت، سـیمایەکی تایبەتـی هەبـووە کـە جیائەکاتـەوە لـە هەوڵەکانـی پەتییخوازیـی بـەر لـەم ماوەیـەدا، ئەمـەش بـە هـۆی گرنگیـدان بـە وشـەی نوێـاو لـە شـێوەی دارشـتن و لیکـدان بـووە، ئیـتر لـەم قۆناغـەدا بـواری پێکهێنانـی وشـە و زاراوە لەسـەر بنەمایەکـی رێزمانـی بـووە بەبـاو. هەروەهـا دەستنیشـانی قۆناغـی سـێیەمی پەتییخوازیـی ئـەکات کـە لـە سـاڵی (۱۹۵۸-۱۹۷۰) و بـە قۆناغـی (جێگیربوونـی پەتییخوازیـی) نـاوی ئەبـات، بـە بـەراورد لەگـەڵ قۆناغەکانـی پێـش خـۆی لـە پرۆسـەی پاراوکـردن سـەرکەوتنی زیاتـری بەدەسـتهێناوە، لـەم ماوەیـەدا؛ پاراوکـردن هـەر تایبـەت نەبـوو بـە بوارێکـی ئەدەبـی، بەڵکـو بـواری زانسـتەکانی تریشـی گرتۆتـەوە. هەروەهـا ئـەم توێژینەوەیـە بەپێـی ئـەو ئامـارەی کـە لـەو ماوەیـە لـە بەردەسـتدابووە، گەشـتووە بـەو ئەنجامـەی کـە هەوڵەکانـی پاراوکردنـی زمانـی کوردیـی لـە بـواری پرۆگرامەکانـی خوێنـدن سـەرکەوتنێکی بەرچـاوی بەدەسـتهێناوە.

## ئامانجی توێژینەوە:

ئەم توێژینەوەیە هەوڵ بۆ گەیشتن بە چەندین ئامانج ئەدات، گرنگترینیان:

زانینـی رادەی بەکارهێنانـی وشـەی وەرگیـراوی بیانیـی لەکاتـی ئاخاوتـن و نووسـینی رۆژنامەنووسـیی لـەلای رۆژنامەنووسـان.

وەرگرتنـی رای رۆژنامەنووسـان لـە بـارەی پێڕەوکردنـی سیاسـەت و پلانێکـی زمانەوانیـی سـەبارەت بـە پەتییخوازیـی زمانـی کوردیی لـە دەزگا رۆژنامەنووسـییەکان.

ئاشـکراکردنی پاڵنـەر و هۆکارەکانـی بەکارهێنانـی وشـەی بیانیـی وەرگیـراو لـەلای رۆژنامەنووسـانی هەرێمـی کوردسـتان.

زانینـی لێکەوتەکانـی بەکارهێنانـی وشـەی بیانیـی لەسـەر زمانـی کوردیـی پەیوەسـت بـە راگەیاندنـی کوردیـی لـە روانگـەی پسـپۆرانی زمانـی کوردیـی.

خسـتنەڕووی تێڕوانینـی پسـپۆرانی زمانـی کوردیـی سـەبارەت بـە سیاسـەت و پلانی زمانـی کوردیی بـۆ پەیڕەوکردنی

پەتییخوازیی زمانی کوردیی لە دەزگاکانی ڕاگەیاندن.
زانینی تێڕوانینی پسپۆڕانی زمانی کوردیی لە بارەی شێوازەکانی کرانەوەی زمانی کوردیی بەرووی وەرگرتنی وشەی بیانیی و بەکارهێنانی لە کاری ڕۆژنامەنووسیی.

جۆر و ڕێبازی توێژینەوە: ئەم توێژینەوەیە لە جۆری توێژینەوە وەسفییەکانە و ڕێبازی ڕووپێوکاریی بۆ زانینی تێڕوانینی مشتەیەك لە ڕۆژنامەنووسان و پسپۆڕانی زمانی کوردیی لە بارەی دیاردەی وەرگرتن و بەکارهێنانی زمانی کوردیی لە ڕاگەیاندنەکان بەکارهێنراوە.
کۆمەڵ و نموونەپشکنینی توێژینەوە:کۆمەڵی توێژینەوە کە پێکهاتووە لە ڕۆژنامەنووسان و پسپۆڕانی زمانی کوردیی لە هەرێمی کوردستان. هەرچی نموونەپشکنینی توێژینەوەکەش لە (٥٨) ڕۆژنامەنووسی دەزگاکانی ڕاگەیاندن و (٥٣) پسپۆڕی زمانی کوردیی لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستان پێکهاتووە.

## سنووری توێژینەوە: لە چوار سنووری سەرەکیی پێکهاتووە:

سنووری کات: بریتییە لە مانگەکانی (تشرینی یەکەم و تشرینی دووەمی ٢٠٢٢) کە هاوکاتە لەگەڵ سەرەتای وەرزی نوێی پرۆگرامەکان لە زۆربەی دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن دا.
سنووری شوێن: بریتیە لە تەواوی زانکۆ حکومییەکانی پارێزگا و ئیدارەکانی: (هەولێر، سلێمانی، هەڵەبجە، ڕاپەڕین و گەرمیان).
سنووری مرۆیی: ڕۆژنامەنووسان و پسپۆڕانی زمانی کوردیی لە هەرێمی کوردستان.
سنووری بابەت: وەرگرتن و بەکارهێنانی وشەی بیانیی پەیوەست بە ڕاگەیاندن لە هەرێمی کوردستان.
زاراوەکانی توێژینەوە: توێژەران پشتبەستن بە ئەزموونی زانستیی و پیشەیی خۆیان لە بواری ڕاگەیاندن و زمان، هەروەها بە تێگەیشتن و لێکدانەوەیان بۆ ئەو ناساندنانەی لەڕێگەی سەرچاوە جیاجیاکان بۆ زاراوەکانی توێژینەوەکە کراون، لە خوارەوە بەشێوەیەکی کارەکی زاراوەکانیان ناساندووە.
وشەی بیانیی: بریتیە لە هەموو ئەو وشانەی کە بەهەر ڕێگەیەك لە ڕێگەکان و لە سەردەمێك لە سەردەمەکان بە هۆکارێکی تایبەت هاتووەتە ناو زمانی دایك و بنچینەی وشەکە بۆ زمانێکی تر لە دەرەوەی زمانی دایك ئەگەڕێتەوە، بۆ نموونە: ئەو وشانەی کە بنچینەکەیان ئینگلیزیی، عەرەبیی، فارسیی، تورکیی ..هتد، هاتوونەتە ناو زمانی کوردییەوە لە بوارێکی دیاریکراو بەکارئەهێنرێن.
وەرگرتنی وشەی بیانیی: بریتییە لە پرۆسەی هاتنەناوەوەی وشەی بیانیی و بەکارهێنانی لەلایەن ئاخێوەرانی زمانێکی ترەوە. لێرەدا مەبەست لە وەرگرتنی وشەی زمانە بیانییەکانە بۆ ناو زمانی کوردیی لە ڕێگەی ڕاگەیاندنەکان و بەکارهێنانیەتی لە لایەن ڕۆژنامەنووسان لە میانەی نووسین و ئاخاوتنی ڕۆژنامەنووسییان.
بەکارهێنانی وشەی بیانیی: بریتییە لە لایەنی بەکارهێنان و سوودوەرگرتن لەو وشە بیانییانەی کە بنچینەیان لە زمانی دایك نییە و لە ڕێگەی ڕاگەیاندن یاخود پێشکەوتنی زانست و تەکنەلۆژیا و بەریەککەوتنی ڕۆشنبیری و لایەنی شارستانی هاتوونەتە ناو زمانی دایك و بە مەبەستی جۆراوجۆر لە کات و شوێنی دیاریکراوی خۆیان بەکارئەهێنرێن.

هەرێمی کوردستان: بریتییە لە سنووری دەسەڵاتی حکومەتی هەرێمی کوردستان کە پێکهاتووە لە پارێزگاکانی هەولێر، سلێمانی، دهۆك و هەڵەبجە و هەموو ئەو پارێزگا و ناوچانەی کە لە دەستووری هەمیشەیی عێراق (٢٠٠٥)، بە ناوچە جێناکۆکەکان ناسراوە.

رۆژنامەنووسیی: بوارێکە لە بوارەکانی رۆشنبیری گشتیی. هەموو ئەوکارانە ئەگرێتەوە کە رۆژنامەنووس لە رێگەی ئامرازێکی راگەیاندن و لەپێناو ئامانجێکی دیاریکراو پراکتیزەی ئەکات.

رۆژنامەنووس: ئەو کەسەیە کە کاری رۆژنامەنووسیی لە رێگەی یەکێك لە ئامرازەکانی راگەیاندن بەجێی ئەهێنێت، کە بریتییە لە کۆکردنەوە و بڵاوکردنەوەی زانیاریی لە بارەی رووداوەکان.

## راستیی و جێگیریی توێژینەوە:

راستیی رواڵەتیی: بریتییە لە لایەنی هەڵسەنگاندنی پرسیارەکان و برگەکانی راپێوییینامەی توێژینەوەکە لە لایەن پسپۆران. بۆ ئەو مەبەستەش دوای درووستکردنی فۆرمێکی سەرەتایی لەلایەن توێژەران، پاشان تەوەری تایبەت بە رۆژنامەنووسان ئاراستەی ژمارەیەك پسپۆری بواری راگەیاندن١* و تەوەری تایبەت بە پسپۆرانی زمانی کوردییش ئاراستەی ژمارەیەك پسپۆری ئەو بوارە کرا٢* و لە پاش جێگیرکردنی سەرنج و تێبینیی هەڵسەنگێنەران، فۆرمەکە شێوەی کۆتایی وەرگرت.

جێگیریی توێژینەوە: دوای وەرگرتنی شێوەی کۆتایی، توێژەران فۆرمی راپێوییینامەکەیان بەسەر (١٠) بەرتوێژ لە رۆژنامەنووسان و (١٠) بەرتوێژ لە پسپۆرانی زمانی کوردیی دابەشکرد، پاش دوو هەفتە هەمان پرۆسەیان لەگەڵ ئەو بەرتوێژانە ئەنجامدایەوە و بە بەکارهێنانی (هاوکێشەی هۆڵستی) بۆیان دەرکەوت کە رادەی جێگیریی بۆ راپێویی یەکەمیان بریتییە لە (٨١,٣٪) و بۆ راپێوییینامەی تایبەت بە پسپۆرانی زمانی کوردییش، بریتییە لە (٧٨,٣٪).

## باسی دووەم: تیۆرینامەی توێژینەوە

وەرگرتنی کەرەستەی زمانیی (Borrowing Linguistics Elements)

زمان چالاکییەکی کۆمەڵایەتییە، هۆکارێکی گرنگی پەیوەندییکردنە، مرۆڤ بۆ گەیاندنی پەیام و هزروبیر و دەربڕینی هەست و سۆزەکانی لە چوارچێوەی کۆمەڵگە بەکاریئەهێنێت، لە هەمووزمانەکانی جیهاندا، لە ئەنجامی پەیوەندیی و بەریەککەوتن و تێکەڵیی ناوان کۆمەڵگە و نەتەوە جیاوازەکان، بە گەلێک هۆکاری جۆراوجۆری کۆمەڵایەتیی، رۆشنبیریی و زانستیی، رامیاریی، ئایینیی، بازرگانیی، راگەیاندن...هتد،

١ *ناوی پسپۆران تایبەت بە هەڵسەنگاندنیراپێوینامەی تایبەت بەرۆژنامەنووسان، بەپێی پلەی زانستییان:
١- پ.د هێرشرەسوول موراد- پسپۆریرۆژنامە- زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی- کۆلێجی تەکنیکی کارگێڕیی - بەشی پەیوەندییەگشتییەکان و بازاڕگەریی.
٢- پ.ی.د فوئاد عەلی ئەحمەد- پسپۆریرۆژنامە - زانکۆی سلێمانی-کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان - بەشی راگەیاندن.
٣- پ.ی.درێەر گۆران مستەفا- پسپۆریرادیۆ و تەلەڤزیۆن- پۆلیتەکنیکی سلێمانی- کۆلێجی تەکنیکی کارگێڕیی- بەشی تەکنیکی میدیا.
٢ *ناوی پسپۆران تایبەت بە هەڵسەنگاندنیراپێوینامەی تایبەت بە پسپۆرانی زمانی کوردیی، بەپێی پلەی زانستییان:
١- پ.د عەبدولجەبار مستەفا مەعروف- پسپۆری زمان - زانکۆی سلێمانی- کۆلێژی زمان - بەشی زمانی کوردیی.
٢- پ.د ئومێد بەرزان برزۆ- پسپۆری زمان - زانکۆی گەرمیان - کۆلێجی پەروەردە - بەشی زمانی کوردیی.
٣- پ.د دارا حەمید محمد- پسپۆری زمان - زانکۆی گەرمیان - کۆلێجی پەروەردە - بەشی زمانی کوردیی.
٤- پ.ی.د تریفە عومەر ئەحمەد- پسپۆری زمان - زانکۆی سلێمانی- کۆلێجی زمان - بەشی وەرگێڕان.
٥- د. پێشکەوت مەجید محەمەد- پسپۆری زمان - بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی گەرمیان - پەروەردەی کەلار.

هەروەها بەهۆی جیهانگیریی و پێشکەوتنی تەکنەلۆجیا (ئینتەرنێت، مۆبایلی زیرەک، ماڵپەر و تۆرە کۆمەڵایەتییەکان)، کە رۆڵێکی گەورە و کاریگەرییان بینیوە لە رادەی ئەو نزیکبوونەوە و تێکەڵاوییەی نێوان کۆمەڵگەکان، کاریگەریی و پێکاریگەربوونی ئەم کۆمەڵگەیانە بەیەکترەوە، رەنگدانەوەی لەسەر خودی زمانەکانیان هەبووە، لە ئەنجامی ئەو کارلیککردنەشدا؛ ئاڵوگۆڕی وشە و زاراوە و چەمک و بیرۆکە و چەندین کەرەستەی تری زمانی لە ناوان زمانەکاندا هاتۆتەئاراوە، هەر زمانێکیش بە رادەی جیاواز کەرەستەی لە زمانەکانی ترەوە وەرگرتووە و بەخشیوە، دیارە زمانی کوردییش لەم دیاردەیە بێ کاریگەریی و بێبەش نەبووە، چونکە (مرۆڤ لە دەوروبەر دابڕاو نییە، وەک بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتیی، هەوڵیداوە لەگەڵ ئەو دەوروبەرەدا لە پەیوەندییدا بێت، لەم تێکەڵیی و پەیوەندییەدا لە هەموو بوارێکی ژیاندا کەرەستەی بەخشیوە و لە بەرامبەریشدا کەرەستەی وەرگرتووە، هەندێکجار بووەتەهۆی بەرەوپێشچوونی زمانەکە و هەندێجاریش تێکدانی یاساکانی و شێواندنی). (تابان محەمەد سەعید: ٢٠٠٨، ٢٠).

پێواژۆی وەرگرتن (خواستن)ی کەرەستەی بیانیی لە زمانی بەخشەرەوە (donor language ) بۆ ناو زمانی وەرگر (recipient language)هەموو یەکە و دانەکانی زمان ئەگرێتەوە لە بچوکترین کەرەستەی زمانی، کە دەنگە، هەتا گەورەترین کەرەستەی زمانی کەرەستەیە، لەمبارەیەوە (کریسین) ئەڵێت: «چەمکی خواستن پرۆسەی گواستنەوەی ئێلمێنتی جۆراوجۆری زمانێکە بۆ یەکێکی تر، مەبەست لە ئیلمێنتی جۆراوجۆر، (دانە جیاوازەکانی ئاستەکانی زمان و ستراکچەری، وەک: فۆنۆلۆژیی، مۆرفۆلۆژیی، سینتاکس، لێکسێک، سیمانتیکە». وەرگیراوە لە (فاروق عومەر سدیق: ٢٠٢٠، ٣٣-٣٤). رێژەی وەرگرتنی ئەم کەرەستە زمانییانە لە زمانی کوردیی دا چونییەک نین، ئەوەندەی تێبینی ئەکرێت (وشەی فەرهەنگیی) زیاتر وەرگیراون بە بەراورد بە کەرەستەکانی، وەکو: (فۆنیم، فرێز و رستە)، لەم بارەیەوە محەمەد مەحوی، ئەڵێت: زمانی کوردیی هێندە وشەی زۆری لە زمانانی زۆرەوە وەرگرتووە، کە گرانە قسەکەرێک بتوانێت بەبێ بەکارهێنانی وشەی وەرگیراو، هیچ شتێک بڵێت. (محەمەدمەحوی: ٢٠٢١، ١٠٧). بۆیە لەم توێژینەوەیەدا تیشک خراوەتەسەر لایەنێکی وەرگرتنی کەرەستەی زمانیی بیانیی کە ئەویش (وەرگرتنی وشە) یاخود (خواستنی وشە)یە.

وەرگرتنی وشە (Borrowing word)

## چەمک و ناساندن:

لە سەرچاوە زانستییەکانی زمانی کوردیی دا زاراوەیەکی گشتگیر و یەکلاکەرەوە بۆ چەمکی (وەرگرتنی وشە) بەدیناکرێت کە هەموو زمانەوانان لەسەری رێککەوتبن، بەڵکو گەلێک زاراوەی فرەچەشنی وەکو: (وشەوەرگرتن، خواستنی وشە، وشەخواستن، وشەقەرزکردن، قەرزی وشە، وشەی خواستراو، وشەی خوازراو، بەکارهێنانی وشەی بیانیی) بەرچاو ئەکەون، ئەگەرچیی فرەچەشنیی ئەم زاراوانە لە ناساندن و تێگەیشتن لە چەمکی (وەرگرتنی وشە) زیاتر تووشی ئاڵۆزیی و تەمومژمان ئەکات، بەتایبەتی کاتێک رێمانئەکەوێت بە پێواژۆ و شێوازەکانی وەرگرتنی وشە، مرۆڤ هەست بە جۆرێک لە تێکەڵیی لە ناوان ئەم زاراوانە ئەکات، لەگەڵ ئەوەشدا؛ کۆدەنگییەکی گشتیی لە لایەن زمانەوانانی کوردەوە بۆ ئەم چەمکە هەیە، کە پێیانوایە: (وەرگرتنی وشە) هەڵگرتنەوە و گواستنەوەی وشەی فەرهەنگییە لە زمانێکەوە (زمانی سەرچاوە - زمانی

بەخشـەر) بـۆ نـاو زمانێکـی تـر (زمانـی وەرگـر).

ئـەم تێکەڵیـی و ئاڵۆزبوونـە لـە رووی زاراوەسـازییەوە سـەبارەت بـە وەرگرتنـی وشـە تەنهـا لـە زمانـی کوردییـدا نییـە، بەڵکـو لـە زمانـی ئینگلیزییـش لـە نـاوان زاراوەی (Borrowing) و (Loanword) جۆرێـک لـە تێکەڵیـی و ئاڵۆزیـی بەدیئەکرێـت، هەندێـک لـە زمانەوانانـی، وەکـو: تۆمسـۆن و کاوفـمان (Thomson and Kaufman: ١٩٨٨, ٣٧)، هودسـۆن (Hudson: ٢٠٠٠ ،٢٤٦)، کۆرنـۆ (Curnow) ٤١٣ :٢٠٠١, بـە هاوواتـای یەکتریـان ئەزانـن، کـە مەبەسـت لـە چەمکـی ئـەم زاراوانـە هاوردەکردنـی وشـەی فەرهەنگییـە لـە زمانێکـەوە و بەکارهێنانیان لـە زمانێکی تـردا، بـەڵام هەندێـک زمانەوانـی تـر، وەکـوو: هاوجـن (Haugen) :١٩٥٠, ٢١٣-٢١٥) پێـواژۆی (Borrowing)ی بـۆ سـێ جـۆری جیـاواز دابەشـکردووە، وەکـوو:(Loan shifts) ،(Loanwords)،

(Loan blends)، ئەمـەش ئـەوە دەرئەخـات کـە (هاوجـن) زاراوەی (Loanword)، وەک جۆرێکـی تایبەتـی لـە جۆرەکانـی (Borrowing) تەماشـا ئـەکات، نـەک وەک زاراوەیەکـی هاوواتـا مامەڵەیـان لەگـەڵ بـکات. (Dashne Azad: ٢٠١٧, ٤٤).

لـە زمانـی کوردییشـدا، نزیـک لـەم دیدگایـە، محەمـەد مەحـوی، پێیوایـە: (وشـەی وەرگیـراو) دوو جـۆری جیـاواز لەخـۆ ئەگرێـت، ئەوانیـش: ( وشـەی بیانیـی-loanword ) و (وشـەی خواسـتراو-Entlehung - borrowing word) (محەمـەدی مەحـوی: ٢٠٢١: ١٢٠-١٢٢). هەروەهـا لـە توێژینەوەیەکـی تریـدا ئامـاژە بەوەکـراوە: پرۆسـەی وەرگرتنـی وشـە لـە زمانێکـی تـرەوە، دووجـۆری لـێ ئەبێتـەوە، یەکەمیـان؛ خواسـتنی وشـەی بیگانـە (Borrowing) و دووەمیـان؛ قەرزکردنـی وشـەی بێگانـە (loanword). (محەمـەد مەجیـد سـەعید: ٢٠١٥، ١٢٧).

ئەگـەر سـەرنج لـەو زاراوانـەی سـەرەوە بەیـن ئـەوا هەسـتئەکەین جۆرێـک لـە تێکەڵیـی و ئاڵۆزیـی لـە نـاوان زاراوەکان هەیـە، بـۆ نموونـە: هەندێجـار لـە بەرامبـەر زاراوەی (وەرگرتنـی وشـە)، زاراوەی (خواسـتنی وشـە) بەکارهێـنراوە، هەندێکجـار ئـەم زاراوەیـە بـۆ جۆرێـک لـە جۆرەکانـی وەرگرتنـی وشـە بەکارهێـنراوە. هەروەهـا لـە هەندێـک توێژینـەوە لـە بەرامبـەر زاراوەی (وەرگرتنـی وشـە)، زاراوەی (قـەرزی وشـە) بەکارهێـنراوە، کەچـی ئەبینـی لـە هەندێـک توێژینـەوەی تـر، قـەرزی وشـەی بـۆ جۆرێـک لـە جۆرەکانـی وەرگرتنـی وشـە بەکارهێـنراوە. بۆیـە لـەم توێژینـەوەدا توێـژەران (وەرگرتنـی وشـەی بیانیی)یـان بـۆ ناونیشـانی توێژینەوەکـە لاپەسـەندترە، چونکـە پێیانوایـە کـە لـە رووی زاراوەسـازییەوە زاراوەی (وەرگرتنـی وشـە) هەڵگـری چەمکێکـە کـە ئەتوانێـت گوزارشـت لـە پێـواژۆ و جـۆر و شـێوازەکانی هاوردەکـردن یاخـود خواسـتنی وشـە لـە زمانێکـی تـرەوە بگرێتەخـۆ، ئـەو زمانـەش کـە وشـەکەی لـێ وەرئەگیرێـت، زمانێکـی بیانییـە، بۆیـە دەسـتەواژەی (وەرگرتنـی وشـەی بیانیـی) کراوەتـە ناونیشـانی توێژینەوەکـە. دیـارە مەبەسـت لـە وشـەی بیانیـی تـەواوی ئـەو وشـانە ئەگرێتـەوە کـە بـە شـێوەی راسـتەوخۆ یاخـود بەشـێوەی ناراسـتەوخۆ خزاونەتـە نـاو زمانـی کوردییـەوە. مەبەسـت لـە زاراوەی راسـتەوخۆ، ئـەو وشـە وەرگیراوانـە ئەگرێتـەوە کـە راسـتەوخۆ لـە زمانێکـەوە هـاوردەی زمانـی کوردیـی ئەکرێـت، کـە خاوەنداریەتیـی وشـەکە بـۆ خـودی زمانـە بەخشـەرەکە ئەگەڕێتـەوە، بـۆ نموونـە وشـەی (تـەڵاق) لـە وشـەی (طلاق) ی زمانـی عەرەبییـەوە وەرگیـراوە، یاخـود وشـەی (کۆنـترۆڵ) لـە وشـەی (control)ی زمانـی ئینگلیزییـەوە وەرگیـراوە، بـەڵام وەرگرتنـی وشـە بەشـێوەی ناراسـتەوخۆ، ئـەو وشـانە ئەگرێتـەوە کـە زمانـی کوردیـی لـە زمانێکـی تـرەوە وەریگرتـوون، ئـەم زمانـەش لـە رێگـەی زمانێـک یـان چەنـد زمانێکـی تـرەوە ئـەو وشـانەی هاوردەکـردوە،

واتا خاوەنداری رەسەنی وشەکان بۆ زمانە بەخشەرەکە ناگەڕێتەوە، بەڵکو بۆ ئەو زمانانە ئەگەڕێتەوە کە زمانە بەخشەرەکە لێی وەرگرتوون، لە کاتی پێواژۆی گواستنەوەی وشەکان لە ناوان زمانەکاندا، وشەکان تووشی گۆران ئەبن و ئەکەونە ژێر کاریگەریی فۆنۆتاکتیکی زمانە وەرگرەکە، بۆ نموونە: وشەی تورکیی (کەهڤە- kahveh) کە نەتەوەی تورک لەوشەی (قهوة - گەهوە -qahwa ) زمانی عەرەبییان وەرگرتووە، پاشتر رۆشتۆتە ناو زمانی ئەڵمانیی و بووە بە (کۆفی - koffie) لە کۆتاییدا رۆشتۆتە ناو زمانی ئینگلییزیی بووە بە (coffee). saad salem alshamrani :٢٠١٧ ,١٥)) ، بەڵام لە زمانی کوردیدا هەردوو وشەی (قاوە) ی زمانی عەرەبیی و (کۆفی) زمانی ئینگلییزیی بەکارئەهێنرێت ئەمەش بە گەلێک هۆکاری زمانیی و نا-زمانیی، زمانی کوردیی زۆرترین وشەی وەرگیراوی لەم دوو زمانە وەرگرتووە، کەمتر لە زمانەکانی تری، وەکوو تورکیی و فارسیی...هتد.

لە باشووری کوردستان لە پێش راپەڕینی ساڵی (١٩٩١) و درووستبوونی حکومەتی هەریمی کوردستان لە ساڵی (١٩٩٢) بەهۆی باڵادەستیی حکومەتە یەک لە دوای یەکەکانی عیراق لە ناوچەکە، بە زۆر رێگەی جیاوازی، وەکو کارگێڕیی، سەربازیی، رۆشنبیریی، ئایینیی و پەروەردە و خوێندن ..هتد، زمانی عەرەبییان سەپاند بە سەر خەڵکی باشوری کوردستان، سەرەنجام سەدان وشە و دەستەواژەی زمانی عەرەبیی خۆی خزاندۆتە ناو زمانی کوردیی، بەڵام پاشتر، بەتایبەتی پاش داگیرکردنی عێراق لەساڵی (٢٠٠٥)، بەهۆی کرانەوەی دەرگای هەرێمی کوردستان بە رووی وڵاتانی رۆژئاوا و گەڕانەوەی کۆچبەرانی کورد لەو وڵاتانە، هەروەها دامەزراندنی دەیان کۆمپانیای بیانیی کە زمانی ئینگلییزییان کردووە بە مەرج بۆ رەخساندنی هەلی کار، کردنەوەی چەندین زانکۆ و باخچەی ساوایان و خوێندنگە تایبەت کە زمانی خوێندن لەم ناوەندانە بە زمانی ئینگلییزییە، بەدەر لەوەی زمانی ئینگلیزیی بەهۆی جیهانگیریی و تەکنەلۆجیا و بازرگانیی و زانستیی بە سەرانسەری جیهاندا بڵاوبۆتەوە و بەکارهێنەری لە ناو هەموو کۆمەڵگە و میللەتە جیاوازەکانەوە بەدیئەکرێت. هەروەها ئاخێوەرانی زمانی کوردیی مەیل و تێڕوانینێکی ئەرێنییان بۆزمانی ئینگلییزیی هەیە، بەهۆی ئایدۆلۆژیا و هەستی نەتەوەخوازییان بەرامبەر بە نەتەوە و زمانی عەرەبیی، هەوڵیانداوە وشە عەرەبییەکان بە وشەی زمانی ئینگلییزیی بگۆڕنەوە، هەر بۆیە لەم سەردەمەدا؛ لە زمانی کوردییدا رێژەی وەرگرتن و بەکارهێنانی وشە و زاراوەی زمانی ئینگلییزیی زیاترە بە بەراورد بە زمانی عەرەبیی، ئەم بۆچوونەش لە توێژینەوەکەی (سابیر حەسەن رۆستەم) پشتڕاستکراوەتەوە.(بروانە توێژینەوەکەی کە لە بڕگەی توێژینەوەکانی پێشوو ئاماژەی پێدراوە). هەر بۆیە لە بەشی تیۆریی توێژینەوەکە بۆ پەسنکردن و شیکردنەوەی دیاردەی وشەی وەرگیراو لە زمانی کوردیی دا، زیاتر جەختکراوەتەوە لە وشە فەرهەنگییەکانی زمانی ئینگلییزیی و عەرەبیی، بەتایبەتتر زمانی ئینگلییزیی.

دیاردەی وەرگرتنی وشە لە ناوان زمانەکاندا دیاردەیەکی باو و تەندرووستیی و جیهانییە، لە هەموو زمانێکدا بە رێژە و جۆری جیاواز کەرەستەی زمانیی وەرئەگرێت و ئەبەخشێت. (Haspelmath& Tadmor: ٢٠٠٩, ٥٥)،هەندێک کۆمەڵگە دەروازەی زمانەکەیان بە رووی وشەی وەرگیراو واڵاکردوە و بە دیاردەیەکی زمانەوانیی ئاسایی و ئەرێنی ئەیبینن، بە پێچەوانەوە هەندێک کۆمەڵگەیتر تێڕوانینێکی نەرێنییان سەبارەت بە وشەی وەرگیراو هەیە و بە پێویستی ئەزانن، کە ئەبێترێگریی لە وشەی هاوردەکراو بکرێت یاخود

سنووردارکردنی وشەی وەرگیراو بکرێت، چونکە بە چاوێکی ئایدۆلۆژیای نەتەوەخوازانە ئەڕواننە پرسی وەرگرتنی وشە و بەمەترسی ئەزانن بۆ سەر زمان و کەلتوور و ناسنامەی نەتەوەییان، هەر بۆ نموونە: گرتنەبەری رێوشوێنی ئەکادیمیایی زمانەوانیی فەرەنسییە بۆ پاراستن و دوورخستنەوەی زمانی فەرەنسایی لە وەرگرتنی کەرەستەی زمانی ئینگلیزیی، ئەم دەزگایە هەوڵیدا لە کاتی وەرگرتنی وشەی ئینگلیزییرەچاوی سیستەمی وشەسازیی و رێنووسی زمانی فەرەنسایی بکات. (Saad Salem Alshamrani: ٢٠١٧,١٧: وەرگیراوە لە McMahon: ١٩٩٤) لە زمانەوانییدا، ئەم رێگریی و بژارکردن و سنووردارکردنەی وەرگرتنی کەرەستەی زمانی بیانیی لە زمانی بەخشەرەوە بۆ ناو زمانی وەرگر بە (پەتییخوازیی - Purism) ناسراوە.

## پەتییخوازیی زمانیی (language purism)

## چەمک و پێناسە

لە زمانی کوردیی دا هاوشانی زاراوەی (پەتییخوازیی) چەندین زاراوەی تری، وەک: (پەتیی، پەتیگەریی، پەتێتیی، پاکسازیی، پاکگەرایی، پاکیزەیی، پاراوکردن) بۆ هەمان واتاو مەبەست (چەمک) بەکارهێنراون، لە زمانی ئینگلیزییش؛ زاراوەکانی (purism, purification) و لە زمانی عەرەبییش زاراوەی (نقاء اللغة) بەکارئەهێنرێت. دیارە «پەتییخوازیی زمانیی تا رادەیەکی زۆر دیاردەیەکی جیهانییە و، لە زۆربەی کاتەکان و زۆربەی شوێنەکان بینراوە، ئەم رەوتە زۆرتر لە هەموو شوێنێکی تر لە ناو ئەو خەڵک و نەتەوانەدا بینراوە و ئەبیندرێت ، کە یان خاوەنی جووڵانەوەی ناسیۆنالستیین یان دەوڵەت-نەتەوەکەیان تازە دامەزراوە» (جەعفەر شێخولئیسلامی: ٢٠٢٢، ٢٢٣)

سەبارەت بە پێناسەکردنی پەتییخوازیی زمانیی، کە تێگەیەکی ئالۆزە و پێناسەکردنی زوو بەدەستەوە نایەت، ئەمەش بە هۆکاری رێکنەکەوتنی زمانەوانانەوە کە چیی بە پەتییخوازیی ئەژماربکرێت و چ شتێک نا، لەسەر ئەم پرسە جۆرێک لە دابەشبوون لە ناوان زمانەوانانددا هەیە، بەشێکیان پێیانوایە، پەتییخوازیی زمانیی ئەو هەوڵەیە کە بۆ پاراستنی زمان لە کەرەستەی نەخوازراو و ناپێویستی زمانی بیانیی ئەدرێت، هەروەها پێویستە زمان پشت بە بەرهەمهێنانی کەرەستە زمانییەکانی خۆی ببەستێت و کەمتر بە زمانی بیانیی، کە ئەمەش بە پەتییخوزیی نوێخوازیی (مۆدێرن) ناوئەبرێت، هەندێکی تر زۆر بە توندیی پەتییخوازیی زمانیی ئەناسێنن و پێیانوایە، ئەو بیروباوەڕەیە یاخود ئەو هەوڵەیە کە بۆ پاڵاوتن و دەرپەڕاندنی کەرەستە زمانییە بیانییەکان ئەدرێت، کە ئەمەش زۆرجار بە (پەتییخوازیی تۆخ) ناوئەبرێت. لە خوارەوە هەندیک لەو پێناسانەی بۆ پەتییخوازیی لە لایەن زمانەوانانەوە کراوە، وەرئەگرین، لەوانە:

(تراسک) پێناسەی پەتییخوازیی بەم شێوەیە ئەکات، ئەڵێت: «پەتییخوازیی ئەو بیروباوەڕەیە، کە پێیوایە، وشەکان (و تایبەتمەندیی و پێکهاتەکانی تری زمان) کە لە رەچەڵەکدا بیانیین، جۆرێکن لە پیسبوون و زمانی پاک لەکەدار ئەکەن».)١٦٩, ١٩٩٩: Trask).

هاوشێوە یاخود نزیک لە پیناسەکەی تراسک، (کەپلان و باڵدۆف) بەم شێوازە پێناسەی پەتییخوازیی زمانیی ئەکەن، ئەڵێن: «پەتییخوازیی زمانیی، ئامانجی پاراستنی زمان و پاککردنەوەی زمانە لە وشە و دەستەواژەی نامۆ و بیانیی وەرگیراو، یاخود پاڵاوتن و پاکڕاگرتنی سیستەمی زمانە لە هەموو پێکهاتە زمانەوانییە

بیانییـەکان». (kaplan and Baldouf: ١٩٩٧,٣٨ وەرگیـراوە لـە: ئـازاد عزیـز، ٢٠٢٢، ٢٠٢).

زمانەوانیکـی تـر کـە پێناسـەی پەتییخوازیـی کـردوە، (جـۆرج تۆماس)ـە کـە بـە شـیوازیکی بەرفراونـتر ئەڕوانێتـە پەتییخوازیـی، وەک بەشـێک لـە پێـواژۆی زمانی سـتاندارد و گەشـەی زمانی تەماشـای ئـەکات، ئەڵێـت: پەتییخوازیی دەرخسـتنی حـەز و ئـارەزووە بـۆ لایەنـی ئاخاوتنـی کۆمەڵگـە (یـا چەنـد بەشـێکی) بـە مەبەسـتی پاراسـتنی زمـان یـا رزگاربوونـی لـە کەرەسـتە بیانییـە سـەپێنراو/ بـاوەکان کـە نەخـوازراو و نەویسـتراون (بـە ئەوانەیشـەوە کـە رەچەڵەکیـان بـۆ زارەکان، جۆراوجۆرییـە زمانییـە کۆمەڵایەتییـەکان و شـێوازە زمانییەکانـی هەمـان زمـان، سـەرچاوەیان گرتـووە). رەنگـە پەتییخوازیـی هەمـوو کەرەسـتە زمانییـەکان لەسـەرجەم ئاسـتەکانی زمانەوانیـی بگرێتـەوە، بەتایبەتـی وشـەی فەرهەنگیـی. لەسـەرووی تـەواوی ئەمانەیشـەوە، پەتییخوازیـی رەهەندێکـی یەکخسـتن و کۆدکردنـە، گەشـە و پەرەسـەندنی زمـان و پلانی زمانـە سـتانداردەکانە. (George Thomas :١٢,١٩٩١).

دوای سـەرنجدان لـەو پێناسـانە، تارادەیـەک جۆرێـک لـە هاودیدیـی لـە نـاوان زمانەوانـان سـەبارەت بـە چییەتیـی پەتییخوازیـی زمانیـی بەدیئەکرێـت، کـە ئـەو بزوتنەوەیـە یاخـود ئـەو بیروباوەرەیـە کـە ئامانجـی پاراسـتن و پاکڕاگرتنـی سیسـتەمی زمانـە لـە بژارکـردن و دەرپەڕاندنـی کەرەسـتە زمانییـە بیانییـەکان، بەتایبەتـی وشـەی فەرهەنگیـی، کـە ئەمـەش بـە تێڕوانینـی هەندێـک لـە زمانەوانانـی، وەکـوو (جەعفـەر شێخولئیسـلامی)، پەتیگەریی هـەرە تۆخـە، پەتیگەریـی سـەرەڕۆیانە ئەتوانێـت زمـان لـەلای خەڵـک نامـۆ بـکات و زیانێکـی گـەورە بـە زمانەکـە بگەیەنێـت، چونکـە ئەگـەر هاتـوو وشـە بیانییـەکان هەمـوو دەربهێنیـن، لـە دەستیشـمان نەیـەت جێگەیـان بـە وشـەی نوێـی داتـاشراو و پەسـەندکراو پڕبکەینـەوە، لەوانەیـە زمانەکەمـان لەدەربڕینـی بیـری نـوێ و هـزری قووڵـدا دەستەوەسـتان بمێنێتـەوە. بـۆ نموونـە فەرهەنگیکوردیـی هەیـە لـە باتـی سـێ وشـەی عەرەبیـی یـەک وشـەی ‹یاسـا›ی دانـاوە: قاعـدە، مقـررات، قانـون. ئەمـە بـێ دەسـەڵاتکردنی زمانـە، چونکـە واتـای هـەر کام لـەم سـێ وشـەیە جیـاوازە. هـەر بۆیـە، هاوواتـای جیـاواز بـۆ هەرسـێ وشـەکە لـە عەرەبیـی، ئینگلیزیـی، فەرەنسـایی و....هتـددا هەیـە، تەنانـەت فارسـەکان هـەر سـێ وشـە عەرەبییەکـەی هەڵگرتۆوەتـەوە و کەڵکیـان لێوەرئەگرێـت.

ئەگـەر لـە زمانێکـدا چەنـد واتـای ئـاوا تەکنیکیـی و هەسـتیار هـەر بـە یـەک وشـە دەربڕیـن، زمانەکـە بێهێـز ئەکەیـن ، کـە زمانیـش کەمهێزبـوو، بیرکردنـەوە بـەو جـۆرە بـڕ نـاکات کـە ئەبێـت بـیکات، بیرکردنـەوەی قـووڵ بە زمانـی دەسـتبڵاو و بـە بڕشـت ئەکرێـت ، هەتـا وشـە و بڕسـتی دەربڕینـی زمانێـک بەرتەسـکتر بێـت، بیرکردنـەوە پێـی تەنگـتر و نزمـتر ئەبێـت. (جەعفـەر شێخولئیسـلامی: ٢٠٢٢، ٢٢٤).

هەروەهـا فیگۆرۆڤسـکی «رای وایـە کـە پڕکردنـی بـی سـنوور و حسـابی زمـان بـە وشـەی قەرزکـراو (وەرگرتنـی وشـە) کـە پێویسـتیش نەبـن، هەڵەیەکـی گەورەیـە، بـەڵام لـەوەش، هەڵەتـر (پۆریـزم)ە، واتـە تەڵاشـکردن بـۆ لابـردن و دەرپەڕاندنـی وشـە، قەرزکراوەکانـە. هەروەهـا پێـی وایـە، ئەگـەر نەتوانـرا، بەکەرەسـتەی زمانەکـە خـۆی لـە بابەتـی ئـەوان، سـازبکرێن، ئەبێـت بـەو جـۆرە تەماشـای وشـەی قەرزکـراو بکەیـن کـە دەربـڕی چەمکـی نوێـن. هـەر بۆیـە جەختئەکاتـەوە کـە پڕبوونـەوە و کامڵبوونـی پێکهاتـەی فەرهەنـگ بـە وشـەی قەرزکـراو، تەندرووسـتییەو ناتوانرێـت، لێیرابکەیـت، ئـەم پرسـە، لـە قووڵایـی مێـژووەوە دەسـتیپێکردوە و گشـت زمانێکـی گرتۆتـەوە». (فـارووق عومـەر سـدیق: ٢٠٢٠، ٤٢-٤٣).

رەوتێکـی تـر بەرامبـەر پەتییخوازیـی تـۆخ پەیـدا بـووە و پێیوایە ئەکرێـت بـە شـێوازێکی میانڕەوانـە و نوێخوازانـە

مامەڵە لەگەڵ پەتییخوازیی زمانیی بکرێت، « پێویستە ڕەچاوی ئەم دوو خاڵە بکرێت:
١.داتاشین ورۆنانی وشە و دەربڕینی نوێ بۆ چەمک و دیاردەی نوێ. ٢- کەڵکوەرگرتن لە وشە و دەربڕینی زمانە جیرانەکان» و زمانانی تر، ئەمەش بە پێی مەرج و پاراستنی پێڕەو تایبەتمەندیی زمانی کوردیی. (جەعفەر شێخولئیسلامی، ٢٠٢٢، ٢٢٣)، پاساوی ئەم گرووپە زمانەوانانە ئەوەیە، لە دیدگای زانستی زمانەوانییەوە شتێک نییە بە ناوی پەتییخوازیی، چونکە لە سەرانسەری دنیادا، تەنانەت لە دوورگە و شوێنە دوورەدەستەکاندا هیچ زمانێک نابینیت کەرەستەی زمانی لە زمانانی ترەوە وەرنەگرتبێت، لە زمانی کوردییشدا، وەک زۆربەی زمانە زیندووەکان، وشە و زاراوەی لە زمانانی بیانیی وەرگرتووە، ئامرازە جیاوازەکانی راگەیاندنیش بە فراوانی بەکاریاندەهێنن، بەتایبەتی لە بەرنامەی (سیاسیی، ئابووریی، هونەریی، زانستیی، وەرزشیی و...هتد)، (بەختیار سجادی) لەم بارەیەوە، دەڵێت: «توشی سەرسوڕمانبوون دەبیت، ئەگەر نیوسەعات بە ناو بەشێکی تەلەڤزیۆنەکانی باشوور بگەڕێن، وشە و دەستەواژەی بیانییتان بە لێشاو بەرچاو ئەکەوێت...» (بەختیار سجادی:٢٠٢٢، ماڵپەڕ). ئەم وشە بیانییانەی بەکاریانئەهێنین وەنەبێت هەموویان زاراوەی زانستیین و زمانی کوردیی وشەی خۆماڵی لە بەرانبەری نەبێت، بەڵکو هەندێکیان وشە و زاراوەی ئاساییین و رۆژنامەنووسان رۆژانە لە راگەیاندنەکان بەکاریئەهێنن، هەرچەندە لە زمانی کوردیی دا وشەی خۆماڵی لە بەرانبەریاندا هەیە، بۆ نموونە بڕوانە ئەم خشتەیەی خوارەوە کە بەشێک لە وشە وەرگیراوەکانی زمانی ئینگلیزیی و عەرەبیی کە لە فەرهەنگی زمانی کوردیی دا وشەی خۆماڵی هاوتایان هەیە.

خشتەی (١): بەشێك لەو وشە بیانییانەی کە لە زمانی کوردیی دا هاوتایان هەیە و بەکارئەهێنرێن.
(کاری توێژەران)

| ژ | وشە وەرگیراوە ئینگلیزییەکان لە زمانی کوردیی دا | | وشە وەرگیراوە عەرەبییەکان لە زمانی کوردیی دا | | هاوتای وشە ئینگلیزییەکان و عەرەبییەکان لە زمانی کوردیی دا |
|---|---|---|---|---|---|
| | دەربڕینی کوردیی | وشەی ئینگلیزیی | دەربڕینی کوردیی | وشەی عەرەبیی | |
| ١ | میدیا | Media | ئیعلام | إعلام | راگەیاندن |
| ٢ | دیالۆگ، دایەلۆگ | Dialogue | حیوار | حوار | گفتوگۆ، وتووێژ |
| ٣ | ریفۆرم | Reform | ئیسلاح | إصلاح | چاکسازیی |
| ٤ | سەنتەر | Center | مەرکەز | مرکز | ناوەند |
| ٥ | پۆزەتڤ | Positive | ئیجابیی | إیجابی | ئەرێنیی |
| ٦ | نێگەتیڤ | Negative | سلبیی | سلبی | نەرێنیی |
| ٧ | کۆمێنت | Comment | تەعلیق | تعلیق | تێچێن، سەرنج |
| ٨ | کلینیک | Clinic | عیادە | عیادة | نۆرینگە |
| ٩ | دیبەیت | Debate | مونازەرە، موناقەشە | مناظرة مناقشة | گەنگەشە، مشتومڕ |
| ١٠ | کۆپیی | Copy | نوسخە | نسخ | لەبەرگرتنەوە |
| ١١ | باڵانس | Balance | تەوازن | توازن | هاوسەنگیی |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ١٢ | لۆکاڵیی | Local | محەلیی | محلي | ناوخۆیی، ناوچەیی، خۆماڵیی |
| ١٣ | تیۆریی | Theory | نەزەریی | نظري | بیردۆز |
| ١٤ | باکگراوەند | Background | خەلفیەت | خلیفة | پاشخان، پێشینە |
| ١٥ | گەرەنتیی | Guarantee | زەمانەت | ضمان | مسۆگەریی، دەستەبەریی |
| ١٦ | تراژیدیی | Tragic | مەئسات | مأساة | مەرگەسات، کارەساتبار |
| ١٧ | ریسێرچ | Research | بەحس | بحث | توێژینەوە، لێکۆڵینەوە |

جگە لەو وشە و زاراوانەی سەرەوە کە ئاماژەمان پێکردن، دەیان وشە و زاراوەی تر لە بەرنامە جۆراوجۆرەکانی راگەیاندن بە شێوازێکی بەرفراوان بەکارئەهێنرێن، هەندێک لە راگەیاندنەکان بەوەش نەوەستاون، بەڵکو نیشانەی ناسین و ناوی کەناڵەکەیشیان بە زمانی ئینگلیزیی نوسیووە، یاخود تێکەڵەیەکە لە زمانی ئینگلیزیی و کوردیی، بۆ نموونە: ئەمانە ناوی هەندێک کەناڵی تەلەڤزیۆنی و نیشانەی ناسینی هەندێک لە تەلەڤزیۆنەکانە:

(KURDSAT, KURDSAT NEWS, KNN, KURDMAX SHOW, NET TV, etc ,NRT, NRT٢).

جگە لەمانەش، زۆرینەی راگەیاندنەکان ناوی بەشێک لە بەرنامەکانیان بە زمانی ئینگلیزیی ناونراون، یاخود پێکهاتەی ناوەکە بە جۆرێکە، کە لە وشەیەک یان زیادەیەکی وەرگیراو و وشەیەکی کوردیی پێکهاتووە، بۆ نموونە ناوی هەندێک بەرنامە لە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان، وەکو: (کوردئارت، ئاڤا کافی، نێت گرام، نایت شۆ، شۆ مەگەزین، کوردستان ستار، کوردستان مەگەزین، فیچەر، گەمەسات، کوردسات تایم، دیکۆمێنتاری، باک ستەیج،...هتد)، بێگومان ناونانی کەناڵەکان و بەرنامەکان بە ناوی ئینگلیزیی و بە زمانی ئینگلیزیی، کاریگەریی خراپی بە ئاراستەی نەرێنی لەسەر گۆڕینی ناسنامەی زمانی نەتەوەیی کوردیی هەیە، خزمەت بە زمان و نەتەوەیی ناکات. (ئازاد عەزیز: ٢٠٢٢، ٢٠٤) هەر بۆیە پێویستە وەزارەتی رۆشنبیریی و دەزگاکانی راگەیاندن خەمی پاراستنی زمانی کوردیی لە کۆڵنێن و پێداچوونەوەیەک بە سیاسەتی زمانەوانیی پیشەکەیان بکەن، هەوڵی پەتییخوازیی زمانیی و پاراستنی زمانی کوردیی لە ئەستۆبگرن.

## کاریگەریی راگەیاندن لەسەربەکارهێنانی زمان( the effect of media on Language use)

پەیوەندیی ناوان زمان و راگەیاندن، لە زۆربارداد؛ پەیوەندییەکی تەواوکاریی و کارلێککارییە، کەناڵەکانی راگەیاندن، زمان بۆ پەیوەندیی بە جەماوەر و گەیاندنی پەیامەکانیان بەکارئەهێنن. جەماوەریش بۆ وەرگرتنی هەواڵ و زانیاری و مەبەستی جۆراوجۆر کارلێك لەگەڵ کەناڵەکانی راگەیاندن ئەکات. لەو ناوەندەشدا؛ کاریگەریی راگەیاندن لەسەر زمان بەدیاردەکەوێت.

بەشێوەیەکی گشتی ئەکرێت، بگوترێت کاریگەریی راگەیاندن لەسەر زمان لە دوو لایەن بەرجەستە ئەبێت:

یەکەمیان: لایەنە ئەرێنییەکەی: لەرێگەی راگەیاندنەوە زمانێکی نوێ درووستبوە، جیاوازە لە زمانی ئەدەب و زانست، بە نەرمیی و سادەیی و روونییەکەی، گوزارشت لە ژیانی رۆژانە ئەکات، وەکچۆن شێوازی نووسین بۆ راگەیاندن گەشەی بە ژیانەوەی زمان داوە، راگەیاندنەکانیش زمانیان گەیاندووەتە قۆناغێکی نوێ لە روونیی و پاراویی لە گوزارشتدا. ئەوەش ئاماژەیە بۆئەوەی کە زمان بە هۆی راگەیاندنەوە گەشە ئەکات و

لەگەڵ سەردەمدا؛ خۆی ئەگونجێنێت، وەڵامدەرەوەی خواستەکانی سەردەمە، بە هۆی راگەیاندنەوە دەربڕین و گوزارشت و زاراوەی نویێ بڵاوبوونەتەوە، یان سازکراون، لەبوارە جیاوازەکان (چۆلی ئەسعەد جراد:٢٠١٣،٣٧).
بۆ نموونە ئەگەر رۆژانە سەرنج و تێبینی راگەیاندنەکان بدەین بە هەموو جۆرە جیاوازەکانیانەوە، ئەبینین رۆڵی کارایان لە بەرهەمهێنانی وشەی نوێباو (نەو-وشەگەرایی)دا هەیە، ئەمەش بەهۆی ئەوەی کاتێک وشە لە ناو زمان درووست ئەبێت و یەتە ئاراوە، لەئەنجامی فرەجارەیی بەکارهێنانی نەو-وشەکانەوە وەها ئەکات لە ناو کۆمەڵگە زووتر بڵاوبنەوە و پشتگیری کۆمەلایەتیی بەدەستبهێنن و جێگیرببن، وەکو وشەکانی:(نیورۆژ، کۆرۆژ، تێچێن، چێژبڕکێ، کێبڕکێ، گشتپرسیی، پارێزبەند...هتد).
هەروەها لە کاریگەرییە ئەرێنییەکانی راگەیاندن لەسەر زمان، بریتییە لە توانای بڵاوکردنەوەی زمانی ستاندارد لە ناوان بەکارهێنەرانی ئامرازەکانی راگەیاندن، بەتایبەت کەلەپووری زمانەوانیی و ئەدەبیی، لەگەڵ راستکردنەوەی ئەو هەڵە باوانەی لە بواری زمان لە ناو خەڵك هەن، لەگەڵ کردنەوەی لاپەڕەی رۆشنبیریی زمانەوانیی، لەگەڵ کردنەوەی کۆمەڵە و یانە ئەلیکترۆنییەکان بۆ خزمەتگوزاری لە بواری زمان. (أکرم محمد خلیل: ٢٠٢٢، ٨).
دووەمیان: لایەنە نەرێنییەکەی: ئەم شێوەیە، خۆی لەو هەڵانەدا ئەبینێتەوە کە لە رێگەی راگەیاندنەوە دەکەونە سەر زاری خەڵك و بڵاوئەبنەوە، لە پێکهاتە و شێوازی نەشیاو لەگەڵ رێسا زمانییەکاندا، لە هەمانکاتیشدا خۆیان بەسەر ژیانی رۆشنبیرییدا سەپاندووە. بۆیە هەندێك وەهای ئەبینن کە راگەیاندن کار لە وێنەی درووستی زمان ئەکات و ئەیشێوێنێت، ئەبێتەهۆی بڵاوکردنەوەی چەندین هەڵە، کە پەیوەندییان بە رستەسازی، وشەسازی، پێکهاتەی زمانیی، دەربڕین و دەنگەوە هەیە. هەروەها ئەبێت ئەوەشمان لەیادبێت کە زمانی بەکارهاتوو لە هەندێك ئامرازی راگەیاندن پیرۆزییەکانی ئەو زمانە دەشکێنێت و دواجاریش؛ هەڵە بەکارهێنانی زمان بیری نیشتیمانیی تێکئەدات و توانا فیکرییەکانی خەڵك پەکدەخات، چونکە تێکدانی زمان؛ تێکدانی بیرە. لەگەڵ ئەوەشدا؛ هۆکاری زۆربوونی هەڵە زمانییەکان لە بواری زمانی راگەیاندن، بەگشتی ئەگەڕێتەوە بۆ: گەشەی بەردەوامی تەکنەلۆژیای پەیوەندییکردن و هاتنەکایەی میدیای دیجیتاڵی و زۆربوونی کەناڵەکان و راگەیاندنکاران، کە بارودۆخێك درووستبووە، نەتوانرێت رۆژنامەنوسان لەرووی زمانەوە رابهێنرێن و پێبگەیەنرێن، ئەوەش بووەتە هۆی زۆربوونی هەڵەی زمانی لە ئاستی گۆکردن و نووسینیشدا. (چۆلی ئەسعەد جراد: ٢٠١٣، ٣٧). لە کاریگەرییە نەرێنییەکانیش، ئەتوانین ئاماژە بەوەبدەین کە بریتییە لە: بەکارهێنانی چەمکی بیانیی بە پیتی (کوردیی) بەبێ لەبەرچاوگرتنی پێواژۆکانی فۆنۆلۆجیی زمانی کوردیی، هەروەها هەڵەی نەنووسینی هێمای پیتەکانی، وەك: (ۆ، ژ،ر، ڤ، چ، ێ، ڵ..هتد) بەتایبەت لەلایەن ئەو بەکارهێنەرانەی کە (تەختە کیبۆردی کوردیی) بەکارناهێنن، لەگەڵ لادان لەرێسا زمانییەکان لە کاتی نووسین و درووستنووسین و بەکارهێنانی هێماکانی خاڵبەندی بەشێوەیەکی درووست و بەکارهێنانی شێوەزار لەبری زمانی ستاندارد. (أکرم محمد خلیل: ٢٠٢٢، ٨).
لە هەرێمی کوردستان، ئامرازەکانی راگەیاندن لەکاتی سازاندن و پێشکەشکردنی پەیام و بەرنامە جیاوازەکانیان، لە هەندێك باردا و لەبەر هۆکاری جیاجیا؛ پەنا بۆ وەرگرتن و بەکارهێنانی وشەی ناپێویستی زمانە بیانییەکان ئەبەن بەتایبەت وشە لە زمانەکانی: ئینگلیزیی و عەرەبیی.

هـەر بۆنموونـە: ئەگـەر تەماشـای گفتوگۆیەکـی تەنزئامێـزی پەخشـکراوی نـاوان دوو هـاوڕێ لەرادیـۆی (ناليـا ئیـف ئێـم/ ناليـا پڵـەس) بکەیـن، ئەبینیـن تەنهـا لـە چەنـد دێڕێکـدا؛ کۆمەڵێـك وشـەی بیانیـی هاتووەتـە نـاو زمانـی کوردیـی. ئەمـەی خـوارەوە دەقـی گفتوگۆکەیـە:

ئەزانی زۆر بێتاقەتم بەدەست ماڵی خۆمانەوە، بەوخوایە ئەوە وەزع نییە.

+ چییە دیسانەوە شەڕت کردووە؟

- ئـەی جـا تخـوا ناحەقمـە دوێنـێ چوومەتـەوە بۆ ماڵـەوە، سـەیرەکەم هەموویـان سـەریان بەسـەر مۆبایلەکەوەیە، نـە نـان حـازرە نـە هییـچ. ئەڵێـم دایکـە بـۆ نـان نییـە برسـیمە، کەچیـی ئەڵـێ چیـی باشـە؟ ئەگـەر ماڵەکـە و بـەدڵ نییـە، ئەتوانیـت لێفـت بکەیت!

+ ئەی باوکو لەوێ نەبوو قسەیەك بکا؟

- ئێ باوکیشم هەر مۆبایلی بەدەسەوە بوو، سەیرەکەم بە دایکم ئەڵێ چی، ئەڵی لایك بۆ قسەکە و..

+ ئەی براکەت؟

- ئـەو سـەر زلـەی براشـم بەدایکـم ئەڵـێ: چییـە ئـەوە دایـە گیـان لەسـەر ئیزنـی تـۆ، قسـەکەتم کۆپـی کـرد و شـێری ئەکەمـەوە.

+ ئەی باشە تۆ چی و پێوتن؟

- منیـش هـەر لەسـەر زمانـی خۆیـان وتـم چـی باشـە؟ وتـم: خـوا ئـەو رۆژە ببـڕێ کـە باوکـم کریەیـت ئەکاونتـی ئـەم ماڵـەی کـرد.. ئینجـا خـوا ئـەو شـەوەش ببـڕێ کـە منـی تیـا جۆیـن کـرد. (لاپەڕەیرادیـۆی ناليـا ئێـف ئێـم لـە فەیسـبووك: ٢٠٢٣).

ئەگـەر سـەرنج لـە ئـەم گفتوگۆیـەی سـەرەوە بدەیـن، ئـەوا گەلێـک وشـەی بیانیـی ناپێویسـتی، وەک: (لێفـت، لایـک، کۆپـی، شـێر،کریەیت ئەکاونـت، جۆین)ئەبینیـن کـە لـە لایـەن ئاخێوەرانـەوە بەکارهاتـووە، لـە کاتێکـدا تـەواوی ئـەو وشـانە لـە زمانـی کوردییـدا هاوتـا و هاوواتـای هەیـە، کـە ئەتوانرێـت بـە زمانـی کوردیی گوزارشـتیان لێبکرێـت.

## باسی سێیەم: پراکتیکنامەی توێژینەوە

یەکەم: ئەنجامی راپێویی تایبەت بە رۆژنامەنووسان

لـەم تـەوەرەدا؛ توێـژەران بـە ئامانجـی دەستنیشـانکردنی تێڕوانینـی رۆژنامەنووسـان لـە بـارەی وەرگرتـن و بەکارهێنانـی وشـەی بیانیـی لـە بـواری کارەکەیـان، هەروەها گەیشـتن بە پاڵنـەر و هۆکارەکانی پشـت ئـەو دیاردەیە لـەلای رۆژنامەنووسـان، فۆرمێکـی راپێوییـان لەپـاش تەواوکردنـی کارە پێویسـتەکان، بـە سـەریاندا دابەشـکرد. لـە خـوارەوە ئەنجامـەکان لـە رێگـەی دووبارەبوونـەوە، رێـژەی سـەدیی و پلەبەندیـی بـۆ هـەر تایبەتمەندییەکـی دیمۆگرافیـی خراوەتـەڕوو.

تەوەری یەکەم: تایبەتمەندییە دیمۆگرافییەکانی نموونەپشکنینی توێژینەوە.

پلـەی یەکەمـی بەرتوێـژان لـە رۆژنامەنووسـانی هەرێمـی کوردسـتان بـە رێـژەی (٨٢,٨٪) لـە توخمـی (نێـر) و

پلـەی دووەم بـە ڕێـژەی (١٧,٢٪) لـە توخمـی (مـێ)ن. ئـەو ئەنجامـە ئاماژەیـە بۆئـەوەی كـە بـوار و هەلومەرجـی كاركـردن بـۆ توخمـی (نێـر) لـە پێـش توخمـی (مێ)وەیـە لـە هەرێمـی كوردسـتان.

زۆرینـەی ڕۆژنامەنووسـانی هەرێمـی كوردسـتان بـە ڕێـژەی (٣٧,٩٪) تەمەنیـان لەنـاوان (٣٣-٣٧ سـاڵ)دایە و پلـەی دووەمیـان بـە ڕێـژەی (٢٧,٦٪) تەمەنیـان لەنـاوان (٢٣-٢٧ سـاڵ)دایە و پلـەی سـێیەمیان بـە ڕێـژەی (١٧,٢٪) لەنـاوان (٢٨-٣ سـاڵ) و پلـەی چوارەمیـش بەرێـژەی (١٣,٨٪) تەمەنیـان (٣٨ سـاڵ و بـەرەو سـەرەوە)یە و پلـەی پێنجەمیشـیان؛ بـە ڕێـژەی (٣,٤٪) تەمەنیـان لەنـاوان (١٨-٢٢ سـاڵ)دایە. ئـەو ئەنجامانـەش دەرخـەری ئـەوەن كـە ڕۆژنامەنووسـان لـە هەرێمـی كوردسـتان لـەڕووی تەمەنـەوە گەنجـن و شـیاوێتی تـەواوی شـیاوێتی ئەنجامدانـی كارەكانیانـن، بـەڵام ئـەو تەمەنـە ئەكرێـت وەهـاش بخوێنرێتـەوە كـە زۆر نییـە بۆئـەوەی ڕۆژنامەنـووس شـارەزایی و ئەزموونـی دەوڵەمەنـدی لـە بـارەی زمانـی دایـك و بەكارهێنانـی نەبێـت.

لـەڕووی (بڕوانامـە): پلـەی یەكەمـی بەرتوێـژان بـە ڕێـژەی (٥١,٧٪) هەڵگـری بڕوانامـەی (دبلـۆم)ن و (٣١٪) لـە پلـەی دووەم (بەكالۆریـۆس) و پلـەی سـێیەم بـە ڕێـژەی (١٠,٣٪)خاوەنـی بڕوانامـەی بـاڵا (دبلۆمـی بـاڵا، ماسـتەر و دكتـۆرا) و هـەر یـەك لـە بڕوانامەكانـی (بنـەڕەت) و (ئامادەیـی) لـە پلـەی چـوارەم و بـە ڕێـژەی (٣,٤٪) بـۆ هەریەكەیـان هاتـووە. ئەنجامـەكان ئەوەیـان لێدەخوێنرێتـەوە كـە بڕوانامـەی ڕۆژنامەنووسـان لەگـەڵ قاڵبوونـەوە و هەبوونـی پاشـخانێكی پتـەو لـە بـارەی زانینـی وشەرەسـەن و پەتییەكانـی زمانـی كوردیـی تەریـب نییـە.

لـەرووی جـۆری بڕوانامـە: زۆرینـەی ڕۆژنامەنووسـان لـە پلـەی یەكـەم و بـە ڕێـژەی (٣٤,٥٪) كاری (هەواڵسـاز) ی ئەكـەن و پلـەی دووەمیـان بـە ڕێـژەی (٣١٪) كاری (پەیامنێـر)ی ئەكـەن و هەروەهـا كارەكانـی (ئامـادەكار) و (پێشكەشـكار) لـە پلـەی سـێیەم و ڕێـژەی (١٠,٣٪) بـۆ هەریەكەیـان هاتـووە و پلـەی چوارەمیـش بـۆ هەریـەك لـە كارەكانـی (كامێرامـان) و (بێـژەر) بـە ڕێـژەی (٦,٩٪) بـۆ هەریەكەیـان بـووە. بەپێی ئەنجامـەكان: كاری (هەواڵسـاز) ی كـە لـە پلـەی یەكەمـی جـۆری كاری ڕۆژنامەنووسـانیراپێوبینامەكە هاتـووە، كارەكەیـان بریتییـە لـە مامەڵەكـردن لەگـەڵ وشـە ورێكخسـتنی هەروەهـا وەرگێرانـی هـەواڵ و زانیـاری لـە زمانـە بیانییـەكان، ئـەوەش ئەكرێـت بـە خاڵێكـی بەهێـز بـۆ توێژینەوەكـە دابنرێـت لەلایەنـی دررووسـتیی تێڕوانینەكانیـان. بڕوانـە خشـتەی (٢).

خشتەی (٢): تایبەتمەندییە دیمۆگرافییەكانی بەرتوێژانی توێژینەوەكە لە ڕۆژنامەنووسان پیشانئەدات.

| تایبەتمەندی دیمۆگرافیی | | دووبارەبوونەوە | ٪ | پلەبەندیی |
|---|---|---|---|---|
| توخم | نێر | ٤٨ | 82.8 | یەكەم |
| | مێ | ١٠ | ١٧,٢ | دووەم |
| تەمەن | ١٨- ٢٢ ساڵ | ٢ | ٣,٤ | پیێنجەم |
| | ٢٣-٢٧ ساڵ | ١٦ | ٢٧,٦ | دووەم |
| | ٢٨- ٣٢ ساڵ | ١٠ | ١٧,٢ | سێیەم |
| | ٣٣-٣٧ ساڵ | ٢٢ | ٣٧,٩ | یەكەم |
| | ٣٨ ساڵ و بەرەو سەرەوە | ٨ | ١٣,٨ | چوارەم |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| بڕوانامە | بنەڕەت | ٢ | ٣,٤ | چوارەم |
| | ئامادەیی | ٢ | ٣,٤ | چوارەم |
| | دبلۆم | ٣٠ | ٥١,٧ | یەکەم |
| | بەکالۆریۆس | ١٨ | ٣١ | دووەم |
| | خوێندنی باڵا | ٦ | ١٠,٣ | سێیەم |
| جۆری کار | پەیامنێر | ١٨ | ٣١ | دووەم |
| | هەواڵساز | ٢٠ | ٣٤,٥ | یەکەم |
| | ئامادەکار | ٦ | ١٠,٣ | سێیەم |
| | پێشکەشکار | ٦ | ١٠,٣ | سێیەم |
| | کامێرامان | ٤ | ٦,٩ | چوارەم |
| | بێژەر | ٤ | 6.9 | چوارەم |
| | کاری تر | ٠ | ٠ | پێنجەم |

تەوەری دووەم: تێڕوانینی ڕۆژنامەنووسان دەربارەی وەرگرتن و بەکارهێنانی وشەی بیانیی لە بواری کارەکەیان.

بەکارهێنانی وشەی وەرگیراوی بیانیی لە کاتی ئاخاوتن و نووسینی ڕۆژنامەنووسیی.

زۆرینەی بەرتوێژان لە ڕۆژنامەنووسانی هەرێمی کوردستان بەرێژەی (٧٢,٤٪) لە کاتی ئاخاوتن و نووسینی ڕۆژنامەنووسیی، وشەی وەرگیراوی بیانیی بەکارئەهێنن و پلەی دووەمیشیان؛ بەرێژەی (٢٧,٦٪) وشەی بیانیی بەکارناهێنن. ئەو ئەنجامانە پیشانی ئەدات کە بەکارهێنانی وشەی بیانیی لە نووسین و ئاخاوتنی ڕۆژنامەنووسیی بووەتە دیاردەیەك و لەلای ڕۆژنامەنووسان بەئاشکرا بەکارئەهێنرێت. بڕوانە خشتەی (٣).

خشتەی (٣): ڕادەی بەکارهێنانی وشەی وەرگیراوی بیانیی لە کاتی ئاخاوتن و نووسینی ڕۆژنامەنووسیی لەلای ڕۆژنامەنووسان پیشانئەدات.

| بڕگە: لە کاتی ئاخاوتن و نووسینی ڕۆژنامەنووسیی، وشەی وەرگیراوی بیانیی بەکارئەهێنیت؟ | دووبارەبوونەوە | ٪ | پلەبەندیی |
|---|---|---|---|
| بەڵێ | ٤٢ | ٧٢,٤ | یەکەم |
| نەخێر | ١٦ | ٢٧,٦ | دووەم |
| کۆی گشتیی | ٥٨ | ١٠٠ | |

ڕادەی بە ئاگایی و بە مەبەست بەکارهێنانی وشەی بیانیی لە کاتی ئاخاوتن و نووسینی ڕۆژنامەنووسیی لەلای ڕۆژنامەنووسان.

زۆرینەی ڕۆژنامەنووسانی هەرێمی کوردستان لە پلەی یەکەم و بەرێژەی (٨٨,١٪) بە ئاگایی و بە مەبەست وشەی بیانیی لە کاتی ئاخاوتن و نووسینی ڕۆژنامەنووسیی بەکارئەهێنن، پلەی دووەمیشیان؛ بەرێژەی (١١,٩٪) بەبێ مەبەست و نائاگاییەوە پەنا بۆ بەکارهێنانی وشەی بیانیی لە کاتی بەرهەمهێنانی کارە ڕۆژنامەنووسییەکانیان ئەبەن. ئەنجامەکان دەرئەخات: هۆکاری جیاجیا لەپشت بەکارهێنانی وشەی بیانیی لەبری وشەی کوردییەوەیە لەلایەن ڕۆژنامەنووسانی هەرێمی کوردستان. بڕوانە خشتەی (٤).

خشتەی (٤): رادەی بە ئاگایی و بە مەبەست بەکارهێنانی وشەی بیانیی لەکاتی ئاخاوتن و نووسینی رۆژنامەنووسیی لەلای رۆژنامەنووسان پیشانئەدات.

| بڕگە<br>ئایا وشەی بیانیی لەکاتی ئاخاوتن و نووسینی رۆژنامەنووسیی بە ئاگایی و بەمەبەستەوە بەکارئەهێنیت؟ | دووبارەبوونەوە | ٪ | پلەبەندیی |
|---|---|---|---|
| بەڵێ | ٣٧ | ٨٨,١ | یەکەم |
| نەخێر | ٥ | ١١,٩ | دووەم |
| کۆی گشتیی | ٤٢ | ١٠٠ | |

رای رۆژنامەنووسان دەربارەی بەکارهێنانی وشەی وەرگیراوی بیانیی لە بواری راگەیاندن.

زۆرینەی بەرتوێژانی توێژینەوەکە لە رۆژنامەنووسانی هەرێمی کوردستان بە رێژەی (٤٨,٣٪) و لە پلەی یەکەم پێیانوایە (بەڵێ) کارێکی باشە وشەی وەرگیراوی بیانیی لەمیانەی کارەکەیان بەکاربهێنرێت، پلەی دووەمیان بە رێژەی (٤٤,٨٪) بە (نەخێر) وەڵامیانداوەتەوە و پلەی سێیەم و کۆتاییش بە رێژەی (٦,٩٪) بە (نازانم) وەڵامیانداوەتەوە. ئەو ئەنجامانە ئاماژەن بۆئەوەی کە سەرباری ئەوەی زۆرینەی رۆژنامەنووسان لەگەڵ بەکارهێنانی وشەی وەرگیراوی بیانیین، بەڵام لەوکارەدا؛ پێوەر و مەرج ورێکاری پێویست هەبێت و بەشێوەیەکی هەڕەمەکی و ئارەزووکارانە نەبێت. بڕوانە خشتەی (٥).

خشتەی (٥): رای رۆژنامەنووسان دەربارەی بەکارهێنانی وشەی وەرگیراوی بیانیی لە بواری راگەیاندن پیشان ئەدات.

| بڕگە<br>پێت باشە وشەی وەرگیراوی بیانیی لە کاری راگەیاندندا بەکاربهێنرێت؟ | دووبارەبوونەوە | ٪ | پلەبەندیی |
|---|---|---|---|
| بەڵێ | ٢٨ | ٤٨,٣ | یەکەم |
| نازانم | ٤ | ٦,٩ | سێیەم |
| نەخێر | ٢٦ | ٤٤,٨ | دووەم |
| کۆی گشتیی | ٥٨ | ١٠٠ | |

پێڕەوکردنی سیاسەت و پلانێکی زمانەوانیی سەبارەت بە پەتییخوازیی زمانی کوردیی (Kurdish Language purism) لە دەزگا رۆژنامەنووسییەکان.

زۆرینەی بەرتوێژان کە وەڵامی پرسیارەکانی راپێوینامەی توێژینەوەکەیان داوەتەوە، بەرێژەی (٦٥,٥٪) ئەڵێن (بەڵێ) لەو دەزگا راگەیاندنەی کە کاری تێدا ئەکەین، سیاسەت و پلانی زمانەوانیی سەبارەت بە پەتییخوازیی زمانی کوردیی پیرەوئەکرێت، لەرێگەیەوە پاکسازی لەو وشە بیانییانە ئەکرێت کە هاوتا و هاوواتاکەی لە زمانی کوردییدا هەیە، پلەی دووەمیشیان؛ بەرێژەی (٣٤,٥٪) بە (نەخێر) وەڵامیانداوەتەوە. ئەو ئەنجامانە دەریئەخات: کە دەزگا راگەیاندنەکان جۆرێك لە سیاسەت و پلانی تایبەت بە خۆیان بۆ ناوەڕۆکی زمانی بەکارهاتوو لە بەرنامە و بەرهەمەکانیان هەیە، بەڵام هێشتا گرفت لە جێبەجێکردنیان هەیە. ئەوەش لە ئەنجامەکان ئەخوێنرێتەوە کە بەشێکی زۆریش لە دەزگا راگەیاندنەکان هییچ سیاسەت و پلانیی زمانی تایبەتیان نییە بۆ پاکسازی و پاکتاوی زمانی بەکارهاتوو لە دەزگاکانیان. بڕوانە خشتەی (٦).

خشتەی (٦):رای رۆژنامەنووسان لە بارەی پەیڕەوکردنی سیاسەت و پلانێکی زمانەوانیی سەبارەت بە پەتیخوازیی زمانی کوردیی لە دەزگا رۆژنامەنووسییەکان پیشانئەدات.

| برگە<br>ئایا لەو دەزگا راگەیاندنەی کە کاری تێدا ئەکەیت، هیچ سیاسەت و پلانێکی زمانەوانیی سەبارەت بە پەتیخوازیی زمانی کوردیی (Kurdish Language purism) پەیڕەوئەکرێت، لەرێگەیەوە پاکسازی لەو وشەبیانییانە بکرێت کە هاوتا و هاوواتاکەی لە زمانی کوردیداهەیە؟ | دووبارەبوونەوە | ٪ | پلەبەندیی |
|---|---|---|---|
| بەڵێ | ٣٨ | ٦٥,٥ | یەکەم |
| نەخێر | ٢٠ | ٣٤,٥ | دووەم |
| کۆی گشتیی | ٥٨ | ١٠٠ | |

تەوەری سێیەم: پاڵنەر و هۆکارەکانی بەکارهێنانی وشەی بیانی لە لایەن رۆژنامەنووسان.

## یەکەم: پاڵنەر و هۆکارە دەروونییەکان:

پلەی یەکەمی بەرتوێژان لە رۆژنامەنووسانی هەرێمی کوردستان بەرێژەی (٤٤,٨٪) زۆر لەگەڵ ئەوەدان کە هۆکار و پاڵنەری بەکارهێنانی وشەی وەرگیراوی بیانیی لەلایەن رۆژنامەنووسان بۆ هەست بەکەمیی و متمانەنەبوون بە زمانی کوردیی لە لایەن ئەو بەشەی کۆمەڵ ئەگەڕێتەوە، (٢٧,٦٪)یشیان لە پلەی دووەم دیسان لەگەڵ ئەو پاڵنەرەدان. ئەو ئەنجامەش دەرخەری ئەوراستییەیە کە تاکی رۆژنامەنووسی کورد هەستی بەکەم تەماشاکردن و متمانە نەبوون بەزمانی کوردیی لەلایان هەیە. ئەم ئەنجامە لەگەڵ ئەنجامی توێژینەوەی (ئازاد عەزیز سلێمان: ٢٠٢٢) یەکئەگرێتەوە کە دیاردەکە کاریگەریی خراپ لەسەر باری دەروونی ئاخێوەری کورد بەجێئەهێڵێت.

زۆرینەی رۆژنامەنووسانی هەرێمی کوردستان لە پلەی یەکەم و بەرێژەی (٤١,٤٪) زۆر لەگەڵ ئەوەدان کە هەستکردن بەخودباڵایی لە بەکارهێنانی وشەی بیانیی لەلای رۆژنامەنووس هەیە، بەجۆرێک کە لە کاتی بەکارهێنانیدا وەها ئەزانێت لە لایەن وەرگرەوە زیاتر گرنگی پێ ئەدرێت و بایەخ بە وتە و توانا زمانییەکەی ئەدرێت. هەروەها پلەی دووەمیشیان؛ بەرێژەی (٣٤,٥٪) دیسان لەگەڵ ئەو پاڵنەرەدان. ئەوئەنجامەش پیشانی ئەدات کە تاکی رۆژنامەنووس لە هەرێمی کوردستان گرفتی خودباڵایی و ناسراوێتیی لەلای جەماوەر هەیە و لەو پێناوەشدا؛ بەکارهێنانی وشەی وەرگیراوی بیانیی لە نووسین و ئاخاوتنی رۆژنامەنووسیی کردووە بە دەرفەت بۆ هێنانەدی ئەو ئامانجە، بەبێ ئەوەی گوێ لە لایەنە نەرێنییەکانی دیاردەکە لەسەر زمانی کوردیی بدات. ئەمەش لەگەڵ ئەنجامی توێژینەوەی (سالار فائق مجید: ٢٠١٨) یەکئەگرێتەوە کە هەندێکجار وەرگرتن بۆ هۆکاری چاولێکەریی و خۆدەرخستن ئەگەڕێتەوە.

بەرتوێژان لە پلەی یەکەم و بەرێژەی (٣٧,٩٪) لەگەڵ ئەوەدان و هەست بەوەئەکەن کە وەرگریش حەزی لەوەیە لە ناو گوزارشت و پەیامەکاندا، وشەی بیانیی پێشکەش بکرێت، پلەی دووەمیشیان؛ بەرێژەی (٢,٦٢٪) زۆر لەگەڵ ئەو پاڵنەرەدان. هەردوو ئەنجامەکەش دەرخەری ئەوەن کە پەیوەندییی ئاڵوگۆڕکاری لەناوان رۆژنامەنووس و جەماوەر هەیە و ئەو دیاردەیەش بەشێکی پەیوەستە بە حەز و خواستی وەرگرەوە.

رۆژنامەنووسـان لـە پلـەی یەکـەم و بەرێـژەی (٣٧,٩٪) زۆر لەگـەڵ ئـەوەدان کـە هـۆکاری بەکارهێنانـی وشـەی وەرگیـراوی بیانیـی لەمیانـەی نووسـین و ئاخاوتنـی رۆژنامەنووسـی ئەگەڕێتـەوە بـۆ هەسـتی شـانازیکردن بـە زمانـی بیانیـی بەتایبـەت لـە کاتـی بەکارهێنانـی وشـەی بیانییـدا، رۆژنامەنـووس کاراکتـەری خـۆی لـە کاراکتەرێکـی بیانییـدا لـەرووی زانسـتیی و رۆشـنبیرییەوە ئەبینێتـەوە، پلـەی دووەمیشـیان؛ بەرێـژەی (٢٧,٦٪) دیسـان لەگـەڵ ئـەو هـۆکارەدان. ئـەو ئەنجامـەش مانـای ئـەوەی لێئەخوێنرێتـەوە کـە لـە هەرێمـی کوردسـتان زیـاد لـە پێویسـت گرنگـی بـە زمانـە بیانییـەکان دراوە بەتایبـەت لـە ناوەنـدە پەروەردەیـی ورۆشـنبیرییەکان و ئـەو وێنەیـە لـەلای جەمـاوەر لـە ناویشـیان رۆژنامەنـووس درووسـتبووە کـە بەکارهێنانـی وشـەی وەرگیـراوی بیانیـی شـانازییە تەنانەت لـەڕووی زانسـتیی ورۆشـنبیرییش.

پلـەی یەکەمـی بەرتوێـژان لـە رۆژنامەنووسـان بەرێـژەی (٤٤,٨٪) زۆر لـە گـەڵ ئـەوەدان کـە هـۆکاری بەکارهێنانـی وشـەی وەرگیـراوی بیانیـی لـە کاتـی نووسـین و ئاخاوتنـی رۆژنامەنووسـیی بـۆ حەزکـردن بـە خۆدەرخسـتن و خۆجیاکردنـەوە لەوانـی تـر ئەگەڕێتـەوە، (٣٤,٥٪)یشـیان لـە پلـەی دووەم دیسـان لەگـەڵ ئـەو هـۆکارەدان. ئەنجامـەکان پیشـانی ئـەدات: رۆژنامەنووسـان گرفتـی دەرکەوتـن و ناوبانگبوونیـان لـەلای وەرگرەکانیـان هەیـە و ئەیانەوێـت بـەو رێگەیـە لـە هاوپیشـەکانیان جیاوازتـر دەربکـەون و بناسرێـن.

دووەم: پاڵنەر و هۆکاری کۆزانیارییەکان (مەعریفییەکان):

زۆرینـەی بەرتوێـژان لـە رۆژنامەنووسـانی هەرێمـی کوردسـتان بەرێـژەی (٥٥,٢٪) لەگـەڵ ئـەوەدان کـە هـۆکاری بەکارهێنانـی وشـەی وەرگیـراوی بیانیـی لـە لایـەن رۆژنامەنووسـان بـۆ دەسەڵاتنەشـکانەوەی رۆژنامەنـووس بەسـەر بەکارهێنانـی زمانـی کوردیـدا لەهەمبـەر ئاسـان بەکارهێنانـی ئـەو وشـانەی لـە زمانـی بیانییـەوە وەرگیـراون ئەگەڕێتـەوە، پلـەی دووەمیشـیان؛ بەرێـژەی (٤١,٤٪) زۆر لەگـەڵ ئـەو هـۆکارەدان. ئـەو ئەنجامانـەش پیشـانی ئـەدات کـە رۆژنامەنووسـان قـووڵ و شـارەزا نیـن لـە زمانـی دایکیـان و پێویسـتیان بـە خۆڕۆشـنبیرکردن و گەڕانـی زیاتـر هەیـە، تاوەکـو زانیـاری و شـارەزایی زیاتـر لەوبارەیـەوە پەیدابکـەن.

پلـەی یەکـەم و پلـەی دووەمی ئـەو رۆژنامەنووسـانەی وەڵامـی پرسـیارەکانی توێژینەوەکەیـان داوەتـەوە، هەریەکە و بەرێـژەی (٣٤,٥٪) زۆر لەگـەڵ ئـەوەدان و لەگـەڵ ئـەوەدان کـە کاریگەریـی خوێنـدن بـە زمانـی بیانیـی لەسـەر رۆژنامەنـووس و باڵادەسـتی بەسـەر زمانـی دایکـدا یەکێکـە لـەو هۆکارانـەی وەهـای کـردووە رۆژنامەنووسـان لەکاتـی نووسـین و ئاخاوتنـی رۆژنامەنووسـیی وشـەی بیانیـی بەکاربهێنـن. ئـەو ئەنجامـەش پیشـانی ئـەدات خوێنـدن بـە زمانـی ئینگلیزیـی یاخـود هـەر زمانێکـی تـری بیانیـی هـۆکارە بۆئـەوەی وشـەی بیانیـی لەبـری وشـەی کوردیـی لـە نووسـین و ئاخاوتنـی رۆژنامەنووسـیی بەکاربێـت.

پلـەی یەکەمـی رۆژنامەنووسـانی هەرێمـی کوردسـتان بەرێـژەی (٤١,٤٪) زۆر لەگەڵ ئـەوەدان کـە لاوازی کۆزانیاری (مەعریفە)ـی رۆژنامەنووسـان لـە زمانـی کوردیـی و بەکارهێنانـی وشـەی بیانیـی بـە پاسـاوی ئـەوەی، زمانێکـی هـەژار و دەسـتکورتە لـە ئاسـت گۆڕانکاریـی و داهێنانەکانـی سـەردەمدا، یەکێکـی تـرە لەهۆکارەکانـی بەکارهێنانی وشـەی وەرگیـراوی بیانیـی لەلایـان، پلـەی دووەمیشـیان بەرێـژەی (٣١٪) دیسـان لەگـەڵ ئـەو پاڵنـەرەدان. ئـەوەش دەرخـەری ئەوەیـە کـە رۆژنامەنووسـان کۆزانیاریـی خۆیـان دەربـارەی زمانەکەیـان لاوازە و پاسـاوی دەسـتکورتی و هەژاریـی زمانەکەیـان کردووەتـە پاسـاو بـۆ دەسـتبردن بـۆ بەکارهێنانـی وشـەی بیانیـی لەمیانـەی کارەکەیـان.

زۆرینـەی رۆژنامەنووسـان لـە پلـەی یەکـەم و بەرێـژەی (٦٥,٥٪) زۆر لەگەڵـەوەدان کـە بەکارهێنانـی وشـەی بیانیـی لـە بـری ئـەو دەسـتەواژە وەرگێڕاوانـەی بەرامبـەر وشـە بیانییەکـە دانـراوە، بـۆ نموونـە دەسـتەواژەی وەرگێـڕدراوی (ئەندامـی ئەنجومەنـی نوێنـەران) بەرامبـەر بە وشـەی (پەرلەمانتار)، لەبـری کورتبـڕی و زووگەیاندنی پەیامەکەیـە و (٣٤,٥٪)یشـیان لـە پلـەی دووەم دیسـان هـەر لەگـەڵ ئـەو هـۆکارەدان. ئـەوەش دەریئەخـات کـە رۆژنامەنـووس ئەیەوێـت ئابـووری و کورتبـڕی لـە دەربڕیـن بـکات و بەپێـی وەڵامەکـەی خۆشـیان بێـت زمانـی کوردیـی لەبەرامبـەر بەشـێك لـە وشـە وەرگێـراوە بیانییـەکان دەرەقەتـی ئـەو کورتبڕیانـە نایـەت، بۆیـە وشـەکان، وەکخۆیـان بەکارئەهێنێتـەوە.

(٤٤,٨٪)ی رۆژنامەنووسـانی هەرێمـی کوردسـتان لـە پلـەی یەکـەم لەگـەڵ ئـەوەدان کـە لەبەرئـەوەی زۆربـەی سـەرچاوەی زانیارییـەکان لـە ئاژانـس و تـۆڕە جیهانییەکانـدا بـە زمانـی بیانییـن، ناچارئەبـن بـۆ هەندێـك چەمـك و بیرۆکـە، کـە بەرامبەرەکـەی لـە زمانـی کوردیـدا نییـە، وشـەیبیانیی بەکاربهێنـن، هەروەهـا پلـەی دووەمیـان بەرێـژەی (٣٧,٩٪) دیسـانەوە زۆر لەگـەڵ ئـەو هـۆکارەدان. ئـەو ئەنجامـەش پیشـاندەری ئەوەیـە کـە بـە بـڕوای رۆژنامەنووسـان زمانـی کوردیـی وشـەی لـە بەرامبـەر داهێنراوەکانـی بـواری تەکنەلۆژیـا و پەیوەندییکـردن کـە بـە زمانـە بیانییەکانـن، لەئاسـتی پێویسـت نییـە.

سێیەم: پاڵنەر و هۆکارە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکان:

بەرتوێژانـی توێژینەوەکـە لـە پلـەی یەکـەم و بەرێـژەی (٤٤,٨٪) زۆر لەگـەڵ ئـەوەدان کـە یەکێکـی تـر لـە هۆکارەکانـی بەکارهێنانـی وشـەی بیانیـی لـە نووسـین و ئاخاوتنـی رۆژنامەنووسـیی ئەگەڕێتـەوە بـۆ شـوێنکەوتنی رۆژنامەنـووس بـۆ شـەپۆلی کۆمەڵایەتیـی کۆمەڵگـە و دوورکەوتنەوەیـان لـە زمانـی رەسـەنی خۆیـان، بـۆ نموونـە: نـاوی چەندیـن بەرنامـە لـە کەناڵـەکان بـە ئینگلیزییـە، وەک: پانۆرامـا، سـایکۆ تـۆپ سـتۆری، فیچـەر، تێـک شـۆو، یاخـوود هەندێکجـار ریـکلام بـۆ شـوێنکار و بەرهەمـی بازرگانیـی ئەکـەن، وشـەکان بـە نـاوەڕۆک بیانییـن و بـە پیتـی کوردیـی ئەنووسرێـن بەبـێ لەبەرچاوگرتنـی تایبەتمەندییەکانـی دەنگسـازی و وشەسـازیی زمانـی کوردیـی، هەروەهـا (٤١,٤٪)یشـان لـە پلـەی دووەم لەگـەڵ ئـەو بۆچوونـەدان. ئـەوەش ئاماژەیـە بۆئـەوەی رۆژنامەنـووس لـە هەرێمـی کوردسـتان لەبـری رێنوێنـی و سـەرکردایەتیی کۆمەڵگـە بـۆ بەکارهێنانـی وشـەی خۆماڵـی و رەسـەن و دوورخسـتنەوەی کۆمەڵگـە، خۆشـیان بـوون بـە بەشـێك لـە شـەپۆلەکە و نەیانتوانیـوە ئـەو رۆڵـە بگێـڕن.

زۆرینـەی رۆژنامەنووسـانی هەرێمـی کوردسـتان بەرێـژەی (٤١,٤٪) لەگـەڵ ئـەو پاڵنـەرەدان کـە رۆژنامەنووسـان بـۆ پەردەپۆشـکردنی لایەنـە تابوویيەکانـی هەندێـك وشـە لـە زمانـی کوردییـدا، پەنـا بـۆ بەکارهێنانـی وشـەی بیانیـی دەبرێـت، وەك: (سـێکس، WC، .. هتـد)، پلـەی دووەمیشـیان بـە رێـژەی (٣١٪) دیسـان زۆر لەگـەڵ ئەوراپـەدان. دەرئەکەوێتـرس و شـەرمی کۆمەڵایەتیرۆڵـی هەیـە لـە بەکارهێنانـی وشـەی وەرگێـراوی بیانیـی لـە نـاو زمانـی کوردیـی لـەلای رۆژنامەنووسـان لـە هەرێمـی کوردسـتاندا.

بەرتوێـژان لـە رۆژنامەنووسـانی هەرێمـی کوردسـتان لـە پلـەی یەکـەم و بەرێـژەی (٤٤,٨٪) لەگـەڵ ئەو هـۆکارەدان کـە رۆژنامەنووسـان بـۆ سەرنجراکێشـانی دەزگاکانـی تـری راگەیانـدن لـە پێنـاو دەسـتکەوتنی هەلیـکاری باشـتر وشـەی وەرگێـراوی بیانیـی لـە نووسـین و ئاخاوتنـە رۆژنامەنووسـییەکانیان بەکارئەهێنـن، هەروەهـا پلـەی دووەمیشـیان بەرێـژەی (٣٧,٩٪) بـە (زۆر لەگەڵیـدام) وەڵامـی ئـەو برگەیـان داوەتـەوە. ئەنجامـەکان ئـەوەی

لێئەخوێنرێتـەوە كـە دەزگاكانـی راگەیاندنیـش رۆڵـی نەرێنییـان لـە وەرگرتنـی وشـەی بیانیـی لـە زمانـی كوردیـی هەیـە و پێدانـی هەلیـكار و چانسـی زیاتـر بـەو رۆژنامەنووسـانە دەبەخشـن كـە زۆرتریـن وشـەی بیانیـی لەكاتـی نووسـین و ئاخاوتـن بەكارئەهێنێـت. هەرچەنـدە ئـەوان ئـەوە ناشـارنەوە كـە رۆژنامەنـووس تـا زمانـی بیانیـی زیاتـر بزانێـت چانسـی زیاتـری بـۆ وەرگرتنـی هەلیـكار هەیـە. بڕوانـە خشـتەی (٧).

خشـتەی (٧): پاڵنـەر و هۆكارەكانـی بەكارهێنانـی وشـەی بیانیـی وەرگیـراو لـەلای بەرتوێـژان لـە رۆژنامەنووسـانی هەرێمـی كوردسـتان پیشـانئەدات.

| پاڵنەرەكان | برگەكان | ئەگەرەكان | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | لەگەڵیدام زۆر | | لەگەڵیدام | | بێلایەنم | | لەگەڵیدانیم | | هەرگیز لەگەڵیدانیم | |
| دەروونی | هەسـت بەكەمـی و متمانەنەبـوون بـە زمانـی كوردیـی لەلایـەن رۆژنامەنووسـانەوە. | ٢٦ | ٤٤,٨ | ١٦ | ٢٧,٦ | ٨ | ١٣,٨ | ٤ | ٦,٩ | ٤ | ٦,٩ |
| | هەستكردن بـە خودباڵایی لـە بەكارهێنانی وشـەی بیانییـدا بەجۆرێـك كـە رۆژنامەنـووس لـە كاتـی بەكارهێنانیـدا وائەزانێـت لـە لایـەن وەرگـرەوە زیاتـر گرنگـی پێئەدرێـت و بایـەخ بـە وتـە و توانا زمانییەكـەی ئەدرێـت. | ٢٤ | ٤١,٤ | ٢٠ | ٣٤,٥ | ٤ | ٦,٩ | ٦ | ١٠,٣ | ٤ | ٦,٩ |
| | هەسـتكردن بـەوەی كـە وەرگریـش حـەزی لەوەیـە لـە نـاو گوزارشـت و پەیامەكانـدا، وشـەی بیانیـی پێشـكەش بكەیـت. | ١٦ | ٢٧,٦ | ٢٢ | ٣٧,٩ | ١٢ | ٢٠,٧ | ٨ | ١٣,٨ | ٠ | ٠ |
| | هەسـتی شـانازیكردن بـە زمانی بیانیـی بەتایبـەت لەكاتـی بەكارهێنانـی وشـەی بیانییـدا، كاراكتـەری خـۆی لـە كاراكتەرێكـی بیانییـدا لـەرووی زانسـتیی و رۆشـنبیرییەوە ئەبینێتـەوە. | ٢٢ | ٣٧,٩ | ١٦ | ٢٧,٦ | ١٤ | ٢٤,١ | ٢ | ٣,٤ | ٤ | ٦,٩ |
| | حەزكـردن بـە خۆدەرخسـتن و خۆجیاكردنـەوە لـە رێگـەی بەكارهێنانـی زمانی بیانیـی و وشـەی وەرگیـراوی بیانییـەوە. | ٢٦ | ٤٤,٨ | ٢٠ | ٣٤,٥ | ٤ | ٦,٩ | ٤ | ٦,٩ | ٤ | ٦,٩ |

| | | | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| کۆزانیاری (مەعریفە) | دەسەڵاتەشـکانەوەی رۆژنامەنـووس بەسـەر بەکارهێنانـی زمانـی کوردییـدا لـە هەمبـەر ئاسان بەکارهێنانـی ئـەو وشـانەی لـە زمانـی بیانییـەوە وەرگیـراون. | ٢٤ | ٤١,٤ | ٣٢ | ٥٥,٢ | ٠ | ٠ | ٢ | ٣,٤ | ٠ | ٠ |
| | کاریگەریـی خوێنـدن بـە زمانـی بیانیـی لەسـەر رۆژنامەنـووس و باڵادەستی بەسـەر زمانـی دایکدا. | ٢٠ | ٣٤,٥ | ٢٠ | ٣٤,٥ | ١٢ | ٢٠,٧ | ٤ | ٦,٩ | ٢ | ٣,٤ |
| | لاوازیـی کۆزانیـاری (مەعریفە)ـی رۆژنامەنووسان لـە زمانـی کوردیـی و بەکارهێنانـی وشـەی بیانیـی بـە پاسـاوی ئـەوەی، زمانێکـی هـەژار و دەسـتکورتە لـە ئاسـت گۆڕانکاریـی و داهێنانەکانـی سـەردەمدا. | ٢٤ | ٤١,٤ | ١٨ | ٣١ | ٨ | ١٣,٨ | ٦ | ١٠,٣ | ٢ | ٣,٤ |
| | بەکارهێنانـی وشـەی بیانیـی لـە بـری ئـەو دەسـتەواژە وەرگێڕاوانـەی بەرامبـەر وشـە بیانییەکە دانـراوە، بـۆ نموونـە دەسـتەواژەی وەرگێـڕدراوی (ئەندامـی ئەنجومەنـی نوێنـەران) بەرامبـەر بـە وشـەی (پەرلەمانتـار)، لەبـری کورتبـڕی و زووگەیاندنـی پەیامەکـە. | ٢٠ | ٣٤,٥ | ٣٨ | ٦٥,٥ | ٠ | ٠ | ٢ | ٣,٤ | ٠ | ٠ |
| | لەبەرئـەوەی زۆربـەی سـەرچاوەی زانیارییـەکان لـە ئاژانـس و تـۆڕە جیهانییەکانـدا بـە زمانـی بیانیـن، ناچـارم بـۆ هەندێـك چەمـك و بیرۆکـە، کـە بەرامبەرەکـەی لـە زمانـی کوردییـدا نییـە، وشـەی بیانیـی بەکاربهێنـم. | ٢٢ | ٣٧,٩ | ٢٦ | ٤٤,٨ | ٦ | ١٠,٣ | ٢ | ٣,٤ | ٢ | ٣,٤ |
| کۆمەڵایەتیی و ئابووریی | شـوێنکەوتنی رۆژنامەنـووس بـۆ شـەپۆلی کۆمەڵایەتـی کۆمەڵگـە و دوورکەوتنەوەیـان لـە زمانیرەسـەنی خۆیـان، بـۆ نموونـە: نـاوی چەندیـن بەرنامـە لـە کەناڵـەکان بـە ئینگلیزییـە، وەک: پانۆرامـا، سـایکۆ تـۆپ سـتۆری، فیچـەر، تێـک شـۆو، یاخـود هەندێـك جاررێـکلام بـۆ شـوێنکار و بەرهەمـی بازرگانییئەکـەن، وشـەکان بـە نـاوەڕۆک بیانییـن و بـە پیتـی کوردییئەنووسرێـن بەبـێ لەبەرچاوگرتنـی تایبەتمەندییەکانـی دەنگسـازیی و وشەسـازیی زمانـی کوردیـی. | ٢٦ | ٤٤,٨ | ٢٤ | ٤١,٤ | ٠ | ٠ | ٤ | ٦,٩ | ٤ | ٦,٩ |
| | بـۆ پەردەپۆشـکردنی لایەنـە ئابوورییەکانـی هەندێـك وشـە لـە زمانـی کوردییـدا، پەنـا بـۆ بەکارهێنانـی وشـەی بیانییئەبرێـت، وەك (سێکس، WC، .. هتد). | ١٨ | ٣١ | ٢٤ | ٤١,٤ | ٨ | ١٣,٨ | ٤ | ٦,٩ | ٤ | ٦,٩ |
| | بـۆ سەرنجراکێشـانی دەزگاکانـی تـری راگەیانـدن لـە پێنـاو دەسـتکەوتنی هەلـیکاری باشـتر. | ٢٢ | ٣٧,٩ | ٢٦ | ٤٤,٨ | ٤ | ٦,٩ | ٢ | ٣,٤ | ٤ | ٦,٩ |

سـەرباری ئـەو هـۆکار و پاڵنەرانـەی خشـتەی (٧)، بەرتوێـژان لـە رۆژنامەنووسـانی هەرێمـی کوردسـتان ئاماژەیـان بەچەنـد هـۆکار و پاڵنەرێکـی تریـش کـردووە کـە پێیانوایەرۆڵیـان هەیـە لـە بەکارهێنانـی وشـەی وەرگیـراوی بیانیـی لـە میانـەی پراکتیزەکردنـی کارەکانیـان.

هەسـتی خۆبەگەورەزانیـن لـەلای تاکـی رۆژنامەنـووس لـە رێگـەی بەکارهێنانـی وشـەی بیانیـی لەکاتـی نووسـین و ئاخاوتنـی رۆژنامەنووسـیی.

هەندێکجـار دەزگاکانـی راگەیاندنیـش بەوچـاوەوە لـە رۆژنامەنـووس ئەڕوانـن کـە ئەگـەر وشـەی بیانییلەکاتـی نووسـین و ئاخاوتـن بەکاربهێنێـت ئـەوە توانایەکـی زیاتـری هەیـە.

نەبوونـی وشـەی بەرامبـەر بـۆ بەشـێك لـە دۆزینـەوە و داهێـنراوە نوێیەکانـی بـواری زانسـت و تەکنەلۆژیـا لـە زمانـی کوردییـدا.

بـۆ گەیاندنـی پەیامـەکان بەشـێوەیەکی خێراتـر بـە وەرگـر بـەراورد بـە هەندێـك وشـەی رەسـەنی کوردیـی کـە

بەهـۆی کـەم بەکارهێنانیـان لـەلای وەرگـران روون نیـن.
کــەم ئەزموونیــی رۆژنامەنــووس لەبــواری پیشــەکەی وەهــای کــردووە بــۆ راکێشــانی ســەرنجی جەمــاوەر و دەزگاکەکــی پەنــا بــۆ بەکارهێنانــی وشــەی بیانیــی لــە بــواری نووســین و ئاخاوتنــی رۆژنامەنووســیی ببــات.
لەبەرئەوەی هەندێك چەمك و وشە و دەستەواژە بەجیهانیبوون و رۆژنامەنووس ناتوانێت بەکاری نەهێنێت.
میدیاکوردییـەکان لەژێـر هەژموونـی وڵاتانـی بیانییـدا، وشـەی بیانیـی لەبـواری راگەیانـدن بەکارئەهێنـن، بەشـێکی زۆری پەیوەسـتە بـە سیاسـەتی تواندنـەوەی کەلتوورییـەوە.

## دەرئەنجامەکان

(تـەوەری تایبـەت بـە تێڕوانینـی رۆژنامەنووسـان سـەبارەت بـە وەرگرتـن و بەکارهێنانـی وشـەی بیانیـی لـە بـواری کارەکەیـان و پاڵنـەر و هۆکارەکانـی پشـت ئـەو دیاردەیـە لـەلای رۆژنامەنووسـان).
رۆژنامەنووسـانی هەرێمـی کوردسـتان لەکاتـی ئاخاوتـن و نووسـینی رۆژنامەنووسـیی، پەنائەبەنـە بـەر وەرگرتـن و بەکارهێنانـی وشـەی وەرگیـراوی بیانیـی و ئـەوکارەش بـە ئاگایـی و بـە مەبەسـت ئەکـەن، وەکچـۆن بەگرنگـی دائەنێـن کـە پێـوەر و مـەرج و رێـکاری پێویسـت هەبێـت و بەشـێوەیەکی هەرەمەکـی و ئارەزووکارانـە نەبێـت.
هەروەهـا رۆژنامەنووسـان ئاماژەیـان بـۆ چەندیـن پاڵنـەر و هـۆکاری پەیوەسـت بـە بەکارهێنانـی وشـەی بیانیـی لـەلای خۆیـان کـردووە، لەپاڵنـەر و هـۆکارە دەروونییـەکان: هەسـت بەکەمـی و متمانەنەبـوون بـە زمانـی کوردیـی، هەسـتکردن بـە خودباڵایـی لـە بەکارهێنانـی وشـەی بیانیـی لـەلای رۆژنامەنـووس و حەزکـردن بـە خۆدەرخسـتن و خۆجیاکردنـەوە لەوانـی تـر. سـەبارەت بە پاڵنـەر و هـۆکاری کۆزانیارییـەکان (مەعریفییەکان): دەسەڵاتنەشـکانەوەی رۆژنامەنـووس بەسـەر بەکارهێنانـی زمانـی کوردیـی، کاریگەریـی خوێنـدن بـە زمانـی بیانیـی لەسـەر رۆژنامەنـووس و زۆری سـەرچاوەی زانیاریـی ئاژانـس و تـۆڕە جیهانییـەکان بـە زمانـی بیانیـی. لـە بـارەی پاڵنـەر و هـۆکارە کۆمەڵایەتـی و ئابوورییـەکان ـیش ئاماژەیـان بـە شـوێنکەوتنی رۆژنامەنـووس بـۆ شـەپۆلی کۆمەڵایەتیـی کۆمەڵگـە، پەردەپۆشـکردنی لایەنـە تابوویەکانـی هەندێـك وشـە لـە زمانـی کوردیـی و سەرنجڕاکێشـانی دەزگاکانـی تـری راگەیانـدن لـە پێنـاو دەسـتکەوتنی هەلیـکاری باشـتر کـردووە.

## دووەم: ئەنجامیراتێویی تایبەت بە پسپۆرانی زمانی کوردیی

لـەم تـەوەرەدا؛ توێـژەران بەئامانجـی دەستنیشـانکردنی لێکەوتەکانـی بەکارهێنانـی وشـەی بیانیـی لەسـەر زمانـی کوردیـی پەیوەسـت بـە راگەیاندنـی کوردیـی، هەروەهـا زانینـی تێڕوانینـی پسـپۆرانی زمانـی کوردیـی سـەبارەت بـە سیاسـەت و پلانـی زمانـی کوردیـی بـۆ پەیرەوکردنـی پەتییخوازیـی زمانـی کوردیـی لـە دەزگاکانـی راگەیانـدن، فۆرمێکـی راپێوییـان لـە پـاش تەواوکردنـی رێـکارە پێویسـتەکان، بەسـەر پسـپۆرانی زمانـی کوردیـی دا دابەشـکرد.
لـە خـوارەوە ئەنجامـەکان لـە رێگـەی دووبارەبوونـەوە، رێـژەی سـەدیی و پلەبەندیـی بـۆ هـەر تایبەتمەندییەکـی دیمۆگرافـی خراوەتـەڕوو.

### تەوەری یەکەم: تایبەتمەندییە دیمۆگرافییەکانی مشتەی توێژینەوە.

زۆرینـەی بەرتوێـژان لـە پسـپۆرانی زمانـی کوردیـی کـە وەڵامـی پرسیارەکانی راپێوینامەکەیـان داوەتـەوە بەرێـژەی (٧٣,٦٪) لـە توخمـی (نێـر)ن و پلـەی دووەمیشـیان بەرێـژەی (٢٦,٤٪) لـە توخمـی (مـێ)ن.
لـەرووی تەمەنـەوە، پلـەی یەکەمـی پسـپۆرانی زمانـی کوردیـی بەرێژەی(٥٨,٥٪)تەمەنیـان لەنـاوان (٤٠ سـاڵ بـەرەو

سـەرەوە)یە، پلـەی دووەمیـان بەرێـژەی (٢٤,٥٪) تەمەنیـان لەنـاوان (٣٠-٣٤ سـاڵ)، پلـەی سـێیەمیان بەرێـژەی (١٧٪) لەنـاوان (٣٥-٣٩ سـاڵ) و هییـچ کەسێکیشـیان تەمەنـی لەنـاوان (٢٥-٢٩ سـاڵ)نییە. ئـەو ئەنجامـەش ئاماژەیـە بۆئـەوەی کـە بەرتوێـژان لـەو پسـپۆرانەن کـە تارادەیەکـی زۆر قاڵبـووی نـاو بـوار و پسـپۆریەکەی خۆیانـن و تێڕوانیـن و بۆچوونەکانیـان لـەڕووی زانسـتییەوە بەگرنـگ وەرئەگیرێـت.

لـە رووی بڕوانامـەوە: پلـەی یەکەمـی بەرتوێـژان لـە پلـەی یەکـەم و بەرێـژەی (٥٠,٩٪)یـان هەڵگـری بڕوانامـەی (دکتـۆرا)ن و پلـەی دووەمیشـیان بەرێـژەی (٤٥,٣٪) خـاوەن بڕوانامـەی (ماسـتەر)ن لـە زمانـی کوردیـی و (٣,٨٪) یشـیان لەپلـەی سـێیەم هەڵگـری بڕوانامـەی (پۆسـت دکتـۆرا)ن. ئـەوەش ئاماژەیەکـی ئەرێنییـە بۆئـەوەی وەڵامەکان سـەرباری ئـەوەی بـە وردی و درووسـتی دەربـڕدراون، بەهایەکـی گرنگیشـیان لـەرووی زانسـتییەوە هەیـە.

پلـەی یەکەمـی بەرتوێـژان لـە پسـپۆرانی زمانـی کوردیـی لـە هەرێمـی کوردسـتان بەرێـژەی (٤٧,٢٪) خاوەنـی نازنـاوی زانسـتیی (مامۆسـتا)ن، هەروەهـا هەریـەك لـە پلـە زانسـتییەکانی (پرۆفیسـۆر) و (پرۆفیسـۆری یاریدەدەر) لـە پلـەی دووەم و رێـژەی (١٥,١٪) بـۆ هەریەکەیـان هاتـوون. بڕوانـە خشـتەی (٨).

خشتەی (٨): تایبەتمەندییە دیمۆگرافییەکانی بەرتوێژانی توێژینەوەکە لە پسپۆرانی زمانی کوردیی پیشانئەدات.

| تایبەتمەندیی دیمۆگرافی | | دووبارەبوونەوە | ٪ | پلەبەندیی |
|---|---|---|---|---|
| توخم | نێر | ٣٩ | ٧٣,٦ | یەکەم |
| | مێ | ١٤ | ٢٦,٤ | دووەم |
| تەمەن | ٢٥-٢٩ ساڵ | ٠ | ٠ | چوارەم |
| | ٣٠-٣٤ ساڵ | ١٣ | ٢٤,٥ | دووەم |
| | ٣٥-٣٩ ساڵ | ٩ | ١٧ | سێیەم |
| | ٤٠ ساڵ و بەرەوسەرەوە | ٣١ | ٥٨,٥ | یەکەم |
| بڕوانامە | ماستەر | ٢٤ | ٤٥,٣ | دووەم |
| | دکتۆرا | ٢٧ | ٥٠,٩ | یەکەم |
| | پۆست دکتۆرا | ٢ | ٣,٨ | سێیەم |
| نازناوی زانستیی | مامۆستای یاریدەدەر | ١٢ | ٢٢,٦ | دووەم |
| | مامۆستا | ٢٥ | ٤٧,٢ | یەکەم |
| | پرۆفیسۆری یاردەدەر | ٨ | ١٥,١ | سێیەم |
| | پرۆفیسۆر | ٨ | ١٥,١ | سێیەم |

تـەوەری دووەم: لێکەوتەکانـی بەکارهێنانـی وشـەی بیانیـی لەسـەر زمانـی کوردیـی پەیوەسـت بـە راگەیاندنـی کوردیـی.

زۆرینـەی بەرتوێـژان لـە پسـپۆرانی زمانـی کوردیـی بەرێـژەی (٤١,٥٪) لەگـەڵ ئـەوەدان کـە وەرگرتنـی وشـەی بیانیـی بەشـێوەی دەقـاودەق و بەکارهێنانیـان لـە راگەیاندنەکانـدا، ئەبێتـە مەترسـی لەسـەر ئاسایشـی زمانـی کوردیـی، چونکـە گۆکـردن و دەربڕینـی فەرهەنگـی زمانـی بیانیـی ئەبێتـە بەشـێک لـە ئاوەزمەندێتیـی ئاخێوەرانـی کـورد و دوورکەوتنـەوە لـە تایبەتمەندێتیـی دەنگسـازیی زمانـی کوردیـی. هـاوکات پلـەی دووەمیشـیان بەرێـژەی (٣٩,٦٪) زۆر لەگـەڵ ئـەو بـاوەڕەدان. ئـەوەش پیشـانی ئـەدات کـە وەرگرتنـی وشـەی بیانیـی بەشـێوەی دەقـاودەق لـە نووسـین و ئاخاوتنـی رۆژنامەنووسـیی دوورکەوتنـەوە لـە تایبەتمەندێتیـی دەنگسـازیی زمانـی کوردیـی لای ئاخێـوەری کـورد درووسـتئەکات.

پلـەی یەکەمـی بەرتوێژانـی راپێویینامـەی توێژینەوەکـە بەرێـژەی (٤١,٥٪) بـۆ هەریـەك لـە بژاردەکانـی (زۆر لەگەڵیـدام) و (لەگەڵیـدام) باوەڕیـان وەهایـە کـە وەرگرتـن و بەکارهێنانـی وشـەی بیانیـی لـە بـواری راگەیاندنـدا، بەبـێ مـەرج و پلانـی زمانـی، کاریگەریـی نەرێنـی لەسـەر درووسـتبوونی زمانـی سـتانداردی کوردیـی ئەبێـت. ئـەو ئەنجامـەش دەرخـەری ئـەو راسـتییەیە کـە پێویسـتە وەرگرتنـی وشـەی وەرگیـراوی بیانیـی لەبـواری راگەیانـدن لەسـنووری مـەرج و پلانـی زمانیـدا بێـت، نـەوەك بەشـێوەیەکی هەڕەمەکـی، کـە کاریگەریـی نەرێنـی لەسـەر درووسـتکردنی زمانـی سـتانداردی کوردیـی ئەبێـت.

زۆرینـەی پسـپۆرانی زمانـی کوردیـی بەرێـژەی (٥٠,٩٪) لەگـەڵ ئـەوەدان کـە وەرگرتـن و بەکارهێنانی وشـەی بیانیی لـە بـواری راگەیاندنەکانـدا لەبـری وشـە پەتییـە کوردییـەکان، ئەگەرێکـە بۆدرووسـتبوونی دووهێندەییکردنـی وشـە لـە زمانـی کوردییـدا، بـۆ نموونـە: (پرەنسـیپ- بنەمـا ، کافـێ - قاوەخانـە)، دوای کێبڕکێـی یەکـتر سـڕینەوە، رەنگـە وشـە وەرگیراوەکـە ببێتـە شـوێنگرەوە و پوکانـەوەی وشـە رەسـەنەکە. هەروەهـا پلـەی دووەمیشـیان؛ بەرێـژەی (٤٧,٢٪) دیسـان زۆر لەگـەڵ ئـەو بۆچوونـەدان. ئەنجامـەکان پیشـانی ئـەدات وەرگرتـن و بەکارهێنانـی وشـەی بیانیـی لەبـواری راگەیانـدن و لەبـری وشـە پەتییـە کوردییـەکان، مەترسـی لەسـەر سـڕینەوە و پووکاندنـەوەی وشەرەسـەنەکە درووسـتئەکات.

پسـپۆرانی زمانـی کوردیـی لـە پلـەی یەکـەم و بەرێـژەی (٤١,٥٪) بـۆ هەریـەك لـە بژاردەکانـی (زۆر لەگەڵیـدام) و (لەگەڵیـدام) تێڕوانینیـان بەوجۆرەیـە کـە وەرگرتنـی وشـەی بیانیـی بـە رێژەیەکـی زۆر و بەکارهێنانیـان لـە راگەیاندنەکانـدا، ئەبێتـە هـۆی گواسـتنەوەی کەلتـوری زمانـی بەخشـەر، ئەمـەش کاریگەریـی لەسـەر بیرکردنـەوەی مرۆڤـی کـورد و شـێواندنی کەلتـوور و ناسـنامە نەتەوەییەکـەی ئەبیـت. بەوپێیـەش بێـت وەرگرتنـی وشـەی بیانیـی بەرێژەیەکـی زۆر و بەکارهێنانـی لـە راگەیاندنـدا، کاریگەریـی نەرێنـی لەسـەر کەلتـوور و ناسـنامەی نەتەوەیـی تاکـی کـورد ئەبێـت.

پلـەی یەکەمـی بەرتوێـژان لـە پسـپۆرانی زمانـی کوردیـی بەرێـژەی (٤٩,١٪) لەگـەڵ ئـەوەدان کـە وەرگرتـن و بەکارهێنانـی وشـەی بیانیـی لەلایـەن رۆژنامەنووسـانەوە،گرفتی گەیاندنـی پەیـام و تەمومـژی واتایـی بـۆ وەرگـران (خوێنـەر، گوێگـر و بینـەر) درووسـتئەکات. هـاوکات پلـەی دووەمیشـیان بەرێـژەی (٢٤,٥٪) زۆر لەگـەڵ ئـەو بۆچوونـەدان. ئـەو ئەنجامـەش پێـمان ئەڵێـت کـە یەکێـك لەلایەنـە نەرێنییەکانـی تـری وەرگرتـن و بەکارهێنانـی وشـەی بیانیـی لـە نووسـین و ئاخاوتنـی رۆژنامەنووسـیی، گرفتـی گەیاندنـی پەیـام و تەمومـژی واتایـی بـۆ وەرگـران درووسـتئەکات. بڕوانـە خشـتەی (٩).

خشتەی (٩): لێکەوتەکانی بەکارهێنانی وشەی بیانیی لەسەر زمانی کوردیی پەیوەست بە راگەیاندنی کوردیی لە روانگەی پسپۆرانی زمانی کوردیی پیشانئەدات.

| برگەکان | بژاردەکان | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | زۆر لەگەڵیدام | | لەگەڵیدام | | بێلایەنم | | لەگەڵیدانیم | | هەرگیز لەگەڵیدانیم | |
| | د | % | | % | | % | د | ٪ | د | ٪ |
| وەرگرتنی وشەی بیانیی بەشێوەی دەقاودەق و بەکارهێنانیان لە راگەیاندنەکاندا، ئەبێتە مەترسی لەسەر ئاسایشی زمانی کوردیی،چونکە گۆکردن و دەربڕینی فەرهەنگی زمانی بیانییەبێتە بەشێک لە ئاوەزمەندێتیی ئاخێوەرانی کورد و دوورکەوتنەوە لە تایبەتمەندێتیی دەنگسازیی زمانی کوردیی. | ٣١ | ٣٩,٦ | ٣٢ | ٤١,٥ | ١ | ١,٩ | ٨ | ١٥,١ | ١ | ١,٩ |
| وەرگرتن و بەکارهێنانی وشەی بیانیی لە بواری راگەیاندندا، بەبێ مەرج و پلانی زمانی، کاریگەریی نەرێنی لەسەر درووستبوونی زمانی ستانداردی کوردیی ئەبێت. | ٣٢ | ٤١,٥ | ٣٢ | ٤١,٥ | ٤ | ٧,٥ | ٥ | ٩,٤ | ٠ | ٠ |
| وەرگرتن و بەکارهێنانی وشەی بیانیی لە بواری راگەیاندنەکاندا لەبری وشە پەتییە کوردییەکان، ئەگەرێکە بۆدرووستبوونی دووهێندەییکردنی وشە لە زمانی کوردییدا، بۆ نموونە: (پرەنسیپ- بنەما ، کافێ - قاوەخانە)، دوای کێبڕکێی یەکتر سڕینەوە،رەنگە وشە وەرگیراوەکە ببێتە شوێنگرەوە و پوکانەوەی وشەرەسەنەکە. | ٢٥ | ٤٧,٢ | ٢٧ | ٥٠,٩ | ١ | ١,٩ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ |
| وەرگرتنی وشەی بیانیی بە رێژەیەکی زۆر و بەکارهێنانیان لە راگەیاندنەکاندا، ئەبێتە هۆی گواستنەوەی کەلتوری زمانی بەخشەر، ئەمەش کاریگەریی لەسەر بیرکردنەوەی مرۆڤی کوردو شێواندنی کەلتوور و ناسنامە نەتەوەییەکەی ئەبێت. | ٣٢ | ٤١,٥ | ٣٢ | ٤١,٥ | ٠ | ٠ | ٨ | ١٥,١ | ١ | ١,٩ |
| وەرگرتن و بەکارهێنانی وشەی بیانیی لەلایەن رۆژنامەنووسانەوە، گرفتی گەیاندنی پەیام و تەمومژی واتایی بۆ وەرگران (خوێنەر، گوێگر و بینەر) درووستئەکات. | ١٣ | ٢٤,٥ | ٢٦ | ٤٩,١ | ٧ | ١٣,٢ | ٧ | ١٣,٢ | ٠ | ٠ |

وەڵامی پرسیاری کراوە تایبەت بە لێکەوتەکانی تری بەکارهێنانی وشەی بیانیی لە راگەیاندنەکان لەسەر زمانی کوردیی (بەدەر لە خشتەی ٩) لەروانگەی پسپۆرانی زمانی کوردییەوە.

بەکارهێنانی زمانی بیانیی دەرئەنجام ئەبێتە بەکەمزانینی زمانی کوردیی، لەهەمانکاتدا؛ وەك زمانێکی زانستیی، ئەدەبیی، دبلۆماسیی .. هتد، تەماشا ناکرێت.

بۆ نەوەکانی ئایندە زمانی کوردیی لاواز ئەبێت و دەرئەکەوێت.

ئاسایشی نەتەوەییمان ئەکەوێتە مەترسییەوە، کە زمان بە بناغە و پایەی بنچینەیی ئەو ئاسایشە دائەنرێت.

هەموو بەها کەلتووری، کۆمەڵایەتیی،رۆشنبیریی و فەرهەنگییەکانی میللەتی کورد ئاوێتە و ئاوێزانی زمانە، کە زمانیش لەرزۆك و لەق بوو، هەموو ئەوانەی ئاماژەمان بۆ کردوون مەترسیی لەناوچوون سەریان تێئەکات.

ئەبێتەهۆی بەکاربردنی ئەو وشە و دەستەواژانە لەناو خەڵکداو پاشان جێ بەوشە کوردییەکان لێژئەکات.

دووبەرەکی و لێکترازانی چینی نەخوێندەوارو ئاسایی لە چینیرۆشنبیران.

ونبوون و لە دەستدانی وشە خۆماڵییەکانی زمانی کوردیی لەلایەن نەوەکانی داهاتوو چاوەڕوانکراو ئەبێت.
زاڵبوونـی زمانـی دووەم بەسـەر زمانـی کوردییـدا. ئەمـەش تەبایـە لەگـەڵ ئـەو ئەنجامـەی توێژینـەوەی (سـالار فائـق مجیـد: ٢٠١٨) کـە بەهـۆی وشەخواسـتنی بیانیـی زمانـی کوردیـی کەوتووەتـە ژێـر هەژموونـی زمانـی ئینگلیزییــەوە.
بەکارهێنانـی هەڕەمەکییانـە ئەبێتـە هـۆی دیاردەی ژەهـری زمانیـی و کەئەمـەش دەردی لەناوبـەری زمـان. ئـەو ئەنجامـەش لەگـەڵ ئەنجامەکانـی توێژینـەوەی (پێشـکەوت مەجیـد محەمـەد: ٢٠٢٢) یەکئەگرێتـەوە.
زۆربەکارهێنانـی وشـەی بیانیـی لـە لایـەن ڕۆژنامەنووسـان و ڕاگەیاندنـەکان، ئەکرێـت ببێتـە خوویـەك و لـەلای چینـی نەخوێندەواریـش ڕەنگبداتـەوە، وەکـوو خۆهەڵکێشـان بـەو وشـە بیانییانـە بـەکاری بهێنـن، لـە کۆتایشـدا؛ لـەلای زۆرینـەی بەکارهێنـەران ئاسایی ئەبێتـەوە بەبـێ هەسـتکردن بـە مەترسـییەکانی لەسـەر زمانـی دایـك.
دروسـتبوونی نەوەیـەك بێئـاگا لـە زمـان و کەلتـووری نەتەوەیـی زمانـی دایـك، لـە ئەنجامـی ڕاهاتـن بـە بەکارهێنانـی وشـەی بیانیـی و ئاگادارنەبـوون لـەوەی، کـە وشـەی گونجـاوی ڕەسـەن هەیـە و ئەتوانـن لەجیاتـی وشـە وەرگیراوەکـە بـەکاری بهێنـن. ئەمـەش لەگـەڵ ئەنجامـی توێژینەوەکانـی: (ئـازاد عەزیـز سـلێمان: ٢٠٢٢)، (سـابیر حەسەنرەسـوڵ: ٢٠٢٠) و (سـالار فایـەق مەجیـد: ٢٠١٨) یەکئەگرێتـەوە.
پووکانـەوەی وشـە خۆماڵییـەکان. ئـەوەش لەگـەڵ ئەنجامەکانـی توێژینـەوەی (پێشـکەوت مەجید محەمـەد: ٢٠٢٢) یەکئەگرێتەوە.
ئەبێتەهۆی بێ بەرهەمکردنی یاسا ورێساکانی وشەسازکردن.
تـەوەری چـوارەم: تێڕوانینـی پسـپۆرانی زمانـی کوردیـی سـەبارەت بـە سیاسـەت و پلانـی زمانـی کوردیـی بـۆ پەیڕەوکردنـی پەتیبخوازیـی زمانـی کوردیـی لـە دەزگاکانـی ڕاگەیاندنـدا.
پسـپۆرانی زمانـی کوردیـی چەندیـن تێڕوانینیـان سـەبارەت بـە سیاسـەت و پلانـی زمانـی کوردیـی بـۆ پەیڕەوکردنـی پەتیبخوازیـی زمانـی کوردیـی لـە دەزگاکانـی ڕاگەیاندنـدا خسـتووەتەڕوو. لەخـوارەوە ئاماژەیـان پێئەکەیـن.
پلـەی یەکەمـی بەرتوێـژان بەرێـژەی (٥٤,٧٪) زۆر لەگـەڵ ئـەوەدان جێبەجێکردنـی سیاسـەت و پلانـی زمانـی کوردییـن لـە ڕاگەیانـدن لەگـەڵ دانانـی بڕگەیەکـی یاسـایی تایبـەت بـە پەتیبخوازیـی زمانـی کوردیـی وپلـەی دووەمیشـیان؛ بەرێـژەی (٣٠,٢٪) دیسـان لەگـەڵ ئـەو ئاراستەیەدان. ئـەوەش دەرخـەری ئەوراستیەیە کـە ناکرێـت بەشـێوەی هەڕەمەکـی و بەبـێ سیاسـەت و پلانێکـی زمانـی پێویسـت وشـەی بیانیـی وەربگیرێـت و لـە بـواری ڕاگەیانـدن بەکاربهێنرێـت.
زۆرینـەی پسـپۆرانی زمانـی کوردیـی بەرێـژەی (٥٤,٧٪) زۆر لەگـەڵ ئـەوەدان خانەکانـی وەشـاندن و لایەنـە ڕاگەیاندنـکارەکان پێویسـتە وردبینـی و بژارکـردن و پاکسـازی لـەو وشـە بیانییانـە بکـەن کـە لـە زمانـی کوردییـدا هاوتـا و هاوواتایـان هەیـە و پلـەی دووەمیشـیان؛ بەرێژەی (٤٥,٨٪) دیسـان پشـتگیری لەورایە ئەکـەن. ئەنجامەکان ئـەوە ئاشـکرا ئەکـەن کـە بەشـێك لەبەرپرسـیاریەتیی درووسـت وەرگرتـن و بەکارهێنانـی وشـەی بیانیـی دەکەوێتـە ئەسـتۆی خانەکانـی وەشـاندن و دەزگا ڕاگەیاندنـەکان کـە ئەبێـت لای خۆیانـەوە وردبینـی و بژارکـردن و پاکسـازی لـەو وشـە بیانییانـە بکـەن.
پلـەی یەکەمـی بەرتوێـژان بەرێـژەی (٥٠,٩٪) زۆر لەگـەڵ ئەوەدان وەزارەتی ڕۆشـنبیریی و لایەنـە پەیوەندییدارەکان

بەدواداچوون و چاودێریی دەزگاکانی راگەیاندن بکەن بۆ سنووردارکردن و کەمکردنەوەی رێژەی بەکارهێنانی وشەی بیانیی لە ناو زمانی رۆژنامەنووسیی کوردییدا. هەروەها پلەی دووەمیشیان؛ بەرێژەی (٣٧,٧٪) لەگەڵ ئەو بۆچوونەدان. ئەوەش پیشانی ئەدات کە گرنگە لایەنە پەیوەندییدارەکانیش بەدواداچوون و چاودێریی دەزگاکانی راگەیاندن بکەن بۆ سنووردارکردن و کەمکردنەوەی رێژەی بەکارهێنانی وشەی بیانیی لە ناو زمانی رۆژنامەنووسیی کوردییدا.

پسپۆرانی زمانی کوردیی لە پلەی یەکەم و بەرێژەی (٥٨,٥٪) زۆر لەگەڵ ئەوەدان لە دەزگاکانی راگەیاندنوشە وەرگیراوەکانی زمانی ئینگلیزیی، کە سیمایەکی جیهانییان وەرگرتووە، وەک: (کۆمپیوتەر، میتۆد، ڤیتامین)، پێویستە لەکاتی نووسین و دەربڕیندا یاسا وڕێساکانی دەنگسازیی و وشەسازیی زمانی کوردیی بەسەردا بسەپێنرێت. ئەمەش لەگەڵ ئەو ئەنجامەی توێژینەوەی (پێشکەوت مەجید محەمەد: ٢٠٢٢) یەکئەگرێتەوە کە وەرگرتن ئەبێت لەبەررۆشنایی یاسا وڕێسا زمانییەکانی زمانی کوردیی بێت، دەنا یاسای وشەسازیی پەکدەخات و وشە خۆماڵییەکان دەپووکێنەوە و گرفت بۆ ناسنامەی نەتەوەیی زمان درووستئەبێت، پلەی دووەمیشیان؛ بەرێژەی (٣٠,٢٪) دیسان لەگەڵ ئەو بۆچوونەدان. ئەو ئەنجامانەش دەریئەخەن کە پێویست ئەکات یاسا وڕێساکانی دەنگسازی و وشەسازیی زمانی کوردیی بەسەر سەرجەم وشە بیانییە وەرگیراوەکان لەبواری راگەیاندن تەنانەت ئەو وشانەشی سیمایەکی جیهانییان وەرگرتووە بسەپێنرێت.

زۆرینەی پسپۆرانی زمانی کوردیی کە وەڵامی راپێوویینامەی توێژینەوەکەیان داوەتەوە، لە پلەی یەکەم و بەرێژەی (٦٤,٢٪) زۆر لەگەڵ ئەوەدان کە پێویستە راگەیاندنەکان بۆ پاراستنی زمانی کوردیی و گرنگیدان بە پەتییخوازیی زمانی، لە بری پەنابردن بۆ قەرزکردنی وشەی بیانیی، سوود لە زارە جیاوازەکانی زمانی کوردیی وەربگرن، پلەی دووەمیشیان؛ بەرێژەی (٣٤٪) لەگەڵ هەمان تێڕوانیندان. بەپێی ئەنجامەکان پێویست ئەکات راگەیاندنەکان، لە بری پەنابردن بۆ قەرزکردنی وشەی بیانیی، سوود لە زارە جیاوازەکانی زمانی کوردیی وەربگرن.

پلەی یەکەمی بەرتوێژان لە پسپۆرانی زمانی کوردیی بەرێژەی (٤٩,١٪) زۆر لەگەڵ ئەوەدان کە پێویستە دەزگاکانی راگەیاندن جەخت لە پێویستیی سوودوەرگرتن لە کار و توێژینەوەکانی ئەکادیمیای کوردیی و پسپۆرانی زمانی کوردیی وەربگرن و لە ئەگەری نەبوونی وشەی هاوتا و هاوواتای بەرامبەری، سوود لە درووستکردن و داتاشینی وشەی نوێ و بەکارهێنانەوەی وشەی کۆن ببینرێت، هاوکات پلەی دووەمیان؛ بەرێژەی (٤٥,٣٪) بەهەمانشێوە لەگەڵ ئەورایەدان. ئەوەش دەرخەری ئەوراستییەیە کە زۆرینەی دەزگاکانی راگەیاندن سوود لە توێژینەوەکانی ئەکادیمیای کوردیی و پسپۆرانی زمانی کوردیی وەرناگرن، وەکچۆن ئاماژەیە بۆئەوەشی کە گرنگ و پێویستە دەزگاکانی راگەیاندن لەبری وشەی بیانیی وەرگیراو، سوود لە درووستکردن و داتاشینی وشەی نوێ و بەکارهێنانەوەی وشەی کۆنی کوردیی وەربگرن.

زۆرینەی پسپۆرانی زمانی کوردیی لە پلەی یەکەم و بەرێژەی (٦٦٪) زۆر لەگەڵئەوەدان کە پێویستە قەدەغەی ریکلامی ئەو کۆمپانیا و شوێنکارانە بکرێت، کە ناوەکانیان بە وشە و دەستەواژەی بیانیی تۆمارکراون، بۆ نموونە: (بەیبی شۆپ - Baby shop)، پلەی دووەمیشیان؛ بەرێژەی (١٧٪) دیسان پشتگیریی ئەو بۆچوونە ئەکەن. بەوپێیەش بێتریکلامی کۆمپانیا و شوێنکارەکان بە وشە و دەستەواژەی بیانیی کاریگەریی نەرێنی

لەسـەر زمانـی کوردیـی هەیـە و پێویسـتە بەزمانـی کوردیـی بنووسرێـن.

زۆرینـەی بەرتوێـژان لەپلـەی یەکـەم و بەرێـژەی (٦٧,٩٪) زۆر لەگـەڵ ئـەوەدان پەنابرێتەبـەر سـوودوەرگرتن لـە وەرگێڕانـی بیـر و چەمکـەکان و دوورکەوتنـەوە لـە وەرگێڕانـی وشـە بـە وشـە لـە کاری ڕۆژنامەنووسـیی دا. ئەمـەش لەگـەڵ ئـەو ئەنجامـەی توێژینـەوەی (پێشـکەوت مەجیـد محەمـەد: ٢٠٢٢) نایەتـەوە کـە زۆربـەی وەرگرتنـەکان لەشـێوەی دەقـاودەق و بەبـێ دەسـتکاریی بـووە. پلـەی دووەمیشـیان؛ بەرێـژەی (٢٨,٣٪) دیسـان لەگـەڵ ئـەو بۆچوونـەدان. بەپێـی ئەنجامـەکان پێویسـتە ڕۆژنامەنووسـان لـە وەرگێڕانـی وشـە بـە وشـە دووربکەونـەوە ئەوکاتانـەی زانیاریـی و بابـەت لـە زمانـە بیانییـەکان بـۆ نـاو زمانـی کوردیـی وەرئەگـرن، بەڵکـو تەنهـا بیـر و چەمکـەکان وەربگـرن و لەپـاش جێبەجێکردنـی ڕێـکارە پێویسـتەکانی وەرگرتـن وشـە لەزمانـی کوردیـی، ئـەوکات بەشـێوەی هەمیشـەیی وەریبگـرن و بـەکاری بهێنـن.

پلـەی یەکەمـی بەرتوێـژان لـە پسـپۆڕانی زمانی کوردیـی بەرێـژەی (٦٠,٤٪) زۆر لەگەڵئـەوەدان پێویسـتە فەرهەنگی تایبـەت بـە وشـە و دەسـتەواژە و دەربراوەکانـی بـواری ڕاگەیانـدن لـە زمانـی کوردییـدا و پاککردنـەوەی لـە وشـەی خـوازراوی ناپێویسـت دەربچوێنرێـت. هەروەهـا پلـەی دووەمیشـیان بەرێـژەی (٣٢,١٪) پشـتگیریی ئەورایـە ئەکەن و بەگرنـگ باسـیئەکەن. بەپێـی ئـەو ئەنجامـەش: دەرچوواندنـی فەرهەنگـی ڕاگەیانـدن بـە زمانـی کوردیـی کـە وشـە و دەسـتەواژە پێویسـتەکانی تایبـەت بـە بوارەکـە لەخۆبگرێـت، کارێکـی گرنگـە بۆئـەوەی وەرگرتنـی وشـەی بیانیـی لـە بـواری نووسـین و ئاخاوتنـی ڕۆژنامەنووسـیی کەمتریـن کاریگەریـی نەرێنـی لەسـەر زمانـی کوردیـی هەبێـت.

بەرتوێـژان لـە پسـپۆڕانی زمانـی کوردیـی لەپلـەی یەکـەم و بەرێـژەی (٧٥,٥٪) زۆر لەگـەڵ ئـەوەدان کـە پێویسـتە لـە لایـەن میدیاکانـەوە کار لەسـەر درووسـتکردنی هەسـتی شـانازیکردن و متمانەبـوون بـە زمانـی کوردیـی، وەك زمانـی نەتەوەیـی بکرێـت. ئەمـەش لەگـەڵ ئـەو ئەنجامـەی توێژینـەوەی (سـالار فایـەق مەجیـد: ٢٠١٨) یەکئەگرێتـەوە کـە وەرگرتنـی وشـەی بیانیـی بەهـۆی تـرس لـە نەپێکانـی مانـای وشـە بیانییەکـە لـە نـاو زمانـی کوردیـی ئەگەڕێتـەوە. پلـەی دووەمیشـیان بەرێـژەی (١٨,٩٪) لەگـەڵ هەمـان بۆچوونـدان. ئەو ئەنجامـەش ئەکرێت ئـەوەی لێبخوێنرێتـەوە کـە میدیـاکان لەپـاڵ پابەندبـوون بـە سیاسـەت و پلانـی زمانـی لـە وەرگرتنـی وشـەی بیانیـی وەرگیـراو لـە نووسـین و ئاخاوتنەکانیـان، ئەکرێـت لـە ڕێگـەی بەرنامـە و بەرهەمەکانیـان کار لەسـەر ئـەوەش بکەن تاکـی کـورد و بەتایبەتیـش ڕۆژنامەنووسـان متمانەیـان بەوەهەبێـت کـە خـاوەن زمانێکـی دەوڵەمەنـدن و ئەتوانـن لەبـری وشـەی بیانیـی ناپێویسـت بـۆ وشەرەسـەن و پەتییـەکان بگەڕێنـەوە.

پلـەی یەکەمـی پسـپۆڕانی زمانـی کوردیـی بەرێـژەی (٥٦,٦٪) زۆر لەگەڵئـەوەدان کـە پێویسـتە لەلایـەن لایەنـە پەیوەندییـدارەکان هانـدان و خەڵاتـی بەهـادار بـۆ ئـەو ڕۆژنامەنـووس و دەزگا میدیایانـە دابنرێـت، کـە خزمـەت بەزمانـی کوردیـی ئەکـەن لـەرووی پـاراوی و دوورکەوتنـەوە لـە بەکارهێنانـی وشـە و دەسـتەواژەی خـوازراوی ناپێویسـت، پلـەی دووەمیشـیان؛ بەرێـژەی (٣٩,٦٪) دیسـان لەگـەڵ هەمـان بۆچوونـن. ئەنجامەکان پیشـانی ئەدات کـە ئەکرێـت لـە ڕێگـەی دانانـی جۆرێـك لەهاندانـی مەعنـەوی بـۆ ڕۆژنامەنووسـان و دەزگا ڕۆژنامەنووسـییەکان، زمانـی کوردیـی لـە وشـە و دەسـتەواژەی خـوازراوی ناپێویسـت بپارێزرێـت و ئـەوەش بۆخـۆی ئەبێتـە خزمـەت بـە پاراویـی زمانـی کوردیـی.

زۆرینـەی پسـپۆرانی زمانـی کوردیـی بەرێـژەی (٦٤,٢٪) زۆر لەگـەڵ کاراکردنـی پەیوەندیـی و هەماهەنگـی نـاوان بەشـەکانی زمانـی کوردیـی لـە زانکـۆ و ناوەنـدە ئەکادیمییەکانـدان لەگـەڵ فەرمانگـە و دەسـتە و دامەزراوەکانـی راگەیانـدن، بـە ئامانجـی بەهێزکردنـی توانسـتی زمانـی رۆژنامەنووسـان، بەتایبەتی تیمـی رۆژنامەنووسـی دەرەوەی دەزگاکان و ئـەو پەیامنێرانـەی لـە وڵاتانـی دەرەوە کارئەکـەن، پلـەی دووەمیشـیان؛ بەرێـژەی (٣٠,٢٪) دیسـان لەگـەڵ ئـەو تێڕوانینـەدان. ئـەو ئەنجامـەش دەریئەخـات کـە گرنگـە پەیوەندیی لەنـاوان بەشـەکانی زمانـی کوردیی لەناوەنـدە ئەکادیمییـەکان لەگـەڵ دامەزراوەکانـی راگەیانـدن هەبێـت، بەمەبەسـتی بەهێزکردنـی توانسـتی زمانـی کوردیـی لـەلای رۆژنامەنووسـان.

پلـەی یەکەمـی بەرتوێـژان بەرێـژەی (٦٧,٩٪) زۆر لەگەڵئـەوەدان کـە دامەزرانـدن یاخـود کاراکردنـی دەزگای فەرهەنگیـی و جڤاتـی زمانەوانیـی بـۆ بەکوردییکردنـی چەمـك و زاراوەکان بەرێـگای پێـواژۆ و یاسـاکانی وشەسـازی کوردیـی (لیکـدان و هەڵگواسـتن، هتـد.) لەپێنـاو پڕکردنـەوەی کەلێنـی فەرهەنگیـی زمانـی کوردیـی هەمبـەر داهێنـان و پێداویسـتییەکانی سـەردەمی نـوێ پێویسـت و گرنگـە. پلـەی دووەمیشـیان بەرێـژەی (٢٦,٤٪) لەگـەڵ هەمـان ئاراسـتەدان. ئـەو ئەنجامـەش دەریئەخـات کـە دامەزرانـدن و چالاککردنـەوەی دەزگای فەرهەنگیـی و جڤاتـی زمانەوانیـی بـۆ بەکوردییکردنـی چەمـك و زاراوەکان بـە رێگـەی جیـاواز گرنگـە.

بەرتوێـژان لـە پسـپۆرانی زمانـی کوردیـی پلـەی یەکەمیـان بەرێـژەی (٦٠,٤٪) زۆر لەگـەڵ پشـت بەسـتنی رۆژنامەنووسـان بەتوانـا خودییەکانیـان وریزگرتـن لـە زمانـی دایـک و تایبەتمەندییـە شارسـتانیی ورۆشـنبیرییەکانی میللەتەکەیانـدان، پلـەی دووەمیشـیان؛ بەرێـژەی(٣٧,٧٪) لەگـەڵ ئـەو بۆچوونـەدان. لەبەررۆشـنایی ئەنجامـەکان: پێویسـتە رۆژنامەنووسـیی کـورد، لەرێگـەی پەرەپێدانـی توانـا خودییەکانـی خـۆی لـە بـواری زمانـی کوردیـی، رێـز لـە زمانـی دایـك و تایبەتمەندییـە شارسـتانیی و رۆشـنبیرییەکانی میللەتەکەیـان بگرێـت.

زۆرینـەی پسـپۆرانی زمانـی کوردیـی بەرێـژەی (٧٧,٤٪) زۆر لەگـەڵ ئەنجامدانـی تاقیکردنـەوەی توانسـتی زمانـی کوردییـن بـۆ هەمـوو ئـەو رۆژنامەنووسـانەی، کـە ئەیانەوێـت لـە دەزگاکانـی راگەیانـدن کاربکـەن، پلـەی دووەمیشـیان؛ بەرێـژەی (٢٠,٨٪)دیسـان لەگـەڵ ئـەو بۆچوونـەدان. ئـەوەش پیشـانی ئـەدات کـە لەهەرێمـی کوردسـتان لەکاتـی پێدانـی هەلیـکار لـە لایـەن دەزگاکانـی راگەیانـدن بـۆ رۆژنامەنووسـان، توانسـتی زمانـی کوردیی مـەرج و پێـوەر نییـە بـۆ وەرگرتـن، ئـەوەش هەلومەرجێکـی درووسـتنەکردووە کـە تاکـی رۆژنامەنـووس کۆزانیاریـی خـۆی لـە بـواری زمانـی کوردیـی دەوڵەمەنـد بـکات و بەردەوامیـش پـەرەی پێبـدات. بڕوانـە خشـتەی (١٠(

خشتەی (١٠): تێڕوانینی بەرتوێژانی توێژینەوەكە لە پسپۆڕانی زمانی كوردیی سەبارەت بە سیاسەت وپلانی زمانی كوردیی بۆ پەرەوكردنی پەتیخوازیی زمانی كوردیی لە دەزگاكانی راگەیاندن پیشانئەدات.

| برگەكان | ئەگەرەكان | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | لەگەڵیدام زۆر | | لەگەڵیدام | | دڵنیا نیم | | لەگەڵیدانیم | | هەرگیز لەگەڵیدانیم | |
| جێبەجێكردنیسیاسەت و پلانی زمانی كوردیی لە راگەیاندن و دانانی برگەیەكی یاسایی تایبەت بە پەتیخوازیی زمانی كوردیی. | ٢٩ | ٥٤,٧ | ١٦ | ٣٠,٢ | ٤ | ٧,٥ | ٤ | ٧,٥ | ٠ | ٠ |
| خانەكانی وەشاندن و لایەنە راگەیاندنكارییەكان پێویستە وردبینی و بژاركردن و پاكسازی لەو وشە بیانییانە بكەن كە لە زمانی كوردییداهاوتا و هاوواتایان هە یە. | ٢٩ | ٥٤,٧ | ١٩ | ٣٥,٨ | ١ | ١,٩ | ٤ | ٧,٥ | ٠ | ٠ |
| وەزارەتی رۆشنبیری و لایەنە پەیوەندییدارەكان بەدواداچوون و چاودێری دەزگاكانی راگەیاندن بكەن بۆ سنوورداركردن و كەمكردنەوەی رێژەی بەكارهێنانی وشەی بیانیی لە ناو زمانی رۆژنامەنووسیی كوردییدا. | ٢٧ | ٥٠,٩ | ٢٠ | ٣٧,٧ | ٤ | ٧,٥ | ٢ | ٣,٨ | ٠ | ٠ |
| لە دەزگاكانی راگەیاندن وشە وەرگیراوەكانی زمانی ئینگلیزیی، كە سیمایەكی جیهانیان وەرگرتووە، وەك: (كۆمپیوتەر، میتۆد، ڤیتامین)، پێویستە لەكاتی نووسین و دەربڕیندا یاسا وڕێساكانی دەنگسازیی و وشەسازیی زمانی كوردیی بەسەردا بسەپێنرێت. | ٣١ | ٥٨,٥ | ١٦ | ٣٠,٢ | ٢ | ٣,٨ | ٤ | ٧,٥ | ٠ | ٠ |
| پێویستە راگەیاندنەكان بۆ پاراستنی زمانی كوردیی و گرنگیدان بە پەتیخوازیی زمانی، لە بری پەنابردن بۆ قەرزكردنی وشەی بیانیی، سوود لە زارەجیاوازەكانی زمانی كوردیی وەربگرن. | ٣٤ | ٦٤,٢ | ١٨ | ٣٤ | ١ | ١,٩ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ |
| جەختكردنەوەی دەزگاكانی راگەیاندن لە پێویستیی سوودوەرگرتن لە كار و توێژینەوەكانی ئەكادیمیای كوردیی و پسپۆڕانی زمانی كوردیی، لە ئەگەری نەبوونی وشەی هاوتا و هاوواتای بەرامبەری، سوود لە دروستكردن و داتاشینی وشەی نوێ و بەكارهێنانەوەی وشەی كۆن ببینرێت. | ٢٦ | ٤٩,١ | ٢٤ | ٤٥,٣ | ٣ | ٥,٧ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ |
| قەدەغەكردنی ریكلامی ئەو كۆمپانیا و شوێنكارانەی، كە ناوەكانیان بە وشەو دەستەواژەی بیانیی تۆماركراون، بۆ نموونە: (بەیبی شۆپ - Baby shop). | ٣٥ | ٦٦ | ٩ | ١٧ | ٣ | ٥,٧ | ٥ | ٩,٤ | ١ | ١,٩ |
| سوودوەرگرتن لە وەرگێڕانی بیر و چەمكەكان و دووركەوتنەوە لە وەرگێڕانی وشە بە وشە لە كاری رۆژنامەنووسییدا. | ٣٦ | ٦٧,٩ | ١٥ | ٢٨,٣ | ١ | ١,٩ | ٠ | ٠ | ١ | ١,٩ |
| دەرچوواندنی فەرهەنگی تایبەت بە وشە و دەستەواژە و دەربراوەكانی بواری راگەیاندن لە زمانی كوردییدا و پاككردنەوەی لە وشەی خوازراوی ناپێویست. | ٣٢ | ٦٠,٤ | ١٧ | ٣٢,١ | ٢ | ٣,٨ | ١ | ١,٩ | ١ | ١,٩ |
| درووستكردنی هەستی شانازیكردن و متمانەبوون بە زمانی كوردیی،وەك زمانی نەتەوەیی لەلایەن میدیاكانەوە. | ٤٠ | ٧٥,٥ | ١٠ | ١٨,٩ | ٢ | ٣,٨ | ١ | ١,٩ | ٠ | ٠ |
| هاندان و دانانی خەڵاتی بەهادار بۆ ئەو رۆژنامەنووس و دەزگا میدیاییانەی، كە خزمەت بەزمانی كوردیی ئەكەن لەرووی پاراوی و دووركەوتنەوە لە بەكارهێنانی وشە و دەستەواژەی خوازراوی ناپێویست. | ٣٠ | ٥٦,٦ | ٢١ | ٣٩,٦ | ١ | ١,٩ | ٠ | ٠ | ١ | ١,٩ |
| كاراكردنی پەیوەندیی و هەماهەنگی نێوان بەشەكانی زمانی كوردیی لە زانكۆ و ناوەندە ئەكادیمییەكان لەگەڵ فەرمانگە و دەستە و دامەزراوەكانی راگەیاندن، لەرووی كردنەوەی خولی زمانی كوردیی )پاكسازیی زمانی كوردیی (Kurdish Language Purism - بە ئامانجی بەهێزكردنی توانستی زمانی رۆژنامەنووسان، بەتایبەتی تیمی رۆژنامەنووسیی دەرەوەی دەزگاكان و ئەو پەیامنێرانەی لە وڵاتانی دەرەوە كارئەكەن. | ٣٤ | ٦٤,٢ | ١٦ | ٣٠,٢ | ٣ | ٥,٧ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ |
| دامەزراندنی یاخود كاراكردنی دەزگای فەرهەنگی و جڤاتی زمانەوانیی بۆ بەكوردییكردنی چەمك و زاراوەكان بەرێگای پێواژۆ و یاساكانی وشەسازیی كوردیی (لیكدان و هەڵگواستن، هتد...) لەپێناو پڕكردنەوەی كەلێنی فەرهەنگی زمانی كوردیی لەهەمبەر داهێنان و پێداویستییەكانی سەردەمی نوێ. | ٣٦ | ٦٧,٩ | ١٤ | ٢٦,٤ | ٣ | ٥,٧ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ |
| پشت بەستنی رۆژنامەنووسان بە توانا خودییەكانیان ورێزگرتن لە زمانی دایك و تایبەتمەندییە شارستانی ورۆشنبیرییەكانی میللەتەكەیان. | ٣٢ | ٦٠,٤ | ٢٠ | ٣٧,٧ | ١ | ١,٩ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ |
| ئەنجامدانی تاقیكردنەوەی توانستی زمانی كوردیی بۆ هەموو ئەو رۆژنامەنووسانەی، كە ئەیانەوێت لە دەزگاكانی راگەیاندن كاربكەن. | ٤١ | ٧٧,٤ | ١١ | ٢٠,٨ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ١ | ١,٩ |

هەندێك ڕێوشوێنی تر(بەدەر لە خشتەی سەرەوە) لەلایەن پسپۆرانی زمانی کوردیی سەبارەت بە سیاسەت و پلانی زمانی کوردیی بۆ پەرەوكردنی پەتییخوازیی زمانی کوردیی لە دەزگاكانی ڕاگەیاندندا.

دانان و هەبوونی ڕاوێژكاری زمانی کوردیی لە تەواوی دەزگاكانی ڕاگەیاندندا، بەمەبەستی داڕشتنەوە و پێداچوونەوەی هەواڵ و بابەتەکان پێش پێشکەشکردنیان. ئەمەش تەبایە لەگەڵ ئەنجامی توێژینەوەی (ئازاد عەزیز سلێمان: ٢٠٢٢) کە لیژنەی چاودێری لەسەر کەناڵەکان بەتایبەت لە بواری هەڵەچنی نییە.

دەزگایەك هەبێت بۆ ئەوەی زاراوە دابنات.

تەنها ئەو وشانە بەکاربهێنرێن کە مۆرکی جیهانییان وەرگرتووە.

سەرجەم ڕێنمایی و یاساکان بۆ پەتیکردنی زمانی کوردیی لە ژێر هەژموونی دەزگایەك، یان دەستەیەکی پسپۆڕی تایبەت و کارا بێ و ئەو دەستەیەش لە لایەن دەسەڵاتی باڵا (پەرلەمان، وەزارەتەکانی: ناوخۆ، خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستیی، پەروەردە، ڕۆشنبیریی و لاوان) پاڵپشتی بکرێ، بۆ سەپاندن و جێبەجێکردنی.

وشە خواستنەوە لە زمانە بیانییەکان و کورداندنیان و گونجاندنیان لەگەڵ زمانی کوردیی.

تەوەری چوارەم: تێڕوانینی زمانەوانان دەربارەی وەرگرتنی وشە و ئەو هۆکارانەی کە لەپشتی تێڕوانینەکانیانەوەن.

دیدی پسپۆرانی زمانی کوردیی دەربارەی کرانەوەی زمانی کوردیی بەرووی وەرگرتنی وشەی بیانیی و بەکارهێنانی لە کاری ڕۆژنامەنووسیی.

پلەی یەکەمی بەرتوێژان لە پسپۆرانی زمانی کوردیی بەرێژەی (٧٣,٦٪) لەگەڵ کرانەوەی زمانی کوردیین بەڕووی وەرگرتنی وشەی بیانیی و بەکارهێنانی لە کاری ڕۆژنامەنووسییدا، پلەی دووەمیشیان؛ بەرێژەی (٢٦,٤٪) لەگەڵ ئەو کرانەوەیە نین. بەپێی ئەوئەنجامانەش پسپۆرانی زمانی کوردیی لەگەڵ کرانەوەی زمانی کوردیین بەڕووی وەرگرتنی وشەی بیانیی، بەڵام بەشێوەیەکی مەرجدار و لەچوارچێوەی پلان و بەرنامەیەکی گونجاو کە زیان بە زمانی کوردیی نەگەیەنێت. بڕوانە خشتەی (١١).

خشتەی (١١): تێڕوانینی بەرتوێژان لە پسپۆرانی زمانی کوردیی دەربارەی وەرگرتنی وشە و ئەو هۆکارانەی کە لەپشتی تێڕوانینەکانیانەوەن پیشانئەدات.

| ئایا لەگەڵ کرانەوەی زمانی کوردییت بەڕووی وەرگرتنی وشەی بیانیی و بەکارهێنانی لە کاری ڕۆژنامەنووسیی دا؟ | دووبارەبوونەوە | ٪ | پلەبەندیی |
|---|---|---|---|
| بەڵێ | ٣٩ | ٧٣,٦ | یەکەم |
| نەخێر | ١٤ | ٢٦,٤ | |
| کۆی گشتیی | ٥٣ | ١٠٠ | |

تێڕوانینی پسپۆرانی زمانی کوردیی لە بارەی شێوازەکانی کرانەوەی زمانی کوردیی بەڕووی وەرگرتنی وشەی بیانیی و بەکارهێنانی لە کاری ڕۆژنامەنووسییدا. (بەرتوێژان بۆیان هەبووە زیاد لە بژاردەیەك هەڵبژێرن).

زۆرینەی بەرتوێژان لە پسپۆرانی زمانی کوردیی کە لەگەڵ کرانەوەی زمانی کوردیی بەڕووی وەرگرتنی وشەی بیانیی و بەکارهێنانی لە کاری ڕۆژنامەنووسیدان ئاماژەیان بەچەند شێوازێك بۆ وەرگرتن کردووە،

لـە پلـەی یەکـەم و بەرێـژەی (٦٨,٨٪) لەگـەڵ شـێوازی وەرگرتنـی کوردێـنراون کـە مەبەسـت لێـی (گونجاندنـی وشـە وەرگیراوەکـە بەپێـی دەنگسـازیی زمانـی کوردیـی)، ئـەو ئەنجامـەش لەگـەڵ ئەنجامـی توێژینـەوەی (قەیس کاکل تۆفیـق، بەحـری لەتیـف یەحیـا: ٢٠١٨) یەکئەگرێتـەوە، (٤٧,٩٪)شـیان لـە پلـەی دووەم لەگـەڵ گۆڕینـی وەرگیـراون کـە مەبەسـت لێـی (بـە سـوودوەرگرتن لـە واتـای وشـە بیانییەکـە، وشـەیەکی نـاکارای خۆماڵـی، لەبـری وشـە بیانییەکـە بەکارئەهێنرێـت)، پلـەی سـێیەمیان بەرێـژەی (٢٧,١٪) لەگـەڵ شـێوازی ئاوێتەکردنـن کـە مەبەسـت لێـی (وەرگرتنـی وشـە و مۆرفیمـی بیانیـی و ئاوێتەکردنیـان بـە وشـە و مۆرفیمـی خۆماڵـی)، پلـەی چوارەمیشـیان؛ بەرێـژەی (٢٢,٩٪) لەگـەڵ شـێوازی وەرگێڕانـی وەرگیراوەکانـن کـە مەبەسـت لێـی (وەرگێڕانـی واتـای وشـە بە وشـە بەبـێ فـۆرم)، (١٢,٥٪)یشـیان لەپلـەی پێنجـەم لەگـەڵ وەرگێـڕان و گوزارشـتی راڤـەی وەرگیـراون کـە مەبەسـت لێـی (وەرگێڕانـی وشـە بەوشـە بـۆ بەشـێکی وشـە وەرگیراوەکـە ئەکرێـت و بەشـەکەی تریشـی بەپێـی کارایـی و تایبەتمەنـدی وشـەکە گوزارشـتی لێئەکرێـت)، پلـەی شەشـەمیان؛ بەرێـژەی (١٠,٤٪) لەگـەڵ شـێوازی وەرگرتنـی دەقـاودەق (وەرگرتنـی وشـەی بیانیـی بەبـێ دەسـتکاری) و پلـەی حەوتـەم و کۆتاییشـیان؛ بەرێـژەی (٨,٣٪) یشـیان لەگـەڵ شـێوازی وەرگرتنـی فـۆرمی وشـەن کـە مەبەسـت لێـی (فـۆرمی وشـەکە وەرئەگیرێـت و واتاکـەی ئەگـۆڕدرێـت) بـۆ وەرگرتنـی وشـەی بیانیـی لـە بـواری رۆژنامەنووسـیی دا. بەپێـی ئـەو ئەنجامانـەش: چەندیـن شـێوازی جیاجیـا بـۆ وەرگرتنـی وشـەی بیانیـی هـەن و هەریەکەیـان خاوەنـی تایبەتمەنـدی و لایەنـی ئەرێنـی و نەرێنـی خۆیانـن، بـەڵام ئەوانەیـان بـۆ وەرگرتنـی وشـەی بیانیـی لەبـواری نووسـین و ئاخاوتنـی رۆژنامەنووسـیی باشـترن بریتیـن لـە شـێوازی (وەرگرتنـی کوردێـنراو) و شـێوازی (گۆڕینـی وەرگیـراو). بڕوانـە خشـتەی (١٢).

خشـتەی (١٢): تێڕوانینـی پسـپۆڕانی زمانـی کوردییلـە بـارەی شـێوازەکانی کرانـەوەی زمانـی کوردیـی بـەرووی وەرگرتنـی وشـەی بیانیـی و بەکارهێنانـی لـەکاری رۆژنامەنووسـیی پیشـانئەدات.

| بژاردەکان | دووبارەبوونەوە | ٪ | پلەبەندیی |
|---|---|---|---|
| وەرگرتنی دەقاودەق: (وەرگرتنی وشەی بیانیی بەبێ دەستکاریی) | ٥ | ١٠,٤ | شەشەم |
| وەرگرتنـی کوردێـنراو: (گونجاندنـی وشـە وەرگیراوەکـە بەپێـی دەنگسـازیی زمانـی کوردیـی) | ٣٣ | ٦٨,٨ | یەکەم |
| وەرگێڕانی وەرگیراوەکان: (وەرگێڕانی واتای وشە بە وشە بەبێ فۆرم) | ١١ | ٢٢,٩ | چوارەم |
| وەرگرتنـی فـۆرمی وشـە: (فـۆرمی وشـەکە وەرئەگیرێـت و واتاکـەی ئەگـۆڕدرێـت) | ٤ | ٨,٣ | حەوتەم |
| ئاوێتەکـردن: (وەرگرتنـی وشـە و مۆرفیمـی بیانیـی و ئاوێتەکردنیـان بـە وشـە و مۆرفیمـی خۆماڵـی) | ١٣ | ٢٧,١ | سێیەم |
| گۆڕینـی وەرگیـراو: (بەسـوودوەرگرتن لـە واتای وشـە بیانییەکە، وشـەیەکی نـاکارای خۆماڵـی، لەبـری وشـە بیانییەکـە بەکارئەهێنرێت) | ٢٣ | ٤٧,٩ | دووەم |
| وەرگێـڕان و گوزارشـتی راڤـەی وەرگیـراو: (وەرگێڕانـی وشـە بەوشـە بـۆ بەشـێکی وشـە وەرگیراوەکـە ئەکرێـت و بەشـەکەی تریشـی بەپێـی کارایی و تایبەتمەنـدی وشـەکە گوزارشـتی لێئەکرێـت) | ٦ | ١٢,٥ | پێنجەم |
| کۆی گشتیی | ٤٨ | ١٠٠ | |

ئەو هۆکارانەی وەها ئەکەن بەشێکی پسپۆرانی زمانی کوردیی وەرگرتنی وشەی بیانیی و بەکارهێنانیان لە بواری کاری رۆژنامەنووسیی لاپەسەند بێت.

هەندێك فۆرم جیهانین و مەرج نییە هەموو وەرگرتنێك زەرەری بۆ زمانەکە هەبێت، بەپێچەوانەوە وەرگرتنی وشەی بیانیی، نیشانە و ئاماژەی زیندوویێتی و چالاکیی زمان پیشان ئەدات و دەوڵەمەندیشی ئەکات.

هەندێجار زاراوەی زانستیی پێویستە، وەکخۆی وەربگیرێت (پێویستی بە وەرگرتنی زانست و زانیاری).

نەبوونی وشەی کوردیی لە بەرامبەر وشە بیانییەکە یاخود ئەو وشەیە مۆرکێکی جیهانی هەیە.

هیچ زمانێك ناتوانێت دوورەپەرێز لە زمانەکانی تر بوەستێت و بێ سوودوەرگرتن لەوانی تر بەردەوام بێت، چونکە تەندرووستیی زمان وایە پێشی لێ ناگیرێت.

فراوانکردنی فەرهەنگیی کوردیی کەمی داهێنان لای کورد وائەکات وشەکانی زمانی بەشی داهێنانی ئامرازو کەرەستەکان و بیرەکان نەکات لای نەتەوەکانی تر کە بەکارئەهێنرێن.

پێویستیی سەردەم، رۆشتن و جێگیربوونی هەندێك فۆرمی زمانی، کە ئاسان نییە جێگەیان بگیرێتەوە.

زمان سرکە و توانای گرتنی نییە نەلای ئاخێوەران و نەبەندکردنی بەپێی هیچ یاسایەکی دیاریکراو.

هەندێك وشەی بیانیی هەن، بەرامبەریان لە زمانی کوردییدا نییە، ناچاری ئەو وشانە وەربگری و بەکاریانبهێنیت، وەك:رادیۆ، تەلەفزیۆن، تەلەفۆن، مۆرفیم.

هۆکاری گشتگیرێتیی، هۆکاری لێکنزیکبوونەوەی زمانی کوردیی لە زمانەکانی تر، هۆکاری زەنگینبوونی فەرهەنگی زاراوەی کوردیی. ئەم ئەنجامەش لەگەڵ ئەنجامی توێژینەوەی (پێشکەوت مەجید محەمەد: ٢٠٢٢) یەکئەگرێتەوە کە هەندێکجار وەرگرتن دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی زمانی کوردیی لێئەکەوێتەوە.

زمان سەربەخۆیە و خۆڕسکانە وشەکان وەرئەگرێت و لە هەمان کاتدا رەتئەکاتەوە، هەوڵدان بۆ ئاراستەکردنی زمان بە پشتگیریی ئەکرێت، نەك بە دژایەتیی وشە و زمانەکانی تر، خودی ئەو ترس و سڵەمینەوەیە لە وشەی بیانیی جۆرێکە لە هەست بە لاوازیکردن.

هیچ زمانێك نییە بتوانێت بە تەنها گوزارشت لەو هەموو گۆڕانکاریی پێشکەوتنانە بکات کە لە کۆمەڵدا رووئەدات. بۆیە تەریب لەگەڵ گۆرانکارییەکانی کۆمەڵدا ئەگۆڕێت و گەشە ئەکات بۆیە هەندێجار پێویستی بە وەرگرتنی وشەی بیانیی ئەبێت و پێویستە وەریبگرێت.ئەمەش تەبایە لەگەڵ ئەنجامی توێژینەوەکانی: (پێشکەوت مەجید محەمەد: ٢٠٢٢)، (قەیس کاکل تۆفیق، بەحری لەتیف یەحیا: ٢٠١٨).

ئەنجامەکان

(تەوەری تایبەت بە تێڕوانینی پسپۆرانی زمانی کوردیی سەبارەت بە سیاسەت و پلانی زمانی کوردیی بۆ پیرەوکردنی پەتییخوازیی زمانی کوردیی لە دەزگاکانی راگەیاندن).

پسپۆرانی زمانی کوردییرایان وەهایە کە وەرگرتن و بەکارهێنانی وشەی بیانیی لەلایەن رۆژنامەنووسان چەندین لێکەوتەی خراپ و نەرێنی لەسەر زمانی کوردییئەبێت، لەوانە: درووستکردنی مەترسی لەسەر ئاسایشی زمان، درووستبوونی زمانی ستانداردی کوردیی، هەروەها درووستبوونی دووهێندەییکردنی وشە لە زمانی کوردیی و گواستنەوەی کەلتووری زمانی بەخشەر و هاتنەکایەی گرفتی گەیاندنی پەیام و تەمومژی واتایی بۆ وەرگران.

سـەبارەت بـە سیاسـەت و پلانـی زمانـی کوردیـی بـۆ پیرەوکردنـی پەتییخوازیـی زمانـی کوردیـی لـە دەزگاکانـی راگەیانـدن، پسـپۆرانی زمانـی کوردیـی ئاماژەیـان بـە پێویسـتی گرتنەبـەری چەندیـن رێـکار کـردووە، لەوانـە: خانەکانـی وەشـاندن و لایەنـە راگەیاندنکارییـەکان وردبینـی و بژارکـردن و پاکسـازی لـەو وشـە بیانییانـە بکـەن کـە لـە زمانـی کوردییـدا هاوتـا و هاوواتایـان هەیـە، سـنووردارکردن و کەمکردنـەوەی رێـژەی بەکارهێنانـی وشـەی بیانیـی، وشـە وەرگیراوەکانـی زمانـی ئینگلیزیـی، کـە سـیمایەکی جیهانییـان وەرگرتـووە، لەکاتـی نووسـین و دەربڕینـدا یاسـا ورێسـاکانی دەنگسـازی و وشەسـازیی زمانـی کوردیـی بەسـەردا بسـەپێنرێت، لـە بـری پەنابـردن بـۆ قەرزکردنـی وشـەی بیانیـی، سـوود لـە زارە جیاوازەکانـی زمانـی کوردیـی وەربگیرێـت، لەگـەڵ قەدەغـەی ریکلامـی ئـەو کۆمپانیـا و شـوێنکارانەی، ناوەکانیـان بـە وشـە و دەسـتەواژەی بیانیـی تۆمارکـراون، دامەزرانـدن یاخـود کاراکردنـی دەزگای فەرهەنگـی و جڤاتـی زمانەوانیـی بـۆ بەکوردییکردنـی چەمـك و زاراوەکان و دانانـی فەرهەنگـی تایبـەت بـە وشـە و دەسـتەواژە و دەربراوەکانـی بـواری راگەیانـدن، هەروەهـا ئەنجامدانـی تاقیکردنەوەی توانسـتی زمانـی کوردییـن بـۆ هەمـوو ئـەو رۆژنامەنووسـانەی، کـە ئەیانەوێـت لـە دەزگاکانـی راگەیانـدن کاربکـەن.

پسـپۆرانی زمانـی کوردیـی لەگـەڵ کرانـەوەی زمانـی کوردییـن بـەرووی وەرگرتنـی وشـەی بیانیـی و بەکارهێنانـی لە کاری رۆژنامەنووسـیی و باوەڕیشـیان وەهایـە کـە شـێوازی (وەرگرتنـی کوردێـنراو) و شـێوازی (گۆڕینـی وەرگیـراو) لـە گونجاوتریـن رێگەکانـی وەرگرتنـی وشـەی بیانییـن لـە بـواری رۆژنامەنووسـیی دا.

## ئەنجامە گشتییەکانی توێژینەوە

توێژینەوەکـە لـە هـەردوو تـەوەری پەیوەسـت بـە رۆژنامەنووسـان و تـەوەری پەیوەسـت بـە پسـپۆرانی زمانـی کوردیـی، بەچەندیـن ئەنجامـی زانسـتیی گەیشـتووە، لـە خـوارەوە زۆر بەکورتـی چەنـد ئەنجامێـك بـۆ هـەر تەوەرێکیـان ئەخەینـەڕوو:

یەکـەم: ئەنجامەکانـی پەیوەسـت بـە تێڕوانینـی رۆژنامەنووسـان سـەبارەت بـە وەرگرتـن و بەکارهێنانـی وشـەی بیانیـی لـە بـواری کارەکەیـان و پاڵنـەر و هۆکارەکانـی پشـت ئـەو دیاردەیـە.

رۆژنامەنووسـانی هەرێمـی کوردسـتان بەرێـژەی (٧٢,٤٪) لەکاتـی ئاخاوتـن و نووسـینی رۆژنامەنووسـیی، وشـەی وەرگیـراوی بیانیـی بەکارئەهێنـن و رێـژەی (٨٨,١٪)یشـیان بەئاگایـی و بەمەبەسـت ئـەو کارە ئەکـەن.

رێـژەی (٦٥,٥٪) رۆژنامەنووسـانی هەرێمـی کوردسـتان لـەو دەزگا راگەیاندنـەی کـە کاری تێدا ئەکـەن، سیاسـەت و پلانـی زمانەوانیـی سـەبارەت بـە پەتییخوازیـی زمانـی کوردیـی پێڕەوئەکرێـت، لەرێگەیـەوە پاکسـازی لـەو وشـە بیانییانـە ئەکرێـت کـە هاوتـا و هاوواتاکـەی لـە زمانـی کوردییـدا هەیـە، رێـژەی (٣٤,٥٪)یشـیان ئەورێـکارە لـە دەزگاکانیـان نابینـن.

(٤٤,٨٪) رۆژنامەنووسـان (زۆر لەگـەڵ ئـەوەدان) هـۆکار و پاڵنـەری بەکارهێنانـی وشـەی وەرگیـراوی بیانیـی لەلایـەن رۆژنامەنووسـان بـۆ هەسـت بەکەمـی و متمانەنەبـوون بـە زمانـی کوردیـی لەلایـەن ئـەو بەشـەی کۆمـەڵ ئەگەڕێتـەوە، (٢٧,٦٪)یشـیان لـە پلـەی دووەم دیسـان لەگـەڵ ئـەو پاڵنـەرەدان.

رێـژەی (٥٥,٢٪)ی رۆژنامەنووسـان (لەگـەڵ ئـەوەدان) هـۆکاری بەکارهێنانـی وشـەی وەرگیـراوی بیانیـی لەلایـەن رۆژنامەنووسـان بـۆ دەسەڵاتەشـکانەوەی رۆژنامەنـووس بەسـەر بەکارهێنانـی زمانـی کوردیـی ئەگەڕێتـەوە، پلـەی

دووەمیشیان؛ بەرێژەی (٤١,٤٪)، (زۆر لەگەڵ ئەو هۆکارەدان).

زۆرینەی رۆژنامەنووسانی هەرێمی کوردستان بەرێژەی (٤١,٤٪)، لەگەڵ ئەو پاڵنەرەدان کە رۆژنامەنووسان بۆ پەردەپۆشکردنی لایەنە تابووییەکانی هەندێك وشە لە زمانی کوردییدا، پەنا بۆ بەکارهێنانی وشەی بیانییئەبەن، پلەی دووەمیشیان؛ بەرێژەی (٣١٪)، زۆر لەگەڵ ئەورایەدان.

دووەم: تێڕوانینی پسپۆرانی زمانی کوردیی سەبارەت بە سیاسەت و پلانی زمانی کوردیی بۆ پەیڕەوکردنی پەتییخوازیی زمانی کوردیی لە دەزگاکانی راگەیاندن.

(٤١,٥٪) پسپۆرانی زمانی کوردیی بە هەڵبژاردەکانی بژاردەکانی: (زۆر لەگەڵیدام) و (لەگەڵیدام)، باوەڕیان وەهایە: وەرگرتن و بەکارهێنانی وشەی بیانیی لە بواری راگەیاندندا، بەبێ مەرج و پلانی زمانی، کاریگەریی نەرێنی لەسەر درووستبوونی زمانی ستانداردی کوردیی ئەبێت.

زۆرینەی پسپۆرانی زمانی کوردیی بەرێژەی (٥٠,٩٪)، (لەگەڵ ئەوەدان)؛ وەرگرتن و بەکارهێنانی وشەی بیانیی لە راگەیاندنەکان لەبری وشە پەتییە کوردییەکان، ئەگەرێکە بۆدرووستبوونی دووهێندەییکردنی وشە لە زمانی کوردیی، پلەی دووەمیشیان؛ بەرێژەی (٤٧,٢٪) دیسان زۆر لەگەڵ ئەو بۆچوونەدان.

پلەی یەکەمی بەرتوێژان بەرێژەی (٥٤,٧٪)، زۆر لەگەڵ جێبەجێکردنی سیاسەت و پلانی زمانی کوردییین لە راگەیاندن، لەگەڵ دانانی بڕگەیەکی یاسایی تایبەت بە پەتییخوازیی زمانی کوردیی، پلەی دووەمیشیان؛ بەرێژەی (٣٠,٢٪) دیسان لەگەڵ ئەو ئاراستەیەدان.

پسپۆرانی زمانی کوردیی بەرێژەی (٥٤,٧٪)، (زۆر لەگەڵ ئەوەدان) خانەکانی وەشاندن و لایەنە راگەیاندنکارییەکان وردبینی و بژارکردن و پاکسازی لەو وشە بیانییانە بکەن کە لە زمانی کوردییدا هاوتا و هاوواتایان هەیە، پلەی دووەمیشیان بەرێژەی (٤٥,٨٪) پشتگیری لەورایە ئەکەن.

(٥٨,٥٪) بەرتوێژان لە پسپۆرانی زمانی کوردیی، (زۆر لەگەڵ ئەوەدان) لە دەزگاکانی راگەیاندن وشە وەرگیراوەکانی زمانی ئینگلیزیی، کە سیمایەکی جیهانییان وەرگرتووە، لەکاتی نووسین و دەربڕیندا یاسا وڕیساکانی دەنگسازیی و وشەسازیی زمانی کوردیی بەسەردا بسەپێنرێت، پلەی دووەمیشیان؛ بەرێژەی (٣٠,٢٪) لەگەڵ ئەو بۆچوونەدان.

زۆرینەی بەرتوێژان لەپلەی یەکەم و بەرێژەی (٦٧,٩٪)، (زۆر لەگەڵ ئەوەدان) پەنابرێتەبەر سوودوەرگرتن لە وەرگێڕانی بیر و چەمکەکان و دوورکەوتنەوە لە وەرگێڕانی وشە بەوشە لە کاری رۆژنامەنووسیی، پلەی دووەمیشیان؛ بەرێژەی (٢٨,٣٪) لەگەڵ ئەو بۆچوونەدان.

پسپۆرانی زمانی کوردیی بەرێژەی (٧٣,٦٪) لەگەڵ کرانەوەیزمانیکوردیین بەڕووی وەرگرتنی وشەی بیانیی و بەکارهێنانی لە کاری رۆژنامەنووسییدا، پلەی دووەمیشیان؛ بەرێژەی (٢٦,٤٪) لەگەڵ ئەو کرانەوەیە نین. زۆرینەی بەرتوێژان لە پسپۆرانی زمانی کوردیی کە لەگەڵ کرانەوەی زمانی کوردیی بەرووی وەرگرتنی وشەی بیانیی و بەکارهێنانی لەکاری رۆژنامەنووسیی، بەرێژەی (٦٨,٨٪) لەگەڵ شێوازی وەرگرتنی کوردێنراو (گونجاندنی وشە وەرگیراوەکە بەپێی دەنگسازیی زمانی کوردیی) و (٤٧,٩٪)شیان لە پلەی دووەم لەگەڵ گۆڕینی وەرگیراو (بەسوودوەرگرتن لە واتای وشە بیانییەکە، وشەیەکی ناکارای خۆماڵی، لەبری وشە بیانییەکە بەکارئەهێنرێت)دان.

## پێشنیاز وراسپاردەکان

سـەرباری هەمـوو ئەورێکارانـەی لـە میانـەی توێژینەوەکـە و تایبـەت بـە سیاسـەت و پلانـی زمانی بـۆ پەیڕەوکردنی پەتییخوازیـی زمانـی کوردیـی لـە دەزگاکانـی راگەیانـدن خراونەتـەڕوو، توێـژەران بەپێویسـتی ئەزانـن چەنـد پێشـنیاز وراسـپاردەیەکی تریـش بخەنـەڕوو.

١. پێکهێنانـی ئەنجوومەنێکـی زانسـتیی نیشـتیمانیی لەنـاوان وەزارەتـی خوێندنـی بـاڵا و توێژینـەوەی زانسـتیی و وەزارەتیرۆشـنبیری و لایەنـە پەیوەندییدارەکانـی تـر بەئامانجـی پاراسـتنی سـەلامەتی و درووسـتی زمانـی کوردیـی. هەروەهـا درووسـتکردنی هەماهەنگـی و پەیوەندییـی خوولـی لەنـاوان ناوەنـدە ئەکادیمییەکانـی زمانـی کوردیـی و دەزگاکانـی راگەیانـدن لـە پرسـی وەرگرتـن و بەکارهێنانـی وشـە تەنانـەت دەسـتەواژەی بیانیـی و گرتنەبـەری هەرڕێـگا ورێکارێـك کـە ئـەو ئەنجوومەنـە لەسـەر ئـەو پرسـە پەسـەندی ئـەکات و جێبەجێکردنـی لـە لایـەن دەزگاکانـی راگەیانـدن لـە هەرێمـی کوردسـتان.

٢. جێبەجێکردنـی رێنمایـی و راسـپاردەکانی کـۆڕی زانیـاری کـورد و هـەر ناوەندێکـی تـری زانسـتیی و ئەکادیمـی لـە بـارەی زمانـی کوردیـی لەلایـەن دەزگاکانـی راگەیانـدن و بەچاپگەیاندنـەوەی هەمـوو ئـەو بەرهەمـە زانسـتییە بەپێزانـەی ئەتوانـن خزمـەت بەڕەوشـی زمانـی کوردیـی لەبـواری میدیـا بکـەن.

٣. نووسـینەوەی توێژینـەوە زانسـتییەکان لـە زانکـۆکان لـە بـواری زانسـتە کرداریـی و پەتییـەکان بـە زمانـی کوردیی و بـە ئامانجـی دەرخسـتنی دەوڵەمەندیـی وشـەی زمانـی کوردیـی لـەو بوارانـە و پڕکردنـەوەی کەلێنـەکان، ئەگـەر هە بێت .

٤. سـپاردنی کاری وەرگێـڕان و سـازاندن لـە کەناڵەکانـی راگەیانـدن بـەو رۆژنامەنووسـانەی شـارەزایی و لێهاتوویـی زانسـتییان لەبـواری زمانـی کوردیـی هەیـە.

٥. پێداچوونـەوە بـە پرۆگرامەکانـی بـواری پـەروەردە و فێرکـردن و تەریبکردنـی بـە چاندنـی هەسـتی بەهێـزی و دەوڵەمەنـدی و خۆشویسـتنی زمانـی کوردیـی لەلایـەن تاکـی کـوردەوە.

٦. پێشخسـتن و بەکارهێنانـی وشـە پەتییـە کوردییـەکان لەبەرامبـەر وشـە نوێیـەکان ئەگـەر لەنـاو خەڵـك نـاسراو بـوون.

٧. دەرچوواندنـی ناميلكـە و گۆڤـار و کتێبـی زانسـتیی لـە بـارەی دەوڵەمەندیـی زمانـی کوردیـی لـەرووی ژمـارەی وشـە و زاراوە و پێویسـتی بەکارهێنانـی لـە بـواری راگەیانـدن.

٨. ئەنجامدانـی توێژینـەوەی زانسـتیی بـەراوردکاری لەنـاوان ئاسـتی وەرگرتـن و بەکارهێنانـی وشـەی وەرگیـراوی بیانیـی لـە بـواری راگەیانـدن لـە هەرێمـی کوردسـتان بەتایبـەت وشـەی زمانەکانـی: (عەرەبیـی، ئینگلیزیـی).

٩. ئەکرێـت ئـەم توێژینەوەیـە بەجیـا و بەشـێوەی بەراوردکاریـش لەسـەر وەرگرتـن و بەکارهێنانـی وشـەی وەرگیـراوی بیانیـی لـە جـۆرە جیاوازەکانـی راگەیانـدن لـەڕووی ئامـراز (رۆژنامە،رادیـۆ و تەلەڤزیـۆن، میدیـای نـوێ) ئەنجامبدرێـت.

# Abstract:

This study is entitled: (Borrowing Word and its use related to Media in the Kurdistan Region - A Field Study). The main objective is to determine the attitude of journalists towards the Borrowing word and its use in their profession, to get the reasons and motivations for using foreign words by journalists, and to identify the consequences of using foreign words in the Kurdish language related to Kurdish media from the perspective of Kurdish language experts. This study is the descriptive research and the survey method through the creation of (two) survey forms that have been used journalists of media agencies and Kurdish language (٥٨) and distributed to journalists, including .Kurdish language experts in universities in the Kurdistan Region (٥٣) experts, including

This study reached several scientific conclusions: The majority of journalists in the Kurdistan Region believe that (yes) it is a good thing to use foreign words in their work, but the second (٪٤٨,٣) answered (no). Regarding the consequences of this phenomenon on the Kurdish (٪٤٤,٨) place for each option (I agree very much) and (I agree), (٪٤١,٥) language, Kurdish language experts believe that the borrowing word and its use in the media, without language conditions and plans, of them agree that the use (٪٥٠,٩) It will harm the formation of the standard Kurdish language and of foreign words in the media instead of Kurdish words is a possibility for the formation of word doubling in Kurdish, Etc., but the majority of Kurdish language experts are in favour of openness Kurdish language in term of borrowing word and their use in journalism. Kurdish language experts secondly ,(٪٦٨,٨) indicated that most types of borrowing a word, firstly substituted lexical word but a small number of Kurdish language experts ,(٪٢١,٧) thirdly is loan blending ,(٪٤٧,٩) loan shift .are in favour of importing loan word exactly and without modification (٪١٠,٤)

## سەرچاوەکان

## یەکەم: توێژینەوە زانستییەکان

أ- بڵاونەکراوەکان

-بەزمانی کوردیی

١- ئازاد عەزیز سلێمان: سیاسەت و پلانی زمان لە راگەیاندندا، تێزی دکتۆرا، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەڵاحەدین، هەولێر، ٢٠٢٢.

٢- پێشکەوت مەجید محەمەد: خواستنی زمانی لە زمانی کوردیی دا (ژەهری زمانی وەک نموونە)، تێزی دکتۆرا، کۆلیژی زمان، زانکۆی سلێمانی، ٢٠٢٢.

٣- تابان محەمەد سەعید: گەشەسەندن و پوکانەوەی گەنجی وشە لە زمانی کوردیی دا، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی، ٢٠٠٨.

٤- چۆلی ئەسعەد جراد: زمان لە راگەیاندنی بینراودا، نامەی ماستەر، بڵاونەکراوە، زانکۆی سلێمانی: کۆلێجی

زمـان، بەشـی زمانـی کوردیـی، ٢٠١٣.
٥- محەمەد مەجید سەعید: فەرهەنگ و پرۆسەی بە لێکسێمبوون، نامەی ماستەر، زانکۆی سلێمانی، ٢٠١٥.

بەزمانی ئینگلیزیی
Dashne Azad, (٢٠١٧), Diachronic Study of English Loan word in the central Kurdish Dialect in Media Political Discourse, Thesis of Doctor, University of Leicester.
saad salem alshamrani, (٢٠١٧), English Borrowings in Saudi an Arabian Newspaper, Thesis of Doctor, university of Aberdeen.
ب- بڵاوکراوەکان
- بەزمانی کوردیی
٩- سـالار فائـق مجیـد: وشـە ئینگلیزییـە بەکارهاتـووەکان لـە زمانـی کوردییـدا، گۆڤـاری زانکـۆی گەرمیـان، خـوول (٦)، ژ. (١).
١٠- قەیـس کاکل تۆفیـق و بەحـری لەتیـف یەحیـا: پەتییخوازیـی لـە زمانـی کوردییـدا، گۆڤـاری تویـژەر، زانکـۆی سـۆران، بەرگـی (١)، ژ.(١).
- بە زمانی عەرەبیی
١١- أكـرم محمـد خليـل: أثـر وسـائل الإعـلام في اللغـة العربيـة، مجلـة الحكمـة للدراسـات الأدبيـة واللغويـة، المجلـد (١٠)، العـدد (٣)، ٢٠٢٢.
- بەزمانی ئینگلیزیی
١٢- Curnow, Timothy Jowan, (٢٠٠١), What Language Features Can is “Borrowed”? Areal Diffusion and Genetic inheritance: problems in comparative linguistics, Oxford University press.

## دووەم: کتێب

- بەزمانی کوردیی
١٣- جەعفەر شێخولئیسلامی: وتووێژ لەگەڵ د. جەعفەر شێخولئیسلامی، گۆڤاریتیشک، ژمارە ٦٣، ٢٠٢٢.
١٤- فاروق عومەر سدیق: قەرزی وشە، چاپخانەی چوارچرا، چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠٢٠.
١٥- محەمـەدی مەحـوی: مۆرفۆلۆژیـی و بەیەکداچوونـی پێکهاتەکان»مۆرفۆلۆژیـی کوردیـی»، بەرگـی یەکهـەم و دووهـەم، چاپـی یەکهـەم، سـلێمانی، ٢٠٢١.

## بەزمانی ئینگلیزیی

١٦- Berkeley, (١٩٩٩), London: University of California Press. Trask, Robert Lawrence: The Key Concept of Language and Linguistics, Rout ledge, London and New York.
George Thomas, (١٩٩١), Linguistic Purism, Longman, London.

Haugen, E, (١٩٥٠), 'the Analysis of Linguistic Borrowing', Language, ٢٦ (٢).
Hudson, G., (٢٠٠٠), Essential introductory linguistics. Malden, Mass; Oxford: Blackwell Publishers.
Tadmor, and U, Haspelmath & M, (٢٠٠٩), Loanwords in the world's languages: a comparative handbook. Walter de Gruyter.
Thomason, S.G. and Kaufman, (١٩٨٨), T: Language contact, realization and genetic linguistics.
Trask, Robert Lawrence (١٩٩٩), Key Concept in Language and Linguistics, Rutledge, London.
سێیەم: سەرچاوە ئەلیکترۆنییەکان
٢٣- بەختیار سجادی: بەروخسەتی مەسعود محەمەد، ماڵپەڕی زانستی زمان و مەنامەی کوردیی، رۆژی وەرگرتن (٢٠٢٢/١٢/٨)، بەردەستە لەسەر ئەم بەستەرەی خوارەوە:
D٩%A٧%D٨%B٢%D٨%/١١١٨٣٧١٢١٥٨٤٦٨٩/https://www.schoolandcollegelistings.com/IQ/Unknown)
%٨٦%D٩%٩٥%DB%٨٥%D٩%-٨٨%D٩%-٨٦%D٩%A٧%D٨%٨٥%D٩%B٢%٨C-%D٨%AA%DB%D٨%B٣%D٨%٨٦%
.)٨C%٨C%DB%AF%DB%D٨%B١%D٨%٨٨%D٩%٨C-%DA%A٩%DB%٩٥%DB%٨٥%D٩%A٧%D٨
٢٤- (لاپەڕەیرادیۆی نالیا ئێف ئێم لە فەیسبووك: ٢٠٢٣)، رۆژی وەرگرتن (٢٠٢٣/٢/١٥)، بەردەستە لەسەر ئەم بەستەرەی خوارەوە:
extid=CL-UNK-UNK-UNK-?/١٤١٩٢٦٩٧٣٨٨٧٨٢٩٥/https://www.facebook.com/NaliaFM/videos)
.)١YhcI٩R&ref=sharing=AN_GK٠T-GK١C&mibextid